# آموزش زبان کردی

## کتاب بزرگسالان

برگرفته از سایت:

www.kurdi.info

# گەنمە هومێد

عەلی حەسەنیانی (هاوار) 1939 – 1992



لەوەتی مرۆڤ هاتۆتە سەر دنیا هەمیشە هەوڵی داوە بۆ لابردنی نیازی خۆی و بۆ وەدیهێنانی ژیانێکی باشتر، لە تەبیعەت کەڵک وەرگرێ. جا چ لەو سەردەمەی کە لە نێو ئەشکەوت و لێرەوارانداژیاوە، چ لە پلەکانی ئاژەڵداری، بەردەداری و زەویداری و سەنعەت دا، تا ئێستا هەر تێکۆشاوە دار و گیاوگۆڵ و ئاو و ئەرد و هەوا و گیانلەبەر و...، بە سوودی خۆی بخاتە کار. دار و دەوەن و گیاوگۆڵ نەخشێکی گرینگیان لە ژیانی مرۆڤ دا هەبووە. کەڵک وەرگرتن لە میوە و گیا و گۆڵی بەکەڵک بە هەزاران و بە میلیۆنان ساڵ ئەزموون بەرەبەرە بە ئێمە گەیشتووە. دیارە هەموو چەشنە میوە و گیاوگۆڵێک لە هەموو شوێنێک دا وەدەست نایە و پەیوەندیی بە چەشنی ئاو و هەوای شوێنە جۆربەجۆرەکان هەیە. هێندێک تایبەتی وڵاتە گەرمێنەکانن و هێندێکیش تەنیا لە کوێستانەکان دەست دەکەون.

بێجگە لە ساردی و گەرمیی شوێنەکان زۆر هۆی دیکە، وەک تەڕی و ویشکیی هەوا، جۆری خاک و...، لە وەدیهاتنی بەرهەمەکاندا کاریین. لە لایەکی تر، زۆر -


Copyright © Kurdi.fi




بەرهەمی کشتوکاڵیی هەن کە لە شوێنێکی تایبەتی هەبوون و وردە وردە بۆ شوێنەکانی تر چوون، وەک "چا" کە یەکەم جار لە "هیند" وەدەست هات و لەوێوە بۆ وڵاتە گەرم و تەڕەکانی دنیا پەرەی ئەستاند. یان "سێوک" کە لە ئەمریکاوە بە دنیادا بڵاو بۆوە.

لە کوردستاندا بە هۆی هەبوونی ئاوی زۆر و خاکی پڕ پیت و هەوایەکی نە زۆر گەرم و نە زۆر سارد هەموو چەشنە میوە و دەخڵ و دانی تایبەتی ئەو مەڵبەندەی بە باشی تێدا بار دێ کە خەڵاتی تەبیعەتی بەهەشتیی و ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی پێشینیانمانە. بێجگە لەو بەرهەمانەی کە تا ئێستا وەدەست هاتوون چیا و پێدەشتەکانی کوردستان پڕن لە گیا و گۆڵی جۆراوجۆر کە بەداخەوە زۆر کەم کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەگەر بەرنامەیەکی دروست و تایبەتیی بۆ ئەو کارە تەرخان بکرێ و وردبینییەکی زۆرتری لێ وەکار بخرێ هەموو چەشنە گوڵ، عەتر، ڕەنگ، خواردەمەنی، دەرمان و پێداویستیی سەنعەتیی لێ وەدەست دەخرێ. لێڕەوارەکانی کوردستانیش کانگایەکی پڕپیت و بایەخن کە دەکرێ بەرهەمی زۆر بەکەڵکیان لێ وەچنگ خەن.

یەکێک لە بەرهەمەکانی چیا و پێدەشتەکانی کوردستان، کە بۆ وڵاتەکانی دیکەش چووە، چەشنە گەنمێکە کە پێیدەگوترێ " گەنمە هومێد". لە کوردستان چەندین جۆرە گەنم ڕەعەمەل دێ، وەک: سمەوەج، برایمە، بەهاروو و...، کە هەر کامە تامێکی تایبەتیی هەیە و بێجگە لە وەلابردنی نیازی خەڵکی کوردستان بەشێکی


Copyright © Kurdi.fi



زۆری بۆ دەرەوەی وڵات دەڕوا. گەنمە هومێد گەنمێکی دەنک گەورەیە و نانێکی سپی و بەتامی لێ ساز دەکرێ.

دۆزینەوە و زۆرکردنی گەنمە هومێد خۆی کورتە مێژوویەکی هەیە بەم چەشنە: خودالێخۆشبوو شێخ یۆسفی بورهانی[1] پیاوێکی زانا و پسپۆڕ بووە و لە عیرفاندا گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز. ناوبراو کە زۆر ژیر و وردبین بووە دەبینێ کە لە شاخەکانی کوردستان دەنکە دەنکە گەنمێکی خۆڕست لە پەنای ماهوزەردانداا شین دەبێ کە دەنکەکانی گەورە و سپی و جوانن. تا ئەودەم کەس لەو گەنمە کەڵکی وەرنەگرتبوو. بە دۆست و خزم و کەسی خۆی دەڵێ کە بگەڕێن لەو گەنمە، ئەوەندەی کە بۆیان دەکرێ کۆ بکەنەوە و بۆی بێنن. بە قەرا یەک دوو مستان لەو گەنمە کۆ دەکەنەوە و بۆی دەبەن؛ ئەویش دێنێ جێگایەکی بۆ تەرخان دەکا و ئەو گەنمانە دەچێنێ و خۆیَ چاوەدێریی دەکا تا دەگاتە حاسڵات. دیسان بەرهەمی ئەو کارە و هێندێک گەنمی دیکە، کە بۆیان هێنابوو، دادەچێنێتەوە و ئەو کارە دووپات و چەند پات دەکاتەوە تا ڕادەیەکی گەنمێکی زۆری لێ وەدەست دێ. ئەمجا دێنێ زەوییەکی گەورەتری بۆ تەرخان دەکا و دیسان لە سەر کارەکەی هەر بەردەوام دەبێ، تا دوای چەند ساڵان بەرهەمی ئەو گەنمە زۆر دەبێ و شێخی بورهان بە تەواوی موکریاندا بڵاوی دەکاتەوە و وردە وردە گەنمە هومێد لە کوردستاندا دەناسرێ و کەڵکی لێوەردەگیرێ.

---

[1]: "بورهان" گوندێکە لە نێوان مەهاباد و بۆکان.



لە ڕاستیدا بوونی گەنمە هومێد لە کوردستاندا ئاکامی وردبینی و هەوڵ و تێکۆشانی چەند ساڵەی خوداڵێخۆشبوو شێخ یۆسفی بورهانە.

کاتێ ناوبراو خەریکی زۆرکردنی ئەو گەنمە دەبێ جارێکی دەفەرموێ: "هومێدم زۆر بەو گەنمە هەیە کە لە فریای فەقیر و هەژاران بێ". لەو دەمەوە ناوی ئەو گەنمە دەنێن " گەنمە هومێد". گەنمە هومێد ئێستا لە کوردستانی ئێراندا بە باشترین گەنم ناسراوە.

❋ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان

تەبیعەت: سرووشت، خۆزا

لێرەوار: دارستان، لێڕ، جەنگەڵ

سەنعەتیی: پیشەیی

ڕەعەمەل دێ: بە بەرهەم دێ

سێوک: پەتاتە، یارەماسی

پسپۆڕ: زانا، لێزان، کارزان

خۆڕست: سرووشتی، بەخۆ ڕوواو

ماهوزەرد: کێوی بەردینی ساف و بڵێند، گاشەبەرد

دەگاتە حاسڵات: دەگاتە بەرهەم

کوردستانی ئێران: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Copyright © Kurdi.fi

* پرسیار

I. چ هۆ گەلێک لە وەدیهاتنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵییدا کاری و گرینگن؟ ..............................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

II. بەرهەمی چا یەکەم جار لە کوێ وەدەس هات و دوایی بەرە و کوێ ڕۆیشت؟ ئەی سێوک یەکەم جارلە کوێ وەدەس هات؟ ..........................................................................................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

III. خاکی کوردستان چ جۆرە بەرهەمێکی بە باشیٚ تێدا بار دێت؟ ......................................................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

IV. چۆن لە کوردستان بۆ یەکەم جار گەنمە هومێد پەرەی سەند؟ چۆن بوو کە ناویان لێنا ـ گەنمە هومێد؟ .......................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

..............................................................................................................................................................

---

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بە کار بێنە:

هومێد ........................................................................................................................

مێژوو ........................................................................................................................

کشتوکاڵ ........................................................................................................................

لێرەوار ........................................................................................................................

Copyright © Kurdi.fi

# نامەیەك بۆ کچەکەم

چارلی چاپلین



کچی خۆم ژیرالدین لێرە شەوە. شەوێکی نۆێل. لە قەڵابچکۆلانەکەی مندا هەموو پاسەوانە بێچەکەکان، تۆ خوشک و براکانت و تەنانەت دایکیشت خەوتوون. بەزەحمەت توانیم بێ ئەوەی ئەم باڵندە خەوتووانە بێدارکەمەوە، خۆم بگەیەنمە ژوورە بچکۆلە نیوە ڕووناکەکە، ئەم ژووری چاوەڕوانی پێش مردنە.

من چەندە لە تۆوە دوورم، گەلێک دوور...، بەڵام ئەم چاوانەم کوێر بن ئەگەر تەنانەت بۆ چرکەیەکیش وێنەی تۆم لێ دوور کەونەوە. وێنەکەت لەوێ لەسەر مێزەکەیە. لێرەش لەسەر دڵی منە. بەڵام تۆ لە کوێی؟ لە پاریسی ئەفسونگەر لەسەر ئەو شانۆ پڕ شکۆیەی تیاتری (شانزەلیزە) سەما دەکەی. ئەمە دەزانم و جۆرێکە دەڵێی لەم بێدەنگی شەوەدا، ئاوازی هەنگاوەکانت دەبیستم و لەم تاریکییە زستانییەدا، تیشکی ئەستێرەی چاوەکانت دەبینم. بیستوومە ڕۆڵی تۆ لەو شانۆگەرییە پڕ جوانی و شکۆیەدا ڕۆڵی ئەو شازادە ئێرانییەیە کە بۆتە دیلی خانی تاتاران. شازادەخانم بەو سەما بکە. ئەستێرە بەو بدرەوشێوە. بەڵام ئەگەر قاقای ئافەرینی تەماشاکەران و بۆنی سەرخۆشکەری ئەو گوڵانەی بۆت فڕێدەدەن مۆڵەتی هۆشیاربوونەوەیان دای، لە سوچێک دانیشە و نامەکەم بخوێنەوە و گوێ بۆ دەنگی بابت ڕادێرە.

من باوکی تۆم، ژیرالدین، من چارلی چاپلینم. کاتێک منداڵ بوویت، شەوانی درێژ لەپشت سەرت دانیشتم و چیرۆکم بۆت گێڕایەوە، چیرۆکی ((جوانی خەوتووی ناو جەنگەڵ))، چیرۆکی((ئەژدیهای بێدار لە بیابان)). کاتێک خەو بۆ چاوە پیرەکانم دەهات، لێی تورە دەبووم و دەمگوت بڕۆ. من لە خەونی کچەکەمدا خەوتووم. خەونم دەدیت ژیرالدین، خەون... خەونی سبەینێی تۆ، خەونی ئەمڕۆی تۆ. کچێکم بەسەر


Copyright © Kurdi.fi

شانۆوە، فریشتەیەکم بە ئاسمانەوە دەدیت سەمادەکا. گوێم لێدەبوو تەماشاکەران دەیانگوت. ئەم کچە دەبینی؟ کچی هەمان قۆشمەچییە پیرەکەیە، ناوەکەیت لەبیرە؟ چارلی، بەڵێ من چارلیم. من لە قۆشمەچییەکی پیر بەولاوە شتێکی تر نیم. ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە. سەما بکە. من بە پانتۆڵە فشە دڕاوەکەمەوە سەمام دەکرد و تۆش لە جلی ئاوریشمینی شازاداندا سەما دەکەی. ئەو سەمایانە و لەوێش زیاتر دەنگی چەپڵەلێدانی تەماشاکەران جار هەیە دەتگەیەنێتە ئاسمان. بڕۆ. بڕۆ بۆ ئەوێ و بەڵام جار جاریش بگەڕێوە سەر زەوی و سەیری ژیانی خەڵکی بکە. ژیانی ئەو سەماکەرە گەڕۆکانەی کۆڵانە تاریکەکان. کە بە سکی برسی و بەو لاقانەوە کە لە بێنەواییاندا دەلەرزن، سەمادەکەن. من یەکێک بووم لەوانە، ژێرالدین. لەو شەوە ئەفسانەییە منداڵییەدا کە تۆ بە لایلایەی چیرۆکەکانی من خەوت لێدەکەوت من هێشتا بێدار بووم، چاوم لە ڕوخساری تۆ دەبڕی. ترپەی دڵتم دەژمارد و پرسیارم لەخۆم دەکرد و دەمگوت: چارلی ئایا ئەم بەچکە پشیلەیە هەرگیز تۆ دەناسێتەوە؟ تۆ من ناناسی ژێرالدین لەو شەوە دوورانەدا چەندم چیرۆک لەگەڵدا گوتی... بەڵام هەرگیز چیرۆکی ژیانی خۆم بۆ نەگێڕایتەوە. چیرۆکی قۆشمەچییەکی برسی کە لە هەژارترین گەڕەکەکانی لەندەندا گۆرانی دەگوت و سەمای دەکرد و پارەی خڕ دەکردەوە. ئەمە چیرۆکی منە. من تامی برسیەتیم چەشتووە، دەردی بێکەسیم کێشاوە و لەمانەش زۆرتر هەستم بە ڕەنجی سوکایەتیکردن بەو قۆشمەچییە گەڕۆکە کە ئۆقیانوسێک غرور لە دڵیدا شەپۆلی دەدا، بەڵام پارەی ڕێبوارانی خۆپەرست ئەو ئۆقیانوسەیان وشک دەکرد، کردووە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا من زیندووم. لەبارەی زیندوانیش بەر لەوەی بمرن نابێ هیچ بگوترێ چیرۆکی من بەکاری تۆ نایەت. لەبارەی خۆت بدوێین. پاشناوی تۆ ناوی منە: چاپلین، بەهەمان ناو چل ساڵ خەڵکی سەر زەویم وەپێکەنین خست و زۆرتر لەو پێکەنینەی ئەوان من بۆ خۆم گریام. ژێرالدین لە جیهانێکدا کە تۆی تێدا دەژی، تەنیا سەما و موزیک نییە. نیوەشەو


Copyright © Kurdi.fi

کاتێک لە تەلاری پڕشکۆی تیاتر وەدەردەکەوی، ئەو دەوڵەمەندانەی ئافەرینت پێدەڵێن لەبیر بکە. بەڵام حاڵی شۆفێری ئەو تاکسیەی دەتگەیەنێتەوە ماڵێ بپرسە، حاڵی ژنەکەشی بپرسە... ئەگەر دووگیان بوو وپارەی کڕینی جلوبەرگی منداڵەکەی نەبوو، چەکێک دەربهێنە و لە گیرفانی مێردەکەی بخە. بە نوێنەرەکەی خۆم لە بانکی پاریس گوتووە، ئەم جۆرە خەرجانەی تۆ بێ چەندوچۆن قبوڵ بکات. بەڵام بۆ خەرجییەکانی ترت دەبێ پسووڵەی حساب بنێری. جارجار بە ئۆتوبوس، بە میترۆ لە شاردا بگەڕێ. تەماشای خەڵکی بکە و، لانی کەم ڕۆژی یەکجار بە خۆت بڵێ، منیش هەر یەکێکم لەوانە.



بەڵێ تۆ یەکێکی لەوانە، کچی خۆم، نەک زیاتر. هونەر بەر لەوەی دوو باڵی بەرزەفڕین بە مرۆڤ بدات زۆر جاران لاقەکانی دەشکێنێ. کاتێک گەیشتییە ئەو حاڵەتەی یەک چرکە خۆت لە تەماشاکەرانی سەماکەت لە پێشتر بزانی، هەر هەمان سات شانۆ بەجێ بێڵە و بە یەکەمین تاکسی خۆت بگەیەنە قەراخ پاریس، من باش ئەوێ شارەزام لە چەندان سەدە بەرێوە، ئەوێ لانکەی بەهاریی قەرەجان بووە. لەوێ سەماکەرانی وەک خۆت دەبینی. لە تۆ جوانتر، لە تۆ چالاکتر، لە تۆ مەغرورتر. لەوێ هەواڵێک لە تیشکی گڵۆپەکانی تیاتری شانزەلیزە نییە. گڵۆپی سەماکەرە قەرەجەکان تەنیا تریفەی مانگە، تەماشاکە، باش تەماشاکە، ئایا لە تۆ چاکتر سەما ناکەن؟ دانی پێدا بنێ، کچی خۆم، هەمیشە کەسێک هەیە لە تۆ چاکتر سەما دەکات، لە تۆ چاکتر خۆی دەنوێنێ. ئەمەش بزانە کە لە بنەماڵەی چارلیدا هەرگیز کەسێک هێندە بێشەرم نەبووە کە وتەیەکی ناشرین بە گالیسکەچییەک، یان سواڵکەرێکی کەنار ڕووباری (سێن) بڵێت. من دەمرم و تۆ دەژیت، هیوادارم هەرگیز بە هەژاری ژیان بەسەر نەبەیت. لەگەڵ ئەم نامەیەدا چەکێکی سپیشت بۆ دەنێرم، چەندت دەوێ بینووسە و وەریگرە. بەڵام هەمیشە کە

دوو فرانک خەرج دەکەی، بە خۆت بڵێ دووهەمین فرانک هی من نییە، ئەمە دەبێت هی پیاوێکی نەناسراو بێت کە ئەمشەو پێویستی بە فرانکێکە. پێویست بە گەڕان ناکات. ئەگەر بەدوای ئەم موحتاجە نەناسراوانەدا بگەڕێی، لەهەر جێیەک پەیدایان دەکەی. کاتێک لەبارەی پارەوپول لەگەڵتدا دەدوێم، لەبەر ئەوەیە باش ئاگاداری هێزی فریودان و ئەفسونی ئەم منداڵانەی شەیتانم. من سەروەختێکی درێژ لە سیرکدا ژیاوم و هەمیشەو هەموو ساتێک بۆ ئەو گوریسبازانە کە بەسەر پەتێکی باریکدا دەڕۆن، نیگەرانیم هەبووە. بەڵام ئەم ڕاستییە بە تۆ دەڵێم کچم، خەڵکی لەسەر زەوییەکی وەستاوەوە زۆرتر لەو گوریسبازانەی بەسەر پەتێکی لەرزۆکدا دەڕۆن، دەکەونە خوارێ. ڕەنگە شەوێک درەوشانەوەی بەنرخترین ئەڵماسی ئەم جیهانە فریوت بدات. ئەو شەوە، ئەم ئەڵماسە دەبێتە ئەو پەتە لەرزۆکەی تۆ و کەوتنە خوارەوەت حەتمییە. ڕەنگە ڕۆژێک، ڕوخساری جوانی شازادەیەک بەهەڵەتدا ببات. ئەو ڕۆژەیە کە دەبییە گوریسبازێکی ناشی و گوریسبازە ناشییەکانیش هەمیشە دەکەونە خوارەوە.



دڵ بە زێڕ و زیوەر مەبەستە، چونکە گەورەترین ئەڵماسی ئەم جیهانە هەتاوە کە بەختەوەرانە ئەم ئەڵماسە بە بەرۆکی هەموانەوە دەدرەوشێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک دڵت بە هەتاوی پیاوێک دا، لەگەڵیدا یەکدڵ بە. بە دایکتم گوتووە لەم بارەیەوە نامەیەکت بۆ بنووسێ، ئەو لە من باشتر ئەشق دەناسێ و بۆ پێناسەی یەکدڵی لەمن شایستەترە. کارەکەت یەکجار دژوارە، ئەمە دەزانم. لەسەر شانۆ جگە لە ئاوریشمێکی تەنک شتێک لەشت داناپۆشێت. لە پێناوی هونەردا دەتوانیت ڕووت و قووت بچیتە سەر شانۆ و پۆشتەتر و پاکتر بگەڕێیتەوە. بەڵام هیچ شتێک و هیچ کەسێکی تر لەم جیهانەدا نییە شیاوی ئەوە بێت کچێک نینۆکی لاقی بۆ ڕووت بکات. ڕووتی نەخۆشی سەردەمی ئێمەیە، من پیرەمێردێکم و ڕەنگە وتەکانم مایەی


Copyright © Kurdi.fi

پێکەنین بن. بەڵام بە بڕوای من جەستەی ڕووتی تۆ دەبێ هی کەسێک بێت کە ڕۆحی ڕووتی تۆی خۆشدەوێت. بەوە هیچ نابێت ئەگەر بۆچوونی تۆ هی دە ساڵ بەرێ، یانی هی سەردەمی خۆداپۆشین بێت، مەترسە ئەم دەساڵە تۆ پیر ناکات.

هەرچۆنێک بێت، هیوادارم تۆ دواین کەسێک بی کە سەر بە دوورگەی ڕووتان بێ. دەزانم کە باب و منداڵ شەڕێکی نەبڕاوەیان لەنێواندا هەیە. لەگەڵ من یا لەگەڵ بۆچوونەکانی مندا بەشەڕ وەرە. کچم، من منداڵی گوێڕایەڵم بە دڵ نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەر لەوەی فرمێسکەکانم ئەم نامەیە تەڕ بکەن. دەمەوێ هیوایەک بە خۆم ببەخشم، ئەمشەو شەوی نۆێلە، شەوی موعجیزەیە. هیوادارم موعجیزەیەک ڕووبدات. تا ئەو شتەی من بە ڕاستی دەمەوێ پێتی بڵێم، تۆ تێی گەیشتبی! چارلی ئیتر پیر بووە ژێرالدین، زوو یان درەنگ، لەجیاتی ئەو جلی سەمایە، ڕەنگە ڕۆژێک جلی تازیە لەبەرکەیت و بێیتە سەر مەزارم. ڕازی نیم تۆ زەحمەت بکێشی. تەنیا جار جار لە ئاوێنەدا چاو لە ڕوخساری خۆت بگرە ئەوجار من دەبینی. خوێنی من لە ناو دەمارەکانی تۆ دایە و هیوادارم تا ئەو کاتەی خوێن لە دەمارەکانی مندا وشک دەبێ، چارلی، باوکت لەبیر نەکەیت. من فریشتە نەبووم، بەڵام تا ئەو جێیەی لە توانامدا بوو هەوڵمدا مرۆڤ بم، تۆش هەوڵ بدە.

**ماچت دەکەم**

سویسرا

1964

**وەرگێڕ: چیمەن کەریم**

گۆڤاری ڕابوون ژمارە 29 ساڵی 2000

---

ئەو وشانەی کە ماناکەیان نازانی بیاننوسەوە لە ماناکانیان بگەڕێ: ........................................

........................................

........................................


Copyright © Kurdi.fi

❊ بیر لە وانەکە بکەوە، سێ دانە پرسیاران بهێنەوە و پاشان وەڵامی پرسیارەکان بنووسەوە:

1. ..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

2. ..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

3. ..........

..........

..........

..........

..........

❊ تێبینی: (دەقی ئەو وەرگێرانە لە لایان ماڵپەڕی وانەی کوردیەوە هەندێک دەسکاری کراوە و هەڵەکانی لابراوە)!


Copyright © Kurdi.fi



# هونەری شانۆگەری پێویستی بە هەرەوەزە

ئەگەر داوا لە وێنەکێشێک بکەین بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی وێنەیەکمان بۆ بکێشێت، سەیر دەکەین هەندێ پێنووس و فڵچەی ڕەنگاوڕەنگ لە خۆی کۆ دەکاتەوە و دەست دەکات بە وێنەکێشانەوە. ئەمجا کە تەواوی کرد پێشانمان دەدادت و دەڵێ فەرموون ئەم وێنەیەم بۆ کێشاونەوە.

بەڵام لەو هونەرەدا کە لە سەر شانۆدا ئەنجام دەدرێت تەنیا یەک کەس هەموو کارەکان ناکات. بگرە گەلێک هونەرمەند وەک وێنەگر، ڕێنیشاندەر، لێکۆڵەر، ئەندازیاری دیمەن و کارەبایی، مۆسیقا هەڵبژێر، ئەکتەر و نووسەر، هەرەوەزی لێدەکەن و بە یەکەوە هونەرێکی سەر شانۆ پێشکەش دەکەن.

کەواتە ئەم هونەرە سەربەخۆ نیە و تێکەڵە لە چەن هونەرێکی تر، بەڵام ئەوەی زۆرتر پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئەم هونەرە چیرۆکێکی باش و نایابە. ئەوەی چیرۆک بۆ شانۆ دەنووسێت، دەبێ هونەری شانۆ چووبێتە ناو مێشک و دڵ و دەروونیەوە. ئەو وتانەی کە دەیاننووسێت، دەبێت تەواو قسەی ئەوانە بێت کە بە ناویانەوە دەئاخوێ. بۆ نموونە ئەگەر لە سەر زمانی جوتیارێکی ناوچەیەکی تایبەتی کورستان قسەی کردبێت، دەبێ ڕادەی تێگەیشتن و جۆری گوزەران و بیرکردنەوەی ئەو جوتیارە لەو ناوچەیەدا بزانێت و شتێک نەنووسێت و نەڵێت کە لە قسەی ئەو نەچێت!


Copyright © Kurdi.fi

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەو نووسەرە دەبێ بە باشی شارەزای دڵ و دەروون و شێوەی هەڵسووکەوت و بیرکردنەوەی ئەو خەڵکە بێت کە چیرۆکەکە دەخوێننەوە یان لە سەر شانۆ دەیبینن.

ئەمانە هەمووی جگە لەوەن کە هەر نووسەرەی دەبێ بیروباوەر و ڕوانگەی تایبەتی خۆی لەمەڕ ڕوداوە کۆمەڵایەتیەکان هەبێت، شتی زۆر تاقی کردبێتەوە و قووڵ بڕوانێتە ژیان، تا توانایی و بەرفراوانی فکری و زەینی خۆی بە باشی لە نووسین و بەرهەم هێنانی دەقی نووسراوەکاندا بەکار بێنێت.

ئەگەر نووسەر بەو شێوە ئاماژە پێکراوە بتوانی دەقی نووسراوەکانی ئامادەی شانۆ بکات، بە دڵنیاییەوە دەتوانێ چاوەڕوانی گردەوە بوونی خەڵکێکی زۆر لە دەوری بەرهەمەکانی بکات. بەڵام ئەگەر چی لە باراندا نەبوو و نەیتوانی نووسراوەیەکی باش و بەهێز ئامادە بکات، خەڵک ڕوو لە چیرۆکەکانی وەردەگێڕن.

لە لای خەڵکەوە نووسەر ڕابەرە، نەک بێبار و بیروباوەڕ. خەڵک دەیانهەوێت نووسەر بیانهەژێنێت و تەزوو بە لەشیاندا بێنێت، نەک سارد و بێ مەیلیان کات وخوێن لە لەشیاندا بمەیەنێت. لە ڕوانگەی گشتی خەڵکەوە نووسەر دەبێ ئازا و نەبەز و چاونەترس بێت، نەک ترسەنۆک و چاوشۆر و کڕنۆشبەری بێ چۆن و بۆی دەسەڵات، کە بە فوویەک ڕۆحی دەربچێت!

نووسەری بە توانا ئەو کەسەیە بەر لەوەی بۆ بینینەوەی ڕێگەی گەیشتن بەئامانجەکانی گەل، یان بۆ گەشانەوەی کۆمەلگە حەول بدات و چرا لە مێشکی خەڵکدا هەڵبگیرسێنێت، مێشکی خۆی ڕووناک کردبێتەوە و ڕێگەی خۆی دەسنیشان کردبێت. بەکارهێنانی ئەو مەرجانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەر بتوانێ لە چیرۆکنووسی بۆ شانۆدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بێت.

گرنگ نیە کە باسێکی گرنگ و بە بایەخ بنووسین، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە کە باسەکە لە سەر بیروباوەڕێکی بنەڕەتیی وا دامەزرابێت کە پەلوپۆی بە هەموو لایەکی چیرۆکەکەدا هاویشتبێت و گیانی وەبەر نابێت! چونکە بە بێ بیروباوەڕی بناغەیی، حیکایەتەکە بێ گیان دەبێت و مردار دەبێتەوە. ئەگەریش بیروباوەڕەکە بێ بنەڕەت و بێ مانا، یان لاواز و سەر لێ شێواو بوو، ئەوە داستانەکە ژێرە و زەبەر دەکات و سەرتاپای دەڕوخێنێت.

ئەوەشمان نابێ لە بیر بچێ کە بیروباوەڕە بنچینەییەکە دەبێت ڕوون و دیار بێت، دەنا هەرەس دێنێت و پرش و بڵاو دەبێتەوە، چونکە هەوێنی چیرۆکەکە بیروباوەڕە بنەڕەتیەکەیە.

دوای دەستنیشانکردنی بیروباوەڕە بنەڕەتیەکە، ئەمجا نۆرەی پلاندانان یان ڕەنگڕشتن بۆ دروستکردنی چیرۆکەکە دێت. هونەرمەندی وا هەیە ڕەنگێکی تۆخ بۆ چیرۆکەکە دەڕێژێت، هەندێکی تر هەن هەروا لە مێشکی خۆیاندا دایدەڕێژن و ئەمجا لە کاتی نووسیندا درێژەی پێدەدەن. هونەرمەندیش هەیە پێشەکی هیچ پلانێک دانانێت و لە کاتی نووسیندا دایدەنێت، بەڵام ئەوەی دواییان چیرۆکەکە تێکدەدات و لاوازی دەکات.

ئەم پلان و ڕەنگڕشتن و داڕشتنە پێی دەڵێن: «سێناریۆ». دوای ئەوەش دەست بە نووسین دەکرێت. نووسینیش شتێکی زۆر هاسان نیە. لە پێشەوە باسمان کرد کە نووسەر دەبێت چۆن بێت بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا سەرکەوتووبێت و بەرهەمەکەی بە پێز بێت و نەرمێت. ئەو کەسەی چیرۆک بۆ شانۆ



 Copyright © Kurdi.fi

دەنووسێت، دەبێ هەوڵ بدات ڕوداوەکان لە ناو ژیان و کۆمەڵگادا چۆن ڕوو دەدەن هەروا بیاننوسێتەوە و ماکی ڕووداوەکە وەک خۆی بنوێنێتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر باسی ئەوەی کرد کە ژنومێردێک لە یەک جیا بوونەتەوە، نابێت یەکسەر بە دوو وشە بیلێت و بیبڕێتەوە، چونکە لە ژیاندا وا نیە! بەڵکو لە پێشدا ناخۆشیەک ڕوو دەدات، ئەمجا تووڕەبوون، شەڕ و کێشەی ناوخۆیی، دڵشکان، ئازار، دڵتەنگی، گوزەران نەکردن و لە ئاکامدا لەیەک ترازانی بنەماڵە و دابڕان و جیابوونەوە ڕوو دەدات.

شتێکی تریش لە داستان بۆ شانۆ نووسیندا هەیە، ئەویش جۆری گفتوگۆی ئەو کەسانەیە کە شانۆگەر و بەشدارانی ناو چیرۆکەکەن، چونکە تا جۆری گفتوگۆ گەرموگوڕتر و بەسۆزتر بێت، چیرۆکەکە سەرکەوتووتر دەبێت. ئەگەر گفتوگۆکان خاو و بێهێز بوون، چیرۆکەکەش بێ چێژ و تام دەکەن.

ئەمانەی باس کران، بنچینە و ناوەڕۆکن لە چیرۆک بۆ شانۆ نووسیندا. بەمانە تێدەگەیت کە هونەری شانۆگەری ئاوێتەیە و تەنیا نواندنی تاقە هونەرێک نیە. ئەوانەی خەریکی ئەو هونەرەن، دەبێت شانۆیان خۆش بوێت و هەوڵ بدەن فێربوونی ئەو هونەرانە لە خۆیان دا گەشە پێبدەن کە زانینیان بۆ شانۆگەرێک پێویستە. تێبکۆشن لە بوارەکانی زانستی و هونەری ژیاندا خۆ زیاتر پەروەردە بکەن و بزانن کە لە چ چاخێک دا دەژین و ئەو دەورە پێویستی بە چی و بە چ ئامانجگەلێک هەیە..

Copyright © Kurdi.fi



## گفتوکۆ:

١. ناوی ئەوانەی بەشداری هەرەوەزی هونەری شانۆگەری دەبن بنووسە: ..................

..................

..................

..................

٢. دەبێت نووسەری چیرۆک بۆ شانۆ چ جۆرە کارزانیەکی هەبێت؟ وە چیرۆکەکە دەبێت چۆن بێت؟

..................

..................

..................

..................

..................

٣. ئەو مەرجانەی لە هونەری شانۆگەریدا هەن چین؟ ..................

..................

..................

..................

٤. لە وانەکە خورتبەوە، دوو دانە پرسیاران ببینەوە و وەڵامەکەشیان بنووسەوە: ..................

..................

..................

..................

..................

..................

..................

..................

..................



Copyright © Kurdi.fi



# چیرۆکی دۆزینەوەیووردەبین


ئەو بیروڕایەیلە سەرەتای پێشکەوتنی زانستی ژیاندا دەربارەیزیندەوەرانهەبوو بیرورایەکی سادە و ناتەواو بوو. ئەزیندەوەرانەئەودەم هەربەچاویڕووت تەماشا دەکرانو لێیان دەکۆلرایەوە.

لەسەدەی یانزدەهەمدا یەکەم (زەڕەبینی شتگەورەکەر) داهات، لەدووا ساڵەکانی سەدەیسیانزدە-هەمیش دا لە ئیتالیا بۆ یەکەم جار چاویلکەیپزیشکیدروستکرا؛ ئەوە بۆ ئەو سەردەمە بەئامێرێکی بەنرخی گرانبەهادادەنرا، لەدواساڵەکانی سەدەیشانزدەهەمدا لەئالمانیا یەکەم(ووردەبین)دروست کرا؛ دەڵێن گوایە زەڕەبین دروستکەرێک جارێک هەردو کوڕەکەی لە جێگایەک دا یارییان دەکردو بە رێکەوت هاتن دوو زەڕبینیان خستە سەریەک، جا بە هۆی دوو زەوڕەبین خستنە سەریەکیشەوە ئەگەر -تەماشای شتی وورد بکرێت ئەوا ئەو شتە چەند جارێک لە قەوارەی خۆیان گەورەتر دەبینرێت، ئەمە بوو بە یەکەم دیاردەی بناغەیی بۆ دروست کردنی یەکەم ووردبینی سەرەتایی کە پێک هێنراوە لەوەی دوو زەڕەبین بکرێنە ناو بۆرییەکەوە.

پاشئەوە ( لیفنهۆک ) زانای هۆڵە ندی توانی خۆی بە تاقی تەنیا نەخشە بۆ دروست کردنی ٢٤٧ جۆرە نیزامی ووردەبینی بکێشێت و بەیەکێک لەو زەڕەبینانەوە توانی زیندەوەرەرە ووردیکەکانی ناو دلۆپە ئاوێکی مەند ببینیت کە ناویلێنراوە میکرۆب .

پاش ئەوە زانای گەورەی سروشت و لێکۆڵەرەوەی زانستییەکانی ژیان ( ڕۆبەرت هۆک ) بەهۆی سێ -زەڕەبینەوە یەکەم (ووردبین)ی دروست کرد.

پاش ئەمەش گەلێک زانا لە ئیتالیاو ئینگلترەو ڕووسیاوە چەند زەڕەبینێکی ووردەبینی وەکئەوانی تریان دروست کرد، هەندێکیشیان بۆ پوخت کردنی ووردەبین لە ناو خۆیاندا هاوکارییان کرد، لە ئەنجامی لەسەر یەک و لێکۆڵینەوەی بەردەوامیان ئەم ووردەبینە دروستکرا کەوا ئەمڕۆ بە کاری دەهێنن.




## لێکدانەوەی ووشەکان:

ووردەبین : میکرۆسکۆب.
زەرەبین: عەدەسە.
زانستی ژیان: عیلمی ژیان.

## ووتو ویژ و ڕاهێنان:

١-ووردەبین چی یە و چۆن داهێنرا؟

٢-سوودەکانی ووردەبین بژمێرە؟

٣-(لیفنهۆک)ی زانا کێیە؟

# Waney Kurdi

## نیشتمانم

ئێمە لە پێناوی نیشتمان
بەخت دەکەین سامانو گیان
کەس ناوێرێ هەڵمەت بەرێ
وردو خاش ئەکەین دوژمنان
***
بە خوێنی ئاڵو گەش ڕشتن
نووسیمان سروودی سەرکەوتن
سەربەرزین ئێمە لە جیهان
چاومان ناترسێ لە مردن
***
بەرامبەر هەموو کارەسات
درەنگەوەخت بێو شەوی نەهات
هەڵ دەکەین چرای زانستێ
عیلمو زانستە ڕێگای نەجات
***
ئیتر ئەی نیشتمانی شیرینم
بژی ڕووناک کەرەوەی ژینم
خوا بتپارێزێت لە دوژمن
لە بەرزی شادیدا بتبینم

### لێکدانەوەی ووشەکان:

لەپێناو: لە ڕێگای.
بەخت دەکەین: دەبەخشین، فیدای ئەکەین.
هەڵمەت: پەلامار، هێرش
وردوخاش: پارچە پارچە کردن، لەتوپەت کردن.
کارەسات: ڕوداوی نالەبارو قورس.

### گفتوگۆ کردن:

لەپێناوی نیشتماندا چی بەخت دەکەین؟

ڕێی نەجاتو ڕزگار بوون لە چیدایە؟

ئەگەر -خوانەخواستە- نیشتمان تووشی کارەساتێك هات تۆ چی دەکەیت؟



[Copyright ©]
<script ty

# کچی بەیان

سوارە ئیلخانیزادە

من ئەڵێم:

پەپوولەیەک فڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە

من ئەڵێم:

گوڵێ بە دەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت



تۆ ئەڵێی:

چ بوو پەپوولەیەک فڕی

یانە سوورە گوڵ، زەردە کەوتە لێوی ناسکی

من ئەڵێم:

هەتا هەتایە دەوری جوانیە

ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە، نەماوە ئاگر و گڕی

مێرگی ئاسمان بە سووتمان هەوری لۆکەیی نەزۆک

پڕ لە خاڵ و قۆپەنە



Copyright © Kurdi.fi

جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆلە پۆڕی بارِیە

ئەمڕۆ کە جێگە مۆڵی کەمتیار و گورگ و ڕێویە



شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە

زەلکە گەر تەیاری تیر و قۆشەنە

خۆشەویستەکەم،

لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە

چاوم لە دیمەنی کچی بەیانیە

لە حەنجەرەی زەمانەوە

گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانیە..

باسی شەو مەکە، نە شایەری شەوم

باسی خەو مەکە، لە لای هۆمێدی فێرە سەرڕەوم

بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ

بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای، بە دەستی با

بە گوڵ چناوی لێوە دێ

بۆنی سەر سەکۆی بە کاگڵی، بە ئاوپژاوی لێوە دێ



Copyright © Kurdi.fi

پێم مەڵێ کە داکەوم

پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو، چاوی بێ خەوی چڕە

پێم مەڵێ نەهاتنەوە، ئەوەی کە چوون

مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە

ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقڕە

خۆشەویستەکەم،

ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات

ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین

فێر نەبووین بەزین و دابەزین



ڕانەهاتوە چاوی قارەمانی کورد

بە شەونمی گرین

خۆشەویستەکەم،

لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە

چاوم لە دیمەنی کچی بەیانیە

لە حەنجەرەی زەمانەوە

گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانیە...



Copyright © Kurdi.fi

# کوردم و کوردستانیم

داگیرکەری دڵ پڕ لە قین
درندەی بێ ویژدان و دین
ناتوانی وا کەی کورد نەبین
هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

لە پێش ئاگر پەرەستیدا
لەپێش موسڵمانێتیدا
لە دیلی و سەربەستیدا
هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

نە عەرەبم نە ئێرانیم
نە تورکێکی شاخستانیم
نەک من هەر خۆم، مێژووش دەڵێ
کە کوردم و کوردستانیم

Copyright © Kurdi.fi

نە نەنگیە و نە پیاوەتی

جیاوازی نەتەوایەتی

بڕیارە و مێژوو داویەتی

هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

گەلان هەموو برای منن

هەر زۆردارانم دوژمنن

داوای وڵاتی کەس ناکەم

پەنجە بۆ مافی کەس نابەم

بۆ مافی گەل و خاکەکەم

هەتا ماوم خەبات دەکەم

داگیرکەری دڵ پڕ لە قین

دڕندەی بێ ویژدان و دین

گەر قەندیل و ئاگری و شیرین

یەکسان کەی لە گەڵ ڕووی زەمین

ناتوانی وا کەی کورد نەبین

هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

برایم ئەحمەد

Copyright © Kurdi.fi

# نەورۆز

نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول
مەستم بە عەتری وەنەوشە و سومبول
شادم بە هاژەی ڕووباری بەفرین
سوورم بە شلْپەی شەپۆلی زێوین
کێو و گرد و دۆڵ، باخ و دەشت و دەر
جوان خەملیون تێکڕا سەرانسەر
گوڵی گوڵزار و درەختی دەم یاڵ
هەڵپەڕکێیانە بە شنەی شەماڵ
تیپی حاجیلە و گوڵوکی ڕەنگین
بوونە نیگاری قاڵیی ڕووی زەمین
خۆری پڕشنگدار لە ئاسمانی شین
پێ ئەکەنێ بۆ چیمەنی نەسرین
پۆلی پەپوولەی نەخشینی جوان جوان
هاتوچۆیانە بە سەر ڕووی گوڵان
شمشاڵی شوان و بارەی کارژۆڵان
جریوە و جووکەی بە سۆزی مەلان
بەرە و گوێچکەی دڵ دێن لە دۆڵ و دەشت
خۆش وەک ئاوازی مۆسیقای بەهەشت
لە هەر لا مرۆ مەستە بەشادی
مەستە بە خۆشیی ڕۆژی ئازادی
ڕۆژی پچڕانی زنجیری ژیان
جەژنی نەورۆزی کورد و کوردستان

هۆنراوەی: کەریم شارەزا – 21.3.1958

Copyright © Kurdi.info



شەریف حسێن پەناهی

# قوتابخانە

پاش ئەوەی کە خۆر هەڵدێ

پڕشنگ ئەخاتە سەر دێ

خوێندەواران دێنە دەر

ڕێی مەکتەب ئەگرنە بەر

لە نێو کۆمەڵەی ماڵان

بۆ خوێندنی منداڵان

ماڵێکی زۆر وێرانە

کراوەتە قوتابخانە

کاکی مودیر بەیانی

بەر لە خوێندەوارانی

ئەڕوات و لەبەر دەرگا

ماوەیەک هاتووچۆ دەکا


Copyright © Kurdi.fi

ڕەوشتی کاکی مودیر
لاوی ژیر و ڕۆشنبیر

لە نێو دڵی خەڵکی دێ
بەجوانی گرتویە جێ

یاری هەژارەکانە
هیوای نەدارەکانە

لاوێکی چالاک و ڕوو خۆش
کوردی وێژ و کوردی پۆش



بەڕاستی خەڵکی ئەوێ
گیانیان بۆ مودیر ئەوێ

ماوەیە تر مەکتەبی دێ
گەرم ئەبێ بە سرودێ

لە پەنجەرەی پورتوکاو
تیشکی خۆر ئەداتە ناو


Copyright © Kurdi.fi

دیسان ڕۆژی شەمەیە

کاتی پرسینەوەیە

« وریا » تۆ هەستە سەر پێ

دەرسی پێشوم بۆ بڵێ

ئا ـ وێنەی چی؟ ب ـ وەک چی؟

ت ـ وێنەی چی؟ پ ـ وەک چی؟

لە ئەڵفەوە تاکوو ـ ی ـ

هەرچی دەیزانی بیلێ



« وریا » بیر ئەکاتەوە

وەڵامی ئەداتەوە:

ئا ـ وێنەی : ئاوارە

ئاواتی ئەو هەژارە

ب ـ وەکوو: برسیەتی

پ ـ وێنەی: پێ پەتی

ت ـ وەکوو: تاڵیی ژین

تاریکی و تێکۆشین


Copyright © Kurdi.fi

کاتێ شتێ نازانێ
بۆ منداڵان ئەڕوانێ

نون ـ بە وێنەی نەدار
هـ ـ بە چەشنی : هەژار...

مامۆستایان هەڵدەستێ
بەرامبەریان دەوەستێ

ئەڵێ: بەسیەتی ئیتر!
دەست کەینە باسێکی تر...



هەتا من لە بیرم بێ
ئەم وشانە ئەگوترێ

تاکەی دەرسی دڵتەنگی؟
تاکەی دەرد و بێدەنگی؟

ئیتر لایان بەین لە بیر
روو کەینە ڕا و تەگبیر


Copyright © Kurdi.fi

منداڵەکان مات ئەبن
دەرسی تازە گوێ دەگرن

بێدەنگی قوتابخانە
پڕ دەبێ لەم وشانە:

ئا ـ وێنەی: ئازادی
ئاڵای ئاوات و شادی

ب ـ وەکوو: بیرەوەر
ت ـ وێنەی: تێکۆشەر

س ـ وەکوو: سەربەستی
سەر و سێدارە و سستی




منداڵ بە یەک دەنگەوە
دەڵێن بە ئاهەنگەوە:

خ ـ وێنەی خەبات
خوێندن و خوێن و خەڵات

کاف ـ وێنەی: کوردستان
کورد و کۆمەڵ و کوێستان


Copyright © Kurdi.fi

ماوەیە بەر لە نیوەڕۆ
دوایی دێ دەرسی ئەمڕۆ

ئێوارە منداڵەکان
لە نێو باخ و لەسەر بان
دەرسی تازە دەخوێنن
بە خەڵکی رادەگەیەنن:

ی ـ وەکوو: یەکیەتی
یەکگرتن و یارمەتی

ڕۆژی شەمەی داهاتوو
ئەو دەرسەیان لەبەر بوو

بەڵام تاکوو خۆر ئاوا
بەو گەرمای خۆرەتاوا

لە ڕێی شارا وەستابوون
چاوەڕێی مامۆستا بوون

تینی خۆر و خەمباری
پرسین و چاوەنواڕی


Copyright © Kurdi.fi

مامۆستامان وا لە کوێ؟
بۆچی نایەتەوە دێ؟

پێش ئەوەی تاریک دابێ
هەواڵێ کەوتە نێو دێ

مامۆستای قوتابخانە
کەوتۆتە بەندیخانە...

ماوەی حەفتەیە دەگوزەرێ
نابێ لەوی خەوەرێ

بەڵام خوێندەوارەکان
هەر لە قوتابخانەدان

دەنگی بەرزی دەرسی جوان
ئەڕوا بەرەو ئاسمان

ب ـ وێنەی: بێگانە
برین و بەندیخانە...

چاویان وا بە ڕێگەوە
مامۆستایان بێتەوە


Copyright © Kurdi.fi



ڕۆژی هەوەڵی زستان
کە سەرما هاتە کوێستان
کەسێ هەواڵێ دێنێ
دڵی خەڵکی دێ دەتەزێنێ

چەن لاوێکی ڕۆشنبیر
بە هاوڕێیی کاکە مودیر

ئەو ڕۆژە تاریک و ڕوون
لە سێدارە درابوون

ئیتر ئەو منداڵانە
جێی دێڵن قوتابخانە

کاتێ ئەڕۆن بە دڵتەنگ
چاو بە فرمێسک و بێدەنگ

خوێندەوارێ کش و مات
سرنجی دیوار ئەدات

فرمێسکی پڕ لە گڕێ
دێت و بەر چاوی دەگرێ


Copyright © Kurdi.fi



**لە بان تەختەی سەر دیوار**

**خەتی مابوو یادگار**

دڵی نەدەهات کەسێ

شتی لەسەر بنوسێ:

**« ی ـ وەکوو: یەکیەتی »**

**« یەکگرتن و یارمەتی »**

**« ئا ـ وێنەی: ئازادی »**

**« ئاڵای ئاوات و شادی »**

مودیر: لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مامۆستای قوتابخانەکان دەگوترا مودیر.


Copyright © Kurdi.fi




# سنوور

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی
تۆ خودا نی، تۆ خۆشەویستی منی
لە ئاسمان نی تا پێت ڕانەگا دەستم
لە قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم
تۆی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور
ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی ناوە سنوور

هونراوەی: مامۆستا هێمن

---

❊ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

سنوور: مەرز، کەوشەن، حدود، خەتی نێوان دوو مڵک
پەرستن: خۆشویستن، خزمەت کردن، بەپیرۆز زانین
ون: بزر، گوم، نادیار
قاف: چیایەکی خەیاڵی
کاڵە: پێڵاوی لە چەرمی خاو دروستبوو

هەڵبەستن: 1. دابەستن، قایم کردن 2. شێعر درووست - کردن
بستۆکە: بستە بچکۆڵە
دوژمن: دژمن، نەیار
هێمن: شاعیر و نووسەری پایەبەرزی کورد.

Copyright © Kurdi.fi

# یارە ژیکەڵانەکەم

یارە ژیکەڵانەکەم،
گوڵم!
بە هەر نیگایێ، مەوجی چاوە مەستە جوانەکەت،
دەچێتە ناو دڵم.
هەر بە گوێی دڵم
گوێ دەگرمە گرفەگرفی شێعرە ئاگرینەکەت.
شێعرە ڕێکوپێکەکەی
بە تاو و تینەکەت
هەر بە چاوی دڵ دەڕوانمە دیمەنی ئەوینەکەت،
تۆ ئەوینمی..
ڕێکوپێکترینە شێعری تاکو ئێستە هەڵنەبەستراوی ژینمی.
تۆ، هەڵۆی خەیاڵی هەڵفڕینمی.
هەر دەکەومە سەر هەوا، بە هەڵفڕینەکەت
بە جازبەی ڕەوەندی تێپەڕینەکەت،
بە شێعری باڵی چەندە ڕەنگی تاوسی خەیاڵ
بە خوێندنەوەی سروودی مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت،
مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت
لادە لادە لا دە لەچکە تەسکە کەسکەکەت..




Copyright © Kurdi.fi

خۆشەویستەکەم!

عەزیزەکەم ! گەزیزەکەم!

تاقە ڕۆڵە جوانەمەرگەکەی بەهاری کورت،

ڕۆڵە خۆشەویستەکەی تەلان و کێو و چەم،

تۆ! هەزار ئایەتی، لە کانیاوی پڕ لە ئاو و خیزەکەم

لە کاتی تونیایەتی؛

بە چەشنی بیری بەرزەفڕ، بێ سنوور و بێ نەهایەتی،



تۆ! قیامەتی!

دڵستێن و دڵڕفێن و خەوڕەوێنمی !

تۆ! تەواونوێنی عەشقی پاک و خەمڕەوێنمی،

تۆ! پەل و نەمام ڕاوەشێنی باخی بادە هێنمی!

تێکەڵاوی گوشت و پێست و ئێسک و خوێنمی!

خوێنی خوێنەکەم!

هیچ وەبیرتە ئەودەمەی

کە کەوتمە جەغزی کەسکەکەسکی چاوە مەستە کەسکەکانی -

پڕ لە سێحر و جوانی تۆ؟

بوومە مەستی مەست و سێحری سێحری چاوە مەستەکانی تۆ؟

دەستی خۆم بڕی،

دەستی خۆم بڕی بە بەژنی باڵی شێعری ئاڵی تەم نیشانی تۆ.


Copyright © Kurdi.fi

بۆیە کورتە دەستی من و

خوێن دەبارێ هەر لە هەوری عاسمانی مانی تۆ.

جوانە بووکەکە!

هەر هەنوو کە دەمهەوێ

کە بێمە جێی ژوانی تۆ،

مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت

لادە لادە لا دە لەچکە تەسکە کەسکەکەت..

ها.. تروسکەکەم

جامی دڵ پڕی شەڕابی شەوقی شێعری شەوشەوە،

بەو نیگایە پاکە مەندەیەت

وەسوەسەی دڵی پڕم هەلاهەلا کە، ببیە شێعرەکەم!

ببیە شێعرەکەم

تاکە ڕۆشنایی خاتە هەوری دڵ بروسکەکەت،

تا ڕەها بی گوڵپەڕی خەیاڵی ناسکی

تاسکەتاسکی

ئاسکی باسکی

بسکەکەت،

لادە لادە لا دە لەچکە تەسکە کەسکەکەت...



قاسم مۆعەیەدزادە، ناسراو بە: هەڵۆ

ی/١٣٥١ی هەتاوی ـ ١٩٧٢/ی زایینی


Copyright © Kurdi.fi

## ❊ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان



ڕەوەند: خێڵەکی، چادرنشین.

جازبە: هێزی ڕاکێشان.

تەلان: بەندەن، بەرزایی کێو.

چەم: 1. چۆم، 2. چاو.

ئایەت: بەند و بڕێک لە سووڕەتی قورئان

خیز: زیخ، ڕەڵم، لم.

پەل: 1. شەپۆل، 2. لاقودەست، 3. باڵی باڵندە، 4. لکی دار، 5. گەڵا، پەلک.

نەمام: چڵە ڕیشەی یەکساڵەی دار.

ڕاوەشێن: تەکێنەر؛ | ڕاوەشاندن: تەکاندن.

کەسکە: شینکەی بەهاران، بریتی لە ژنی زمان درێژ؛ | کەسکی: سەوزایی ڕەنگ.

هەنوو: دەم، سات.

تروسکە: بریقە، تروسکەی ئاسمان.

مەند: 1.ئارام، 2. خاوەن، 3. ئاوی ڕاوەستاوی بێ بزووتن، 4. سەنگین و پشوو لە سەرەخۆ.

بروسکە: بروسک، چەخماخەی هەور، تەزوی بە ژان، بریقە.

گوڵپەر: 1. وەختی دروێنەهاتنی دەخڵ 2. پەڕی گوڵ.

تاسکەتاسک: گێژی و سەرسامی.

ئاسک: مامز، کەژاڵ، خەزاڵ، مامبز.

باسک: 1. لە جومگەی دەستەوە تا هانیشک، 2. لە سەری پەنجەوە تا شان، 3. مۆدنە، دەمنە، 4. باڵی مەل.

بسک: ئەگریجە، ئەو قژەی بە سەر ڕومەت هەڵدەگەڕێتەوە.


Copyright © Kurdi.fi

## کۆسۆڤۆ بووە (193) هەمین دەوڵەتی جیهان

# کۆسۆڤۆ بناسە




ئەو وڵاتەی تا دوێنێ وەکوو نەتەوە دەناسرا، ئەمڕۆ دەبێ وەکوو وڵات بیناسین. بابزانین دیرۆکی ئەم وڵاتە چەند لە دیرۆکی وڵاتی ئێمەی کورد نزیکە، چەند لەیەکچونیان هەیە؟ ئەزمونی ئەوان دەکرێ بۆ کوردستان سوودی هەبێ؟ ئێمە یان ئەوان، پتر ئازار و مەینەتمان بەدەست داگیرکەرانەوە بینیوە؟ وەڵامەکەی هەرچیەک بێت ئەمڕۆ ئەوان لە ئێمە دڵخۆشترن، ئەوان لە ئێمە چەن هەنگاوێک لە پێشترن.

هۆکارەکەی چیە؟ هەر یەکە و لە هەگبەی خۆیەوە کارەکان هەڵدەسەنگێنێ و هۆگەڵێکیان بۆ دەبینێتەوە.

بەڵام، کۆسۆڤۆ کە سێربەکان پێی دەڵێن ( کۆسۆڤا ) و ئەلبانیەکانیش بە ( قۆسۆوە )ی ناو دەبەن. ئەم وڵاتە وەکو هەڵکەوتنی دەکەوێتە کشوەری ئەورووپا و دراوسیەکانی بریتین لە: مەقدونیە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتیەوە ، سێربیا لە باکوری ڕۆژهەڵات، مۆنتینێگرۆ لە باکوری ڕۆژئاوا و ئەڵبانیاش لە خوارویەوە.

Copyright © Kurdi.fi

پایتەختی ئەم تازە وڵاتە پرشتینایە، دانیشتوانی (2 300 000) کەسە و ڕوبەرەکەی (10 887) کم چوارگۆشەیە، ڕێژەی دانیشتوانی 90% موسڵمان پێک دەهێنن کە هەموویان بە ڕەگەز ئەلبانین، 5% سێربین و 5% نەتەوەکانی ترن.

خاکەکەی دەوری بە چیا ڕیزبەندە و لە ناوەڕاستی دەشتاییەکی سەوزوە، چوار ڕوباری بەناودا تێدەپەڕێ، لەگەل 17 دەریاچە. سەرەڕای ئەمەش باری ئابوری وداهاتی تاکی کۆمەل لە ئاستێکی نزم دایە. هیچ سنورێکی نەکەوتۆتە سەر دەریاوە بێکاری بە ڕێژەی 50% و لە هەژارترین هەرێمەکانی یوگۆسلاڤیایە، وێڕای ئەوەی خاکەکەی دەوڵەمەندە بە کانزاکانی، فۆسفات و زەنگ و مس، ئاسن، نیکل و خەڵووزی بەرد.

ئەم وڵاتە یەکێک بوە لەو وڵاتانەی ژێر حوکمی عوسمانیەکان بەدرێژایی پێنج سەدە، لەو کاتەی سوڵتان مرادی یەکەم لە 1389 داگیری کرد تا ڕوخانی دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە شەڕی جیهانی یەکەم، دواتر بە سێربەکان درا لەگەل چەند پارچەیەکی تری وڵاتی ئەلبانیا بۆئەوەی ڕێگە لە دروست بونی دەولەتی ئیسلامی بگیرێت. دوای بەستنی چەندین کۆنگرە وەکو هەوڵ و تەقەلایەک بۆ ڕزگاربونیان، لەوانە: کۆنگرەی سانستیڤانۆ، بێرلین، لەندەن و پاریس، بەڵام دواتر هەر درا بە سێربیا و کرا بە بەشێک لەم وڵاتە. لە شەڕی جیهانی دووهەم سەر بە ئەلبانیا بوو، کە ئەویش سەر بە ئیتالیاوە بوو.

دوای شەری جیهانی دووهەم لە ساڵی 1946 بەتەواوەتی خرایە سەر یوگۆسلاڤیای یەکگرتوو، لە سەردەمی (ژۆزێف برۆز تیتۆ) تا ئاخری ساڵەکانی حەفتاکان دان بە مافی ئۆتۆنۆمیی کۆسۆڤۆ درا لە ناو یوگۆسلاڤیادا، بەلام لە 1989 سەرۆکی-


Copyright © Kurdi.fi

یوگۆسلاڤیای سێربی (سلۆبۆدان میلۆشۆڤیچ) ئەم ئۆتۆنۆمیەشی هەڵوەشاندەوە و بە ئاگر و ئاسن حوکمی لێ دەکردن.




بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان، خۆیان لە ژێر پارتی (یەکیەتی دیموکراتی ئەلبانیادا) و بەسەرۆکایەتی (ئیبراهیم ڕۆگۆڤا) ڕێکخست، ئەویش بە شێوازی خەباتی سیاسی. لە 1990 لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکدا دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە سێربیا دا، دواتر لە سێپیەمبەری هەمان ساڵدا بۆ پشتیوانی لەم ڕاپرسیەدا سەرهەڵدانێکی گشتییان ڕاگەیاند.

لە 24 مارسی 1992 سەربەخۆیی خۆیان لە سێربیا ڕاگەیاند و (ئیبراهیم ڕۆگۆڤایان) بە سەرۆک‌کۆمار ناساند، بەڵام سێربەکان دانیان پێ نەنا و کردیانە شەڕ لە گەڵیان.

(ڕۆگۆڤا) لە ڕێگەی کاری سیاسیەوە هەوڵی زۆری دا تا دان پیانانی وڵاتان وەدەست بهێنێ بەڵام بێ سود بوو و ناچار بۆ بەرگری لە هێرشەکانی سێربیا گروپی چەکداری دروست کرد و ناوی نا (سوپای ڕزگاریی کۆسۆڤۆ).

ساڵی 1998 ئەوساڵە بوو کە بەهۆی چالاکی و بەرگریەکانی سوپای ڕزگاریی کۆسۆڤۆوە شەڕ لە نێوانیاندا توند بوو، سوپای سێربیا کوشتار و وێرانکاریەکی زۆری بە کۆسۆڤۆ گەیاند و دوبارە دەستی بەسەرداگرتەوە و سەربەخۆییەکەیان شکستی هێنا و بوو بە هۆی ئەوەی کە سەرنجی دونیا بۆخۆی رابکێشێ. سوپای-


Copyright © Kurdi.fi

سێربی هەموو جۆرە کارێکی دڕندانەی لە گەڵ کردن، لە کاری کۆمەڵکوژیەوە تا کاری وێرانکاری و دەستدرێژی بۆ سەر ژن و منالّ و هاولاّتیە سڤیلەکانی کۆسۆڤۆ، بەلاّم ئەم کارە نامرۆڤانەیان نەبوە هۆی ئەوەی کە ئەم خەلّکە جارێکی تر بیر لە سەربەخۆیی ولاّتەکەیان نەکەنەوە.

لە 1999 هێزەکانی پەیمانی ناتۆ هێرشیان کردە سەر سێربیا و دیکتاتۆر (میلۆشۆڤیچ) یان دەسگیر کرد و گەیاندیانە دادگای نێونەتەوەیی لە لاهای (هۆلەندا). کە دواتر هەر لەزیندان مایەوە و بەر لە دادگایی هێشتا لە لێکۆلینەوەدا بوو، کاتێک بە نەخۆشی ڕاوەستانی دلّ کۆچیدوایی کرد.



کۆسۆڤۆیەکانیش تا پێش سەربەخۆیی لە ژێر چاوەدێری و پاراستنی (17 000) سەربازی ناتۆوە مانەوە، کە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی (17.02.2008) لە ڕێگەی دانیشتن و بڕیارێکی پەرلەمانیان سەربەخۆیی خۆیان لە سەر زاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەم هەرێمە (هاشم تاتشی) ڕاگەیەند. کە 109 پارلەمانتاری هەرێمەکەش دەنگیان دا بەسەربەخۆیی کۆسۆڤۆ و 11 پەرلەمانتاریش کە نوێنەری کەمینەی سێربی هەرێمەکەن ئامادەیی دانیشتنەکە نەبوون.

❊ ❊ ❊

## ئایا: هەرێمی کوردستان دەبێتە (194) ەمین دەولّەتی جیهان؟

* بیر لە وانەکە بکەوە، سێ دانە پرسیاران بێنەوە و پاشان وەڵامی پرسیارەکان بنووسەوە:

1. ..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

2. ..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

3. ..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi



# قوڵەچوارشەممە

دوایین چوارشەممەی ساڵ "قوڵەچوارشەممە"ی پێدەگوترێ. لە هێندێک ناوچە دا "چوارشەممە ڕەشە"شی پێدەگوترێ، چونکە لە ژێر تەئسیری فەرهەنگی عەرەباندا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی شووم داندراوە. ئەو ڕۆژە لە ئێراندا بە "چوارشەممە سووری" ناسراوە. ئێوارەی سێ شەممە خەڵک ئاگر دەکەنەوە و بە سەریدا باز دەدەن. لە ئێرانی کۆندا جێژنێک هەبووە بە ناوی "جێژنی سووری". "سوور" دە زمانی کوردی و پەهلەویدا بە مانای ڕەنگی سوورە؛ هەروەها بە مانای "جێژن و شایی" شە.

بە پێی باوەڕە کۆنەکان خەڵک لەو ڕۆژەدا بۆ میواندارییی لە فرەوەرەکان، کە جمکی دەروونپاکی ئادەمیزادەکان بوون، ماڵەکانیان ڕازاندۆتەوە و ئاگریان کردۆتەوە.

ئاگرکردنەوە بە مانای گەیشتن بە ڕووناکایی دڵ و ڕووح بووە؛ نیشانەیەکیش بووە بۆ هەبوونی یەزدان. هێندێک توێژەر پێیانوایە ئەو دابە دوای زاڵبوونی ئیسلام بۆتە باو و پێوەندیی بە سەردەمی پێش ئیسلامەوە نییە. عەرەبەکان "چوارشەممە"یان بە ڕۆژێکی شووم زانیوە و بە بەڕێوەبردنی جێژن و هەڵپەڕکێ ویستوویانە ئەو شوومییە بتارێنن.


Copyright © Kurdi.fi

ئاگرکردنەوە لە کوچە و کۆلانان دە نێو زەردەشتییەکاندا باو نییە و ئەوان بە سەر ئاگریشدا باز نادەن، چونکە پێیان کارێکی ناحەزە. بۆ ئەوان ساڵ پێنج ڕۆژ لە 360 ڕۆژ زیاتر بووە (یان هەر چوار ساڵەی شەش ڕۆژ زیاتر بووە)، لەو پێنج ڕۆژە دا، بۆ بانگکردنی ڕووحی پێشینانیان، ئاگریان کردۆتەوە و کردوویانەتە جێژن. بەو پێیە، بە بڕوای زەردەشتییەکان، ئاگری قوڵەچوارشەممە (چوارشەممە سووری) بە دابی ئاگرکردنەوەی پێنج ڕۆژەی ئاخری ساڵەوە دەبەسترێتەوە، کە لە ئێرانی کۆندا باو بووە. دوای زاڵبوونی ئیسلام، بۆ ئەوەی ئەو دابە نەفەوتێ، شوومیی چوارشەممەیان کردۆتە بیانوو و جێژنەکەیان ئاوێتەی ئەو خوڕافاتەی عەرەبان کردووە و کردوویانەتە "چوارشەممە سووری".




Copyright © Kurdi.fi



# سێزدەبەدەر

لـە ئێرانـی کۆنـدا دوای دوازدە ڕۆژ جێـژن و شـادی، کـە بـە بۆنـەی دوازدە مانگەی ساڵەوە بووە، سێزدەهەمین ڕۆژیان تەرخان کردووە بۆ سەیران و شادی لە دەرەوە و بەو شێوەیە کۆتاییان بە ماوەی نەورۆز هێناوە.

لە کتێبە مێژوویی و ئەدەبییەکانی سەدەکانی ڕابردوو دا، کە تایبەت بوون بە تۆمـارکردنی ئـەو داب و جێژنانـەی بـە بۆنـەی نـەورۆزەوە بـەڕێوە چـوون، هـیچ ئاماژەیەک بە سێزدەبەدەر نەکراوە. لێرە دا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چۆنە لەو کتێبانە دا هیچ باسی "سێزدەبەدەر" و "حەوت سین" نەکراوە؟ ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو دابانە تازە داهاتوون، یان دابی کۆنن و لەبەر ئەوە کە تایبەت بـە خـەڵکی ئاسـایی بـوون سـەرنجیان نـەدراوەتێ و بـە پێوانـەی مێژوونووسـانی ئەودەم شایانی تۆمارکردن نەبوون؟!



وێدەچێ لایەنی دووهەم ڕاست بێ، چونکە دابێکی کە دە نێو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵدا و لە هەموو شار و گوندێک باوە، ناکرێ تەمەنی لە دوو سێ بەرە زیاتر نەبێ. ئاشکرایە کە کتێبە ـ


Copyright © Kurdi.fi



مێژووییەکان و شێعری شاعیران ڕەنگدەرەوەی ئەو ڕووداو و داب و جێژنانە بوون کە "شا" و کاربەدەستانی حکومەت تێیاندا بەشدار بوون؛ بەڵام سێزدەبەدەر دابێک بووە کە جێی پەسندی خەڵک بووە نەک شا. لەوانەشە بە شووم زانینی "سێزدە" هۆی باس نەکردنی بووبێ. بە شووم زانینی ژمارەی 13 و خۆ لێ پاراستنی، لە زۆربەی وڵاتان و لە لای زۆربەی نەتەوەکان، بڕوایەکی کۆنە.

ئەو بڕوا چەوتە بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵک دەو ڕۆژە دا لەماڵێ وەدەر کەون، هەتا خۆیان و ماڵ و حاڵیان لە "شوومی" ببوێرن. لە ئاینی ئیسلامدا چونکە 13ی هەموو مانگێک بە "شووم" دادەندرێ، بە هەڵە سێزدەهەمین ڕۆژی جێژنی نەورۆزیش بە "شووم" داندراوە.

* تێبینی: ئەو تێکستە لە ویێلاگی هێدی وەرگیراوە.

Copyright © Kurdi.fi



# ئایینی مێدیاکان

مێدیاکان زەردەشتی بوون. زەردەشت پێغەمبەری کورد و پارسەکان بووە و لە ساڵی شەسسەدوشەشی پێش زایینـدا لە نزیک شاری ورمێ (هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە دایک بووە. مێدیاکان بە ئایینی زەردەشتی قایل بوون. ناوی پەرتووکە پیرۆزەکەی زەردەشت ئاڤێستایە، ئاڤێستا لە سەر چەرمی ئاژەڵ نووسراوە.

لە ئایینی زەردەشتدا دوو شتی بنکەیی و گرنگ هەیە، ئەویش : ڕووناکی و تاریکیە.

بەپێی ئەو باوەڕە خۆر و ئاگر دروشمی ڕووناکین و ڕووناکی خێرە و ڕاستییە. پیاوەتی، ڕاستی، پاکی، میوانداری، خوو و ڕەوشتی پاک کە چەن لایەنی باشی کوردانن، لەو ئایینەدا جێگای تایبەتی و بە نرخیان هەیە. بە پێی ئەو باوەڕە ڕۆژ و ڕووناکی پیرۆزن. هەروەتر شەو، تاریکی، مردن، فروفێڵ، درۆ و دوو ڕوویەتی، کووشتن و شەڕ لە ناو کورد و ئایینی زەردەشتدا نیشانەی خراپین و مرۆڤ دەبێت خۆیان لێ بپارێزێت.


Copyright © Kurdi.fi

بە پێی ئەو ئایینە دوو لایەنی باشی و خراپی دوژمنی یەکترن و بەردەوام لە گەڵ یەکدی لە شەڕدان..

بیروباوەڕی کوردی یەزیدییش لە ئایینی زەردەشتەوە هاتووە، بەڵام تاکوو ئێستا گەلێک گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. کورد لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامدا بە ئاسانی بە دینی ئیسلام قایل نەبوون، بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەتانی دەوروبەریان بوون بە ئیسلام، لە دواییدا، کوردیش ناچار بەو ئایینە قایل بوون و بوونە موسوڵمان.

زۆربەی کوردان هەزاران ساڵە دەستیان لە ئایینی زەردەشت بەرداوە و بە ئایینی ئیسلام قایل بوون.

بەڵام تاوکوو ئەمڕۆش گەلێک بیرو باوەڕی بنچینەیی ئایینی زەردەشت لە ناو کوردانداماون. کورد ئێستاش ئاگر و ڕۆژو ڕووناکی بە شتێکی پیرۆز دەزانن و سوێندیشی پێ دەخۆن. بۆ نموونە ئاگری نەورۆز لای کوردان ئازادی و ڕووناکی و ئاشتی و سەرفەرازیە..

* بیر بکەوە و وڵام بدەوە:

1. باپیرە گەورەی کوردان لە سەر چ ئایینێک بوون؟ ئەی کورد ئێستا لە سەر چ ئایینێکە؟

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

* بیر لە وانەکە بکەوە و سێ دانە پرسیاران ببینەوە و پاشان وەڵامی پرسیارەکان بنووسەوە:

1. ..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

2. ..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

3. ..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........


Copyright © Kurdi.fi



# داب و نەریتی نەورۆز

نەورۆزیش وەکوو هەموو جەژن و ڕێوڕەسمەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک دابونەریتی هەیە کە بەداخەوە لە ناو کوردان و بە تایبەت لە باشووری کوردستان، تەنیا ئاگر کردنەوە و چوونە دەرەوە لە ماڵ ماوە و ئەوانی تر فەرامۆش کراون.

ئەحمەدی خانی لە کۆنترین دەقی کوردی، کە باس لە دابونەریتی نەورۆزی کوردی دەکات، دەڵێت: لە کۆنەوە باو بووە کە لە نەورۆز، خەڵک بە گشتی ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دەهێشت و ڕوویان لە سرووشتی کوردستان دەکرد. هەروەها بە پێی وتەکانی ئەحمەدی خانی ، باو بووە کە لەم ڕۆژەدا، سوارچاکان پێشبڕکێی ئەسپ سواریان ڕێکخستووە و خەڵکی تریش جوانترین جلوبەرگیان لەبەر کردووە، خۆشترین بۆن و بەرامەیان بەکار هێناوە و کچان و کوڕان خۆیان ڕازاندووەتەوە. ئەم دیاردەیەش شەرم نەبووە و مەبەست ئەوە بووە کە هەر کەسەو هاوڕێیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی پاشان ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێک بێنێت. دیارە ئاشنایی مەم و زینیش هەر لێرەوە دەستی پێکردووە.

بە پێی زانیاریە مێژووییەکان، نەورۆز هەندێ ڕێورەسمی تریشی لە گەڵدا بووە، لێرەدا هەندێک لەو نەریتە کۆنانە بە کورتی باس دەکەین:

Copyright © Kurdi.fi

## ١- چاندنی سەوزە:



لە کۆنەوە باو بووە کە نزیکەی مانگێک پێش هاتنی نەورۆز، لە هەر دەڤەرێک، هەندێ کۆڵکەیان لە خۆڵ و بەرد دروست دەکرد و لەسەر کۆڵکەکان گەنم، جۆ، برنج، پاقلە، هەرزن، گەنمە شامی، لۆبیا، نۆک، کونجی، ماش و نیسک یان شتی تریان دەچاند. ڕەنگە ئەم نەریتە لەوەوە هاتبێت کە لە کۆنەوە، خەڵک دانەوێڵەی جۆراوجۆریان دەچاند تا بزانن لە ساڵی داهاتوو، کامەیان باشتر و جوانتر بەر دەدات. ئێستا لە هەندێ شوێن لە کوردستان و لە ئێران، خەڵک گەنم و جۆ دەچێنن و لە ڕۆژانی جەژن حەلوای پێ دروست دەکەن.

## ٢- کوڵە چوارشەممە (قوڵە چوارشەممە):



لە کۆنەوە باو بووە و ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم نەریتە هەرماوە، کە لە دوایین چوارشەممەی ساڵ، ئێوارە کوڕ و کچانی لاو دەچنە سەربانی ماڵانی دراوسێ و لە پەنجەرە یا کولانگەی خانووەکە، توورەکە، پشتێند یان پەڕۆیەک شۆڕ دەکەنە خوارەوە و دەستەواژەیەکی تایبەت دەڵێنەوە و داوای دیاری لە خاوەنماڵ دەکەن. ئەم دەستەواژەیە، ناوچە بە ناوچە جیاوازە، بەڵام هەمووی هەر یەک مانا دەبەخشێت.


Copyright © Kurdi.fi

بۆ وێنە لە دەڤەری مەرگەوەڕ باوە کە کچ و کوڕان دەچنە سەربانەکە و توورەکەکە شۆڕ دەکەنەوە، دەڵێن: سەرێ ساڵێ بنێ ساڵێ، خودێ (فلانەکەس) بکەتە زاوایێ ماڵێ، تشتەکی بۆ مە بکەت ناو دەستماڵێ. ئەم (فلانەکەسە) دەتوانێت هەریەک لە ئەندامانی خێزانەکە بێت، تەنانەت باوکیش.

ئاشکرایە کە کوڕ و کچانی ئەویندار، هەوڵ دەدەن لەم دەرفەتە سوود وەرگرن و باشترین دیاری پێشکەشی خۆشەویستەکەیان بکەن.

ئەم دابونەریتە لە ناو فارس، چوارشەممە سووری پێدەڵێن و خودی شارەزا فارسەکان پێیانوایە کە پەیڤی سوور، هەمان سووری کوردیە و بۆیەش لە ئێوارەی رۆژی سێشەممە، ئاگر دەکەنەوە و بەسەریدا باز دەدەن. ئەم نەریتەی بازدانی بەسەر ئاگر، لە باکووری کوردستانیش بەرچاو دەکەوێت.

## ٣- میری نەورۆزی:



میری نەورۆزی، میرێک بووە کە لە ماوەی ڕۆژانی جەژنی نەورۆز، لە لایەن خەڵکەوە لە نێو خۆیان و لە هەژارترینیان هەڵدەبژێردرا و هەموو کەسیش تەنانەت ئاغا و بەگ و ڕیش سپی و گەورەکانی ناوچەکە، دەبوایە پێڕەوی لێ بکەن. میری نەورۆز بڕیاری قورسی بەسەر دەوڵەمەندان دەسەپاند و دوای تەواوبوونی ماوەی میرایەتیش، ـ


Copyright © Kurdi.fi

کەس مافی ئەوەی نەبوو، تۆڵەی لێ بکاتەوە. ئەم نەریتە ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ماوە. سەبارەت بە ماوەی میرایەتی میری نەورۆز، وتەی جۆراوجۆر هەیە و هەندێک پێنج ڕۆژو هەندێکیش بە سێزدە ڕۆژی دەزانن.

## ٤- سفرەی حەوت سین:



لە کۆنەوە باوبووە کە لە جەژنی نەورۆز، خەڵک سفرەیەکیان ڕاخستووە و خواردەمەنی جۆراوجۆریان لەسەر داناوە. کە ئێستا سفرەی ( حەوت سین )ی پێ دەڵێن. مێژوونووسانی ئێرانی لەم باوەڕەدان کە ئەم سفرەی حەوت سینە، پێشان بە سفرەی حەوت شین بەناوبانگ بووە، بەڵام لەم دواییانە، بۆ حەوت سین گۆڕانی تێکەوتووە. منیش پێموایە حەوت شین، بە مانای حەوت جۆرە شینایی، واتە گیا یا دانەوێڵەی لە خاکا دەرهاتوو بووە، کە هەردەگەڕێتەوە بۆ نەریتی چاندنی سەوزەو دانەوێڵە، کە پێشتر باسمان کرد. (گۆیا یەک لەو شتانەی کە لە سەر سفرەی حەوت شینیان داناوە شەڕاب بووە، بەڵام دوای زاڵبوونی ئیسلام بە سەر ئێراندا شەڕاب حەرام کراوە و لە ژێر تەوژمی عەرەبان وشەی حەوت شینیان گۆڕاوە بە حەوت سین ). ئێستا لە ئێران ئەم سفرەیە دادەندرێت و حەوت جۆرە شت کە ناویان بە پیتی ( س ) دەستپێدەکات، لەسەر سفرەکە ڕیز دەکرێت و ئاوێنە و ماسیشی لێ زیاد کراوە.


Copyright © Kurdi.fi

## ٥- سێزدەبەدەر:



ژمارەی ١٣ لە ناو کورد و تەنانەت فارسەکانیش (لە زۆر وڵات و کولتووری دیکەشدا)، بە ژمارەیەکی شووم و خراپ دەناسرێت. بۆ وێنە لە ناو کوردا کە ژماردن دەگاتە ١٢، لە جیاتی ١٣ دەڵێن زیادە. لە ئێرانیش تا چەن ساڵ لەمەوبەر خەڵک رێگەیان نەدەدا ژمارەی ١٣ لەسەر دەرکی ماڵەکانیان بنووسرێت و لە جیاتی دەیاننووسی (١+١٢). ژمارەی ١٣ لە ناو عەرەب و تەنانەت مەسیحییەکانیش، بە ژمارەیەکی شووم دادەنرێت.

هەندێ لە شارەزایان و دیرۆکناسان، ئەم بیروباوەڕە بۆ ئوستوورەکانی کۆنی کوردی - ئێرانی دەگێڕنەوە. چونکە لە کۆنەوە ژمارەکانی ٣ و ٧ و ١٣ پێشاندەری چەمکێکی تایبەتی و دیار بوون و کاریگەری زۆریان بەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەبووە. بەڵام لە ناو کوردان ژمارەی ١٣ لە سەرەتاوە، مانا شوومەکەی نەبووە و تەنانەت بە ژمارەیەکی باش و خێردار تۆمار کراوە.


Copyright © Kurdi.fi



# مێهرەجان

عەلی حەسەنیانی(هاوار) 1939 - 1992

یەکێک لەو وشانەی کە دوای ئاڵ و گۆڕێک هاتۆتە نێو زمانی ئەدەبیی کوردیەوە و بە داخەوە زۆریش کەڵکی لێوەردەگرن، وشەی "مێهرەجان"ە. وشەی "مێهرەجان" بە هەڵە بۆ گشت جێژن و کۆبوونەوەیەک، کە بە بەزم و شادیەوە بەڕێوە بچێ، هەروەها لە جیاتی "فێستیوال"، بەکار دەبرێ.

جا با بزانین ئەو وشەیە لە کوێوە هاتووە. لە پێش زاڵبوونی ئیسلام بە سەر وڵاتی ئێمە دا چەندین جێژنی نەتەوایەتیمان هەبوون. وەک "جێژنی نەورۆز" کە یەکەم ڕۆژی بەهارە و ئێستاش لە کوردستاندا هەر باوە. "جێژنی سەدە" کە سەد ڕۆژ پێش ساڵی تازە، واتا لە بیستەمی مانگی سەرماوەز دا، گیراوە. "جێژنی بێلْندانە" یان "بێلندانە" کە ڕۆژی پازدەی ڕێبەندان، واتا لە نێوەڕاستی زستاندا، بووە و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا هەر باوە و ئەو ڕۆژەی دەکەنە جێژن. "ڕۆژی سێزدەبەدەر" کە سێزدەهەمین ڕۆژی بەهارە؛ لەو ڕۆژە دا بۆ وەلابردنی بەدشوومیی ساڵی کۆن دەچوونە دەرەوەی شار و ئاوایی و دەیانکردە جێژن و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا ئەو جێژنە ماوە. هەروەها چەندین جێژنی -


Copyright © Kurdi.fi



دیکە گیراون کە یەکێک لەوان ڕۆژی پازدەی مانگی ڕەزبەر بووە، کە بە بۆنەی هەڵگرتنی بەرهەمی کشت و کاڵ کردوویانە بە جێژن. ئەو ڕۆژە بە "مێهرگان" ناوبراوە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەر لە هاتنی ئیسلام بۆ وڵاتی ئێمە، هەر ڕۆژێک لە ساڵ دا ناوێکی تایبەتی هەبووە و ناوی ڕۆژی پازدەی مانگی ڕەزبەر "مێهرگان" بووە. ئێستاش فارسەکان بە مانگی ڕەزبەر دەڵێن مانگی "مێهر". عەڕەبان وشەی "مێهرگان"یان وەرگرتووە و لە بەر ئەوەی کە لە عەڕەبیدا پیتی " گ" نییە " گ"یەکەیان کردووە بە "ج" و وشەکەیان لە "مێهرگان"ەوە کردۆتە "مێهرەجان" و بۆ "جێژن و فێستیوال" لەو وشەیە کەڵک وەردەگرن.

ئەو وشەیە سەر لە نوێ لە زمانی عەڕەبییەوە، بە ئاڵ و گۆڕێکەوە کە بە سەریدا هاتووە، هاتۆتەوە نێو زمانی کوردی. وەک گوتمان وشەی "مێهرگان" ناوی جێژنێکی تایبەتیە و وشەی "جێژن" گشتیترە و باشتر ئەوەیە لە جیاتی وشەی "مێهرەجان" لە وشەی "جێژن" کەڵک وەربگیرێ.

 Copyright © Kurdi.fi



# نەورۆز لە کوردستان

کوردەکان لە زۆرکۆنەوە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئاگری "ئارارات" و دەشتەکانی دەوروبەریان دا نیشتەجێ بوون و بە یەکەم دامەزرێنەرانی خشتەکانی بناغەی شارستانیتی ناوچە دەناسرێن.

ئەوان بە درێژایی مێژوو لە گەڵ کەندوکۆسپ و ڕووداوگەلی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بون ، کە بە شێکی زۆر لەو ڕووداوانە لە ستران و بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی کوردیدا دەنگیان داوەتەوە .

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەم وڵاتە کە لە چیرۆکە کوردیەکان دا ماوەتەوە ، یادی نەورۆزە کە بەکوردی پێی دەبێژرێ جەژنی نەورۆز.

مێژووناسان لە دیرۆک و نوسراوەکانی ناو ڕۆژهەلاتدا سەبارەت بە چۆنێتی پێکهاتنی نەورۆز بیروڕای جۆراوجۆریان دەربڕیوە و هۆی پێکهاتنی نەورۆزیان گەڕاندۆتەوە بۆ سەر جەمشید و کیکاوس و کیومەرس و کەسانێکی تر... ، کە گەلێک قسە و باس لە سەر ئەو بابەتانە لە نوسراوەکاندا هاتوون.

بەڵام زیاتری کوردەکان لە سەر ئەم باوەڕەن کە هۆی پێکهاتنی ئەو جەژنە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی "کیومەرس" و لە دواییش دا بۆ سەر شۆرش و هەستانی کاوەی ئاسنگەر، کە لە هەر دوو لاوە گەلێک داستانی فۆلکلۆریک و گشتی دەبینرێ کە لە وانە یەکیان ئەمەیە :


Copyright © Kurdi.fi



چوارهەزار سال پێش هاتنی حەزرەتی عیسا، لە وڵاتی مێدیا کیومەرس نێوێک لە نیو کوردان دا خەڵکی ئەو ئاو و خاکەی بۆ یەکگرتن و یەکێتی و هەروەتر بەرە و ڕاستی و دروستی ڕێنوینی دەکرد، بەڵام ئەهریمەن کە دژ بەو ئەرکانەی کیومەرس بوو، دەستی کرد بە دژایەتی کردنی. کیومەرس لە دەوری چیاکانی ڕەواندز "Rewandiz"، لە گەل ئەهریمەن بە شەڕ هات و توانی بەسەریدا سەر بکەوێت و بەم چەشنە ئەهریمەنی خوای شەڕ و تاریکی ئەسیری خۆی کات .

بە خۆشی ئەو سەرکەوتنە کیومەرس فەرمانی دا لە سەر چیاکانی وڵات ئاگر بکرێتەوە؛ کە هەروەتر بەم چەشنە مژدەی سەرکەوتنی بە خەلکانی هەموو گوند و ناوچەکانی وڵات ڕاگەیاند و ڕۆژی دوای ئەو سەرکەوتنەیان نێو نا نەورۆز و هەمو سالێک یادی ئەو ڕۆژەیان جێژن دەگرت .



تا ئەوەی کە 400 سال دوای کۆچ کردنی کیومەرسی کورد، ئەژدەهاک ناوێک بە سپایەکی گرانەوە لە ئورشەلیمەوە بەرەو کوردستان داکشایە خوارێ و هەموو خاکی مێدیای وە ژێر پێی خۆی نا و خەلکانی سەربەستی ئەم وڵاتەی دیلی دەستی مارانی پیس و بە سامی خۆی کرد.


Copyright © Kurdi.fi



ئەژدەهاک مار پەرەست بوو و هەموو ڕۆژیک مارە پیسەکانی بە خۆینی گەنج و لاوانی ئەم ئاو و خاکە تێرئاو دەکرد. تا ئەوەی کە گەورەپیاوانی وەزاڵە هاتوو لە دەوری یەک کۆبوونەوە و لە بیری ئازادکردنی وڵات لە چەنگ ئەژدەهاکی خۆینخۆر کەوتن، و کاوەی ئاسنگەریان بوو بە پێشەنگی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی ئەو سەردەم. کاوە نەخشەی خەبات و شۆرش دژ بە داگیرکەرانی داڕشت ...، لە سەر دوندی زاگرۆس شۆرشی دامەزراند و خەڵکانی وەزاڵە هاتووی لێک کۆکردەوە. تا ئەوەی کە بەرە بەرە هێزی ئەو خەڵکە پەرەی سەند و بەم چەشنە کۆمای خەڵک توانیان قەڵای زۆر دار وە ترس و لەرز بخەن، چیاییەکان لە هەوەل شەوی بەهاردا هێرشیان بردە سەر قەڵای ئەژدەهاک و توانیان ئەژدەهاک یەخسیر بکەن و دەم و دەزگای زۆرداری ئەو تێک بشکینن. بەم چەشنە گەلی کورد جارێکی ترجەژنی نەوروزیان زیندوو کردەوە و ئاگری باوەڕ و ژینیان لەسەر دوندی چیا بەرزەکانی کوردستان هەڵکردەوە...

ئەم "چیرۆکە فۆلکلۆریکە کوردیە"، بەگۆڕانکارێکی کەمەوە لە " شانامەی حەکیم فێردوسی" و شانامەی کوردی " ئەلْماسخان کنولەیی" داهاتۆت و هەر سێ حیکایەت تا ڕادەیەکی زۆر لێک نزیکن.


Copyright © Kurdi.fi



پیرۆز کردنی بە تێکڕای جەژنی نەورۆز لە لایان گەلی کوردەوە دوای هاتنی ئیسلامیش هەروا درێژەی هەبوو، هەروەتر دوای ڕوخانی ئیمپراتوری عوسمانی و چەند پارچە بوونی کوردستان لە نێوان دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیە، سوریە و ڕوسیەدا داگیرکەران نەیانتوانی ئەو دابە کۆنەی مێدیاکان لە بیری کوردەکانی ئێمرۆ بەرنەوە.

گەلی کورد نەورۆزیان کردۆتە ڕەمز و سومبولی یەکگرتن و سەرکەوتن. هەموو ساڵێک یادی نەورۆز جەژن دەگرن و هاوکات لە گەڵ دەسپێکی بەهار و بوژانەوەی گوڵ و سەوزە، پەیمانی ئازادی کورد و کوردستان لە گەڵ یەکدی تازە دەکەنەوە.

زیندوو ڕاگرتنی نەورۆز، ئاماژەی ئەوەیە، کە گەلی کورد نەمرە و ناتوێتەوە، لە ئاکامدا شین دەبێتەوە و بە سەرهەڵدانی سەردەکەوێ! تا لە پاڵ هەموو گەلانی تری دنیا، بە خۆشی و ئاشتی و ئازادی درێژە بە ژیان بدەن ...

❊ ❊ ❊


Copyright © Kurdi.fi



# نەورۆز

نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول
مەستم بە عەتری وەنەوشە و سومبول
شادم بە هاژەی ڕووباری بەفرین
سوورم بە شڵپەی شەپۆلی زێوین
کێو و گرد و دۆڵ، باخ و دەشت و دەر
جوان خەملیون تێکڕا سەرانسەر
گوڵی گوڵزار و درەختی دەم یاڵ
هەڵپەڕکێیانە بە شنەی شەماڵ
تیپی حاجیلە و گوڵوکی ڕەنگین
بوونە نیگاری قاڵیی رووی زەمین
خۆری پرشنگدار لە ئاسمانی شین
پێ ئەکەنێ بۆ چیمەنی نەسرین
پۆلی پەپوولەی نەخشینی جوان جوان
هاتوچۆیانە بە سەر ڕووی گوڵان
شمشاڵی شوان و بارەی کارژۆڵان
جریوە و جووکەی بە سۆزی مەلان
بەرە و گوێچکەی دڵ دێن لە دۆڵ و دەشت
خۆش وەک ئاوازی مۆسیقای بەهەشت
لە هەر لا مرۆڤ مەستە بەشادی
مەستە بە خۆشیی ڕۆژی ئازادی
ڕۆژی پچرانی زنجیری ژیان
جەژنی نەورۆزی کورد و کوردستان






هۆنراوەی: کەریم شارەزا – 21.3.1958


Copyright © Kurdi.fi

# نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بەرەوپیری مەرگەوە
ئەوا ڕۆژ هەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین



پیرەمێرد


Copyright © Kurdi.fi

# نەورۆز

**هـێــمن موکریانی**



لە بارەی نەورۆزی پیرۆز دا زۆر شت گوتراوە و نووسراوە. مێژوونووسان دەڵێن ئەو ڕۆژە کە ئاور دۆزراوە خەڵک کردیە جێژن و ناوی نا نەورۆز. یا دەنووسن ئەو ڕۆژە کە کاوەی ئاسنگەر لە زەحاکی خوێنخۆر و زۆردار ڕاپەڕی و دوایی بە دەسەڵاتی زۆردارانەی هێنا، کرا بە نەورۆز. تەنانەت لە هێندێک برادەری شیعەم بیستووە کە حەزرەتی عەلی، لەو ڕۆژە دا لە دایک بووە. هیچ کام لەو بۆچوونانە بۆ ڕەت کردنەوە نابن. دۆزینەوەی ئاگر ئەو نیعمەتە گەورەی خودا، ڕاپەڕینی کاوە و لە ناخ ڕۆکردنی زەحاکی زۆردار و لە دایکبوونی حەزرەتی عەلی، ئەو سەرداره بەناوبانگەی ئیسلام هەموو بۆیە دەبن جێژنیان بۆ بکەی، بەڵام بۆچوونی من لە بارەی نەورۆز دا بۆچوونێکی لادێیانە و کرمانجانەیە. لەوەش ناترسم مێژووزانەکانی شارستانی پێم بڵێن کەڕەکرمانجی مێژوو نەزان و نەخوێندەوار ئەوەت لە کوێ هێناوە.


Copyright © Kurdi.fi

من پێموایە ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەم جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەلأت، پێوەندی بە ئابوورییەوە هەیە. جا ئیزن بدەن بە کورتی لەو بارەوە بدوێم. تا بزانن منی کەڕەکرمانج کەنگێ و لە کوێم دەرسی ئیقتیساد خوێندووە تا قسەی وا زل بکەم.

بابە با نەخوێندەواریش بم! خۆ ئەوەندەم لە خوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بە زمانەکانی ئێرانی دەدوێن، لە ڕۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێیە و نە ئەو کەسانەی خۆیان بە مێژووزان و مێژووناس دەژمێرن بۆیان ساغ بۆتەوە، چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەر یەکە بۆ لایەک ڕۆیشتوون. ئەو گەلانە هەموویان شوانەوێڵە و مەڕدار بوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێنشیرین و بەستەزمانە، کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە، دابین کردووە.

ڕوونتر بڵێم، خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیانویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بە دوای هەوار و لەوەڕگە دا وێڵ بوون و گەڕاون. زۆر شارەزای نووسینەکانی "هێرۆدۆت"، "تەبەری"، "گزنفۆن"، "فردۆسی"، "مینۆرسکی" و "زێرنۆف" و ئەوانە نیم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کاردۆخ و ماد و نازانم کێ و کێ؟! ...


Copyright © Kurdi.fi

بەڵام دەزانم کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە لە پێشدا شوانەوێڵە بووە، ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێگەڕێ کەیفی لە شوانەتیە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمڕۆ "دامداری و دامپەروەری" دەناڵێ.

ئێستاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و دامپەروەرەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە، بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە. هەرکەس کرتکە مەڕێکی بێ، ئەو ڕۆژە بەران دە مەڕی دەکا، میوانداری لە جیرانان دەکا، مێوژ و خۆرما و شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە نێو مێگەل.

بەڵام زۆر دوور نییە، هەر بە بیری من، مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی "مێهر" بەرانیان دە مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەڕەب وەریانگرتووە و کردوویانە بە مێهرەجان و بە هەموو ڕۆژی خۆش دەڵێن مێهرەجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن: بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێیدەڵێن "بێڵن دانا" پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو ـ


Copyright © Kurdi.fi

مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهار دا "زەو"ی مەڕ دێ و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.

پێموانییە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێ، بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ. ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان.

ئەوەیە بۆچوونی منی کەڕەکرمانج کە لە ژیانی باوکم بەسەر مەڕ ڕادەگەیشتم و گەرمێن و کوێستانم دەکرد و بە پسپۆڕی ناوبانگم هەبوو. بەڵێ، ماوەیەکی زۆر وێڕای شوانی شەوگەڕ و شەنگەبێری توند و تۆڵ لە کوێستانە جوانەکانی کوردستانی ڕەنگین ژیانم ڕابواردووە.

زۆر پاڵێنان لە مندارە مانگدا بۆ ئەوەی شوانەکانمان نیوەڕۆ، خەوی بۆ بکەن و شەوانە مەڕ بڕەتێنن بۆخۆم دەستم داوەتە گۆچان و چوومە بەر مەڕ و لەو وەختانە دا بووە شێعرم بە تەبیعەت و خۆڕسک و ژیانی کوردەواری هەڵگوتووە.


Copyright © Kurdi.fi

# نەورۆز

# جەژنێکی کۆنی کوردەواری

## پێشەکی

لەم کورتە باسەدا، من زۆرجار ناوی (ئێران)م بەکار هێناوە. دیارە مەبەستی من لە ناوی ئێران، نە کۆماری ئیسلامی ئێرانە و نە ئەو ئێرانەیە، کە ئێستا هێمایە بۆ پانتاییەکی جوگرافی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دراوسێیەکی هەرێمی کوردستانە.

مەبەستم لە ئێران، ئەو پانتاییە جوگرافییە بەرفراوانەیە، کە بە درێژایی مێژوو بە ئێران بەناوبانگ بووە و گوایە مانای (خاکی ئارییەکان) بێت و بە ڕەگەزێک یا نەتەوەیەکی ئێستایی نەبەستراوەتەوە. ئەم ئێرانەی من مەبەستمە، هەمان ئەو خاکەیە کە ئێمەی کوردیش، لە ڕووی مێژووییی خۆمان بەخاوەنی دەزانین. چونکە یەکەم دەولەت لەسەر ئەم خاکە لە لایەن کوردەوە دامەزراوە و هەرکاتێک بمانەوێت باسی دیرۆکی کورد و کوردستان بکەین، ناچارین بۆ مێژووی ئێرانی کۆن بگەڕێینەوە و ئەم دیرۆکە بە هەموو باش و خراپییەکانی، هەروا کە دیرۆکی فارس و ئازەری و بەلووچە، دیرۆکی کوردیشە بە هەموو خێل و عەشیرەت و زاراوەکانیەوە.

کە واتە، هەرکاتێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، واتە پێش چەسپاندنی بیری نەتەوەیی بەسەر خاک و دانانی سنوورەتازەکان، پێویستە ڕابردووەکەمان لە نێو لاپەڕەکانی مێژووی ئێران بدۆزینەوە و ئەمەشیان هیچ تەسکبینی و


Copyright © Kurdi.fi

ڕەگەزپەرستیی گەرەک نیە، چونکە ئەگەر وا نەکەین، زیان لە خۆمان و نەتەوەی خۆمان دەدەین.

ئێمە خاوەنی ئێرانی کۆنین و لە هەموو شتەکانی، لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئەوکات، هاو پشکین. جا لەم دواییانە هەندێک لە وانە، دەسەڵاتیان گرتە دەست و زۆر ناجوامێرانە، بەشی ئێمەیان زەوت کرد و زمانی خۆیان سەپاند و هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەکەی ئێمەیاندا، ئەمەیان زوڵمێکە و ئێرە جێی باسکردنی نییە.

کەواتە کە بمانەوێت باسی نەورۆز کە جەژنێکی کۆنی سەرزەمینی کوردستانە بکەین، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ مێژووی کۆنی ئێران و لەوێوە باسەکەمان دەست پێبکەین.

## نەورۆز لە کوێوە هاتووە:

نەورۆز یا نوورۆژ، واتە ڕۆژی نوێ، لە جەژنە هەرەکۆنەکانی ئەو خەڵکانەیە کە لە کۆنەوە دانیشتووی سەرزەمینی ئێران بوونە. بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستاش بەتەواوی دیار نیە کە نەورۆز لە کەیەوە دەستی پێکردووە. تەنیا بە پێی دەقە مێژووییەکان، نەورۆز لە سەردەمی مادەوە، وەکوو جەژنێکی کۆن و گەورە هەبووە و بە مەراسیمی تایبەتی پێشوازی لێکراوە.

ئایینی زەردەشت مانگی خاکەلێوە (فەروەردین)ی بە (فەرەهوەشی) ناوبردووە و لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە یەکەم ڕۆژی ئەم مانگە واتە ڕۆژی (ئوورمەزد)، ڕۆژی گۆڕانکاری لە جیهانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاڤێستا زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر نەورۆز و بە تایبەت هۆکاری جەژنەکە باس نەکراوە.

بە پێی هەندێ ڕیوایەت، لە یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە، جەمشید لە سەر تەختەکەی دانیشتووە و خەڵک تیشکی خۆریان لە سەر شانەکانی ئەو دیوە و کردوویانەتە جەژن. ئەو ڕیوایەتە لە شانامەی فیردەوسی باسکراوە و دوای ئەویش

 Copyright © Kurdi.fi

مێژوونووسەکانی ئێرانی و تەنانەت بیانیش ڕیوایەتەکەیان دووبارە کردووەتەوە .
هەندێکیش نەورۆز بۆ کەیخەسرەوی کوڕی پەرویز دەگێڕنەوە و گوایە یەکەم ڕۆژی پاشایەتی ئەو بووە بە نەورۆز.
چەندێکیش نەورۆز دەگێڕنەوە بۆ یەکەم ڕۆژی دۆزینەوەی ئاگر لە لایەن مرۆڤەوە. لەناو کوردیش خەڵکانێک ئەم جەژنەیان بەستووەتەوە بە ڕاپەڕینی کاوەی ئاسنگەر و سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان بەسەر زوحاکەوە و کردنەوەی ئاگری سەرکەوتن.
ئەگەر سەرنج بدەینە هەموو ئەو هۆ و ئەگەرانەی بۆ سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز باسکراون، دەبینین هەرهەموویان بۆ بابەتێکی ئەفسانەیی و خەیاڵی دەگەڕێنەوە و هیچیان ئەوەندە بەهێز و بەڵگەدار نین کە لۆژیکیانە قەناعەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە تێر بکەن.
لە لایەکی تر ئەوەش دەزانین کە بەدرێژەی مێژوو، نەتەوەکانی نیشتەجێ لە سەرزەمینی ئێران، بەسەدان و بەڵکە هەزاران ڕێوڕەسم و بۆنە و جەژنیان هەبووە، کە هەر هەموویان ئێستا لە یاد کراون و ئیتر کەس باسیان ناکات. کەچی نەورۆز وەکو جەژنێکی بایەخدار هەر ماوەتەوە و ئێستاش کاریگەریەکی زۆری تەنانەت بەسەر ژیانی سیاسی خەڵک هەیە و نەتەوەی کورد وەکوو سیمبۆلێکی نەتەوەیی خۆی سەیری دەکات. گەلۆ چی بووەتە هۆی ئەم مانەوەیە؟ بۆ نەورۆز وەکو بۆنەکانی تر، فەرامۆش نەکراوە و دوای هەزاران ساڵ هەر بە بەرزی دێت و بە ڕێزیش بەڕێ دەکرێت؟
من پێم وایە پەیوەندیەکی تۆکمە و بەهێز لە نێوان سروشت و جەژنی نەورۆز هەیە و لە ڕاستیدا جەژنی نەورۆز جەژنی نوێبوونەوەی سروشت و تاوانەوەی بەفر و کۆتایی هاتنی سەرماوسۆڵەی زستان و هاتنی بەهار و جوانبوون و

خـەملێنی دەشـت و کێوەکانـە و هـەر ئـەم هۆیـەش لـە سـەرەتاوە، ئەگـەری سەرهەڵدانی ئەم جەژنە بووە. بۆیەش بە ڕای من هیچ یەک لە پاشا و میر و کەسایەتیەکانی تری مێژوویی، لە دانانی نەورۆز ڕۆڵیان نەبووە، بەڵکوو ئەم جەژنە بۆنەیەکی خەڵکانە و تەنانەت دەتوانم بڵێم هەزارانەی سەردەمی زۆر کۆن بووە و مرۆڤی ئەوکات کە سروشت گوشاری خۆی لەسەری کەم کردۆتەوە و بەفر تاواوەتەوە و تیشکی خۆر گەرمتر بووە و گیا شین بۆتەوە و هتد، ئەمەیان بەخۆشی پێشوازی کردووە و کردوویەتی بە جەژن.

دیارە ئەگەر وابێت، هۆی ئایینی بۆ جەژن لە ئارادا نەبووە تا بە هاتنی دینی نوێ، جەژنەکەش فەرامۆش بکرێت. هەروەها جەژن، بە ئەمری هیچ ئەمیرێک بەسەر خەڵک نەسەپێندراوە، کە بە مردنی کابرا، خەڵک واز لە ڕێورەسمەکە بێنن. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئەم جەژنە بە هۆی بەستنەوەی بە سروشت، ڕۆژێکی دیاریکراوی نەبووە و بە پێی کورت و درێژی وەرزی زستان، ئەویش پاش و پێشی پێکراوە.

بەڵگە دیرۆکیەکانیش هەر ئەم ڕاستیەمان بۆ دووپات دەکەنەوە، چونکە بە پێی دەقە مێژوویەکان، خەڵکی ئێرانی کۆن دوو جەژنیان هەبووە، یەکێکیان **نەورۆز**، کە لە کۆتایی سەرما و سەرەتای هاتنی گەرما بووە، ئەویتریشیان جەژنی **مێهرەگان**، کە لە کۆتایی کۆکردنەوەی خەرمان و داهاتە سروشتیەکان، ڕێک دەخرا. هەر دوو جەژنەکەش پێوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبووە. خەڵکیش ئەو خەڵکە بوون کە لە ڕووی جوگرافی کەوتبوونە شوێنێک کە سەرمای دژوار و داهاتی وەرزێڕیی باشی هەبووە. دیارە ئەم شوێنەش لە ئێرانی کۆن جگە لە کوردستان هیچ شوێنێکی تر نەبووە. چونکە شوێنی هاتنی ئارییەکان، پێش گەیشتنیان بۆ ئێران، شوێنێکی سارد بووە و لە ساڵدا تەنیا


Copyright © Kurdi.fi

دوو مانگی گەرما بووە و دە مانگەکەی تر سەرما بووە و هاتنی وەرزی گەرما لەگەڵ نەورۆز نەدەگونجا. دوای هاتن بۆ ناو ئێرانیش، ئەو شوێنانەی کە فارسەکانی لێ گیرسانەوە، ساڵ بەسەر دووبەشی حەوت مانگ گەرما و پێنج مانگ سەرما دابەش دەکرا و شوێنی جوگرافی ئەوان، وەرزی بەهاری نەبوو. یا سارد بوو، یا گەرم. مێژووی هەخامەنشیەکان (پارسەکان) ئەوەمان بەباشی بۆ ڕوون دەکاتەوە.

لە لایەکی تر مێژوونووسان باسی هەندێ هێمای ئاشکرا دەکەن کە پێشان دەدات، سوومەریەکانیش جەژنێکی وەکوو نەورۆزیان هەبووە. بەڵام لێرەش بەڵگەی بەهێز هەیە کە سوومەرییەکانیش لە رووی فەرهەنگیەوە، پێوەندی بەهێزیان بە دانیشتووانی زنجیرە کێوی زاگرۆسەوە هەبووە.

لەمبارەیەوە (ساموئێل هێنری هوک) لە پەرتووکی ئوستوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێت: وای بۆدەچم کە سوومەریەکان لە دەڤەرە شاخاویەکانی باکووری (نێوان دوو ڕووبار)، بەرەو خوارەوە کۆچیان کردووە. ناوبراو هەروەها درەختی کاج بە نموونە دێنێتەوە کە لە لای سوومەریەکان بایەخێکی تایبەتی هەبووە، کەچی لە لەن و سێگۆشەی خوارووی عێراق نەبووە و تایبەتە بە دەڤەرە شاخاویەکانی زاگرۆس.

(ساموئێل کریمەر) نووسەری پەرتووکی (تەتەڵەکانی سوومەری) دەڵێت: بە بڕوای سوومەرییەکان، خودایەکان لە سەر دەڤەرە شاخاویەکانی زەوی و ئاسمان، ئەو شوێنەی کە خۆر دەردێت، نیشتەجێ بوون.

بەم شێوەیە دڵنیا دەبینەوە کە جەژنی نەورۆز، پێوەندیی بە سروشت و شوێنی جوگرافی کوردستانەوە هەیە و لەناو دانیشتووانی کوردستاندا سەری هەڵداوە و پاشان نەتەوەکانی تریش وەریان گرتووە و فێری بوون و لەبەر ئەوەی کۆنترین


Copyright © Kurdi.fi

نەتـەوە کـە لەسـەر خـاکی کوردسـتان ژیـاوە و تائێسـتاش هـەر مـاوە، نەتـەوەی کوردە، کەواتە کۆنترین و ڕەسەنترین خاوەنی ئەم جەژنە، کوردە.

کـاتی سـەرهەڵدانی جەژنەکـەش، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوکاتـەی مرۆڤـی نیشـتەجێی کوردستان، هەستی بە کاریگەریی ڕووداوە سروشتیەکان، بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆی کردووە و ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەر بەردەوامە.

## نەورۆزی کۆن:

بەداخـەوە، سـەرچاوەی بـاوەڕپێکراو یـا بەڵگـەی بـەهێزی مێژوویی، لـە چۆنیـەتی ڕێورەسمی جـەژنی نـەورۆز، لـە سـەردەمی مادەکـان و بـەر لـەوان، لـە کوردستان لەبەردەست نیە. چونکە دوژمنانی کورد تا ئێستاش ڕێگەیان نەداوە بە باشی لە مێژووی کورد و کوردستان بکۆڵدرێتەوە. بەڵام بە پێی نووسراوە بـەجێماوەکانی بـابلی و هـەروەها دەقـە مێژوویـەکانی هەخامەنشـی، پاشـایەکانی هەخامەنشـی، جەژنی نەورۆزیان وەکوو جەژنێکی دێرین و کۆن زانیوە و مەراسیمی تایبـەتیان تێدا ئەنجام داوە.

بە پێی دەقە مێژوویەکان، پاشاکان جەژنی نـەورۆزیان بەسـەر دوو قۆنـاغ دابـەش کردبـوو. قۆنـاغی یەکـەم لە ڕۆژی یەکـەم تـا کۆتـایی ڕۆژی پێنجـەم، کـە تایبـەت بووە بە دیداری خـەڵک لەگـەڵ پاشا و وەرگرتنـی دیـاری و پێشکەشی. قۆنـاغی دووەم لە سەرەتای ڕۆژی شەشەم دەستی پێکردووە و تا کۆتـایی مانـگ درێـژەی هـەبووە، کـە ئەمـەیان تایبـەت بـووە بـە شـا و بنەماڵەکـەی و ئەوانـەی لـە کۆشـکی پاشایەتی خزمەتیان دەکرد.

لە سەردەمی ساسانیەکانیش، نەورۆز ڕێورەسمی تایبـەتی خـۆی هەبووە و خـەڵک بە گشتی لە پاشا بگرە تا خەڵکی ڕەشوڕووت، هەر یەکە و بە پێی پلە و پایەی خۆی، بەشداری ڕێورەسمەکان دەبوون.

 Copyright © Kurdi.fi

کردنەوەی ئاگر لە ئێوارەی ڕۆژی پێش نەورۆز، ڕێورەسمێکی کۆنی نەورۆز بووە و فارسەکان ئەمەیان بۆ ڕۆژی چوارشەممەی کۆتایی ساڵ گۆڕیوە. بەڵام کورد ئێستاش هەر وەکوو خۆی جێبەجێی دەکات. هەروەها لە کۆنەوە باوبووە کە لە بەیانیی ڕۆژی یەکەمی جەژن، خەڵک ئاویان بە یەکتر دا کردووە، بەڵام دووای هاتنی ئایینی ئیسلام ئەم نەریتە گۆڕانی تێکەوتووە.

## دیاریکردنی ڕۆژی نەورۆز:

هەر وەکوو پێشتر ئاماژەم پێکرد، نەورۆز سەرەتا کاتێکی تەواو دیاریکراوی نەبووە، بەڵکوو خەڵک بە گۆڕانی سروشت هەستیان بە هاتنی نەورۆز دەکرد.

زەردەشتییەکان، بە پێڕەوی لە ئاڤێستا، ڕۆژژمێرێکی ساکاریان بۆخۆیان ڕێکخستبوو. بە پێی ئەو ڕۆژژمێرە، بۆ هەر 30 ڕۆژی مانگ، ناوێکی تایبەتیان هەڵبژاردبوو کە هەر مانگەو لە ناوی یەکەمەوە دەستیان پێ دەکردەوە. لە ئەنجامدا ساڵی ئەوکات 360 ڕۆژ، واتە 12 مانگی 30 ڕۆژە بووە. لە کۆتایی ساڵیش 5 ڕۆژیان لە 12 مانگەکە زیاد دەکرد.

بەڵام بەهۆی نارێکی لە دانانی مانگەکان و هەروەها یەکنەگرتنەوەی خولی زەوی بە دەوری خۆر، لە گەڵ ئەو حیساباتەی بۆ ڕۆژ و مانگەکان دەکرا، زۆربەی جاران سەری ساڵ لەگەڵ ڕۆژی نەورۆز یەکی نەدەگرتەوە. بە مانایەکی تر وەکوو ساڵی کۆچیی عەرەبی، ساڵی کوردیش، ساڵانە گۆڕانی بەسەردا دەهات.

بۆ وێنە لە ساڵی 632ی زایینی کە یەزدگردی سێیەم واتە دوایین پاشای ساسانی دەسەڵاتی وەرگرت، یەکەم ڕۆژی سەری ساڵ دەکەوتە ڕۆژی 16ی حوزەیران. بۆیەش ساڵی یەزدگردی پێویستی بە هەمووارکاری هەبوو.

لە ساڵی 1078ی زایینی زانای ناودار عومەری خەیام، کێشەی ساڵی یەزدگردیی چارەسەر کرد و ناوی نا، ڕۆژژمێری جەلالی .


Copyright © Kurdi.fi

به پێی ئەم ڕۆژژمێرە کە ئێستاش کاری پێدەکرێت، سەرەتای ساڵ ڕۆژێکە، کە خۆر لە نێوان نیوەڕۆی ڕۆژی پێشتر و ئەو ڕۆژە، دەکەوێتە بورجی حەمەلەوە.

لە ساڵی 1925 حکومەتی ئێران بڕیاری دا کە ڕۆژژمێری هەتاوی بکاتە ڕۆژژمێری فەرمیی وڵات و بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک لە ژماردنی ڕۆژەکان ڕوو نەدات، بڕیار درا شەش مانگی نیوەی مانگی یەکەمی ساڵ، هەر مانگە و 31 ڕۆژ و پێنج مانگەکەی دواتر هەرمانگەو 30 ڕۆژ و مانگی ڕەشەمەش 29 ڕۆژ دابندرێت و هەر چوار یا پێنج ساڵ جارێک، ئەم مانگە بکرێتە 30 رۆژ. ئەو ساڵەی کە مانگی رەشەمەکەی 30 ڕۆژ بێت، ساڵی کەبیسەی پێ دەوترێت.

شایانی باسە لە خولێکی 33 ساڵە، هەشت ساڵی کەبیسە هەیە. واتە لە هەر خولێک تەنیا جارێک دوای پێنج ساڵ، ساڵی کەبیسە حیساب دەکرێت. حکوومەتی ئێران بەم بڕیارەی، جەژنی نەورۆز و ساڵی هەتاویی کە لە ڕاستیدا ساڵی کوردیە، کردە نەورۆز و ساڵی فارس و کوردی لێ بێوەری کرد.

لەناو کوردان مانگەکانی کوردی بە پێڕەوی لە ڕووداوە سروشتیەکان، داندراون. لە ڕۆژژمێری کوردیی ئێستا، ناوی مانگەکانی کوردی بریتین لە:

| ژ.مانگ: | کرمانجی خواروو: | کرمانجی سەروو: | فارسی: |
|---|---|---|---|
| یەک | خاکەلێوە | ئادار | فەروەردین |
| دوو | بانەمەڕ | نیسان | ئۆردیبێهێشت |
| سێ | جۆزەردان | گوڵان | خۆرداد |
| چوار | پووشپەڕ | حوزەیران | تیر |
| پێنج | گەلاوێژ | تیرمەھ | مۆرداد |
| شەش | خەرمانان | تەباخ | شەهریوەر |
| حەوت | ڕەزبەر | ئەیلوون | مێهر |
| هەشت | خەزەڵوەر | چریا ئێکێ (جۆتمەھ ) | ئابان |
| نۆ | سەرماوەز | چریا دوویێ (مژدار) | ئازەر |
| دە | بەفرانبار | کانوونا بچووک | دێی |
| یازدە | ڕێبەندان | کانوونا مەزن | بەهمەن |
| دوازدە | ڕەشەمە | شوبات | ئێسفەند |

 Copyright © Kurdi.fi

## ڕۆژی نەورۆز لە ناو کوردان:

هەر وەکو پێشتر باسم کرد، جەژنی نەورۆز لە گەڵ ئەوەی کە سەرەتا لەناو کوردان لە دایکبووە، بەڵام دوای ماوەیەک بووە بە جەژنی هەموو ئەو نەتەوانەی لە ئێرانی کۆندا پێکەوە ژیاون. بۆیەش لە ڕووی دابونەریت و تەنانەت کاتی نوێبوونەوەی ساڵ زۆر لە یەکتری نزیکن.

بۆ وێنە سەبارەت بە ڕۆژی نەورۆز و کاتی نوێبوونەوەی ساڵ، ئەحمەدی خانی لە مەم و زینی خۆیدا بە ئاشکرایی باس دەکات کە ئەوکاتەی ڕۆژ کەوتە بورجی حەمەلەوە، نەورۆز دەست پێدەکات.

قەندیلێ مونیرێ دێرێ ئەزرەق    مێشکاتێ حەمەل کو کر مورەوەق
سەرساڵ کو بوو ژنووڤە مەعموور    میر دایە کورێ دتازە دەستوور

یا لە شوێنێک یتر ئەحمەدی خانی بەم شێوەیە کاتی سەری ساڵی کوردی و ڕۆژی نەورۆز دەستنیشان دەکات:

وەقتێ وەکوو شەهسەوارێ خاوەر    تەحویل دکر د ماهێ ئازەر
یەعنی کو دهاتە بورجا سەرساڵ    قەت کەس نەدما دمەسکەنێ و ماڵ
بیلجوملە دچوونە دەر ژمالان    حەتتا دگەهیشتە پیرو کالان
ڕۆژا کو دبوویە عەیدا نەورۆز    تەعزیم ژ بۆ دەما دلئەفرۆز

لە هۆنراوەکەی ئەحمەدی خانی بە ئاشکرایی دیارە کە ساڵی کوردی و ڕۆژی جەژنی نەورۆز، بە پێی حیساباتی ئەستێرەناسی دیارکراوە و هیچ پێوەرێکی تر بۆ دیارکردنی ڕۆژی نەورۆز نەبووە.

چونکە نەورۆز، جەژنێک نییە کە پێوەندی بە ڕووداوێکی سەرزەوی هەبێت، بەڵکوو بە خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆر بەستراوەتەوە.

دەورا فەلەکێ ژ بەختێ فیرۆز    دیسان کو نوما ژ نووڤە نەورۆز

بەداخەوە لە بەر ئەوەی کورد لەو دواییانە، نەبوو بە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ و کەوتە ژێر دەسەڵاتداریەتی تورک و عەرەب و فارس، بۆیەش نەیتوانی وەکوو پێویست، خزمەتی دابونەریت و کەلەپووری خۆی بکات و سەرەڕای هەوڵی زۆر بۆ پاراستنیان، دیسان تەسلیمی هەندێ گۆڕانکاری بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، جەژنی نەورۆز، دەکاتە بۆنەیەکی سیاسی و بە یادکردنەوەی نەورۆز، بوونی کورد و نەتەوەکەیان و بەردەوامیان لە خەبات، دەسەلمێنێت.

ئێستا لە باشووری کوردستان، نەورۆز تەنیا وەکوو جەژنێکی کۆن سەیر دەکرێت و بە تەواوی مانای سەری ساڵی لێ سڕاوەتەوە. تەنانەت لە دەستووری عێراقیش هیچ ئیشارەیەک بە ساڵی کوردی نەکراوە و من لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانیش، شتێکی ئەوتۆم لەمبارەیەوە نەبینیوە. حکوومەتی هەرێمیش ئەم ساڵە کوردیە بە فەرمی بەکار ناهێنێت. کەچی لە ڕاستیدا نەورۆز، ئەگەر سەری ساڵی کوردی نەبێت، هیچ مانایەکی نیە و ئەگەر وا بڕوات، پاش ماوەیەک نرخ و پیرۆزی خۆی لە دەست دەدات.

ناکرێت جەژنێک کە هەزاران ساڵ بەر لە زایین هەبووە و کاری پێکراوە، ئێستا بە پێوەری زایینی کاتەکەی دەستنیشان بکرێت، بەڵکوو پێویستە کارەکە پێچەوانە بێت. جگە لەمەش ساڵی کوردی زۆر لە ساڵی زایینی وردتر و حەقیقیترە و مەرج نیە هەموو ساڵێک ڕۆژی نەورۆز بکەوێتە 21ی مانگی 3ی ساڵی زایینی. هەندێ ساڵ ڕۆژی نەورۆز دەکەوێتە 20ی مانگ و هەندێساڵیش دەکەوێتە 22ی مانگی 3. کەچی ئێمە هەمیشە ڕۆژی 21ی مانگی 3ی ساڵی زایینی، بە ڕۆژی نەورۆز حیساب دەکەین و تەنانەت ئەم هەڵە گەورەیە، تێکەڵ بە هونەر و مۆسیقاو هۆنراوەی شاعیرانی ئەو سەردەمەش بووە.


Copyright © Kurdi.fi

نابێ لەبیر بکەین کە کاتی گۆڕانی ساڵی کوردی یا هەتاوی، ڕووداوێکی سروشتییە و لە سەرانسەری جیهان لە یەک کاتدا ڕوو دەدات. واتە خۆر دەکەوێتە بورجی حەمەلەوە. ئەمەشیان لەبەر ئەوەی شەو و ڕۆژ 24 کاتژمێری تەواو نیە، ساڵ بەساڵ گۆڕانی تێدەکەوێت و پێویستە بە ڕێگەی ئەستێرەناسیەوە حیسابی بۆ بکرێت.

## داب‌ونەریتی نەورۆز:

نەورۆزیش وەکوو هەموو جەژن و ڕێورەسمەکانی ئایینی و کۆمەلایەتی، کۆمەڵێک داب‌ونەریتی هەیە کە بەداخەوە لەناو کوردان و بە تایبەت لە باشووری کوردستان، تەنیا ئاگر کردنەوە و چوونە دەرەوە لە ماڵ ماوە و ئەوانی تر فەرامۆش کراون.

ئەحمەدی خانی لە کۆنترین دەقی کوردی، کە باس لە داب‌ونەریتی نەورۆزی کوردی دەکات، دەڵێت: لە کۆنەوە باو بووە کە لە نەورۆز، خەڵک بە گشتی ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دەهێشت و ڕوویان لە سروشتی کوردستان دەکرد. هەروەها بە پێی وتەکانی ئەحمەدی خانی ، باو بووە کە لەم ڕۆژە، سوارچاکان پێشبڕکێی ئەسپ سواریان ڕێکخستووە و خەڵکی تریش جوانترین جل‌وبەرگیان لەبەر کردووە و خۆشترین بۆن و بەرامەیان بەکار هێناوە و کچان و کوڕان خۆیان ڕازاندووەتەوە و ئەم دیاردەیەش شەرم نەبووە و مەبەست ئەوە بووە کە هەر کەسەو هاوکووفێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی پاشان ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێک بێنێت. دیارە ئاشنایی مەم و زینیش هەر لێرەوە دەستی پێکردووە.

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە خۆم هەمە و هەروەها دەقە مێژووییەکان، نەورۆز هەندێ ڕێورەسمی تریش لەگەڵدا بووە کە من هەوڵ دەدەم لێرە هەندێک لەو نەریتە کۆنانە بە کورتی باس بکەم:

Copyright © Kurdi.fi

## 1- چاندنی سەوزە:

لە کۆنەوە باو بووە کە نزیکەی مانگێک پێش هاتنی نەورۆز، لە هەر دەڤەرێک، هەندێ کۆڵەکەیان لە خۆڵ و بەرد دروست دەکرد و لەسەر کۆڵەکەکان گەنم، جۆ، برنج، پاقلە، هەرزن، گەنمە شامی، لۆبیا، نۆک، کونجی، ماش و نیسک یان شتی تریان دەچاند. ڕەنگە ئەم نەریتە لەوەوە هاتبێت کە لە کۆنەوە، خەڵک دانەوێڵەی جۆراوجۆریان دەچاند تا بزانن لە ساڵی داهاتوو، کامەیان باشتر و جوانتر بەر دەدات. ئێستا لە هەندێ شوێن لە کوردستان و لە ئێران، خەڵک گەنم و جۆ دەچێنن و لە ڕۆژانی جەژن حەلوای پێ دروست دەکەن.

## 2- کولە چوارشەممە (قولە چوارشەممە):

لە کۆنەوە باو بووە و ئێستاش لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەم نەریتە هەرماوە، کە لە دوایین چوارشەممەی ساڵ، ئێوارە کوڕ و کچانی لاو دەچنە سەربانی مالانی دراوسێ و لە پەنجەرە یا کولانگەی خانووەکە، توورەکە یا پشتێند یا پەڕۆیەک شۆڕ دەکەنە خوارەوە و دەستەواژەیەکی تایبەت دەڵێنەوە و داوای دیاری لە خاوەنماڵ دەکەن. ئەم دەستەواژەیە، ناوچە بە ناوچە جیاوازە، بەلام هەمووی هەر یەک مانا دەبەخشێت. بۆ وێنە لە دەڤەری مەرگەوەڕ باوە کە کچ و کوڕان دەچنە سەربانەکە و توورەکەکە شۆڕ دەکەنەوە، دەڵێن: سەرێ ساڵێ بنێ ساڵێ، خودێ (فلانەکەس) بکەتە زاوایێ مالێ، تشتەکی بۆ مە بکەت ناو دەستمالێ. ئەم (فلانەکەسە) دەتوانێت هەریەک لە ئەندامانی خێزانەکە بێت، تەنانەت باوکیش.

ئاشکرایە کە کوڕ و کچانی ئەویندار، هەوڵ دەدەن لەم دەرفەتە سوود وەرگرن و باشترین دیاری پێشکەشی خۆشەویستەکەیان بکەن.

ئەم دابونەریتە لەناو فارس، چوارشەممە سووری پێدەڵێن و خودی شارەزا فارسەکان پێیانوایە کە پەیڤی سوور، هەمان سووری کوردیە و بۆیەش لە


Copyright © Kurdi.fi

ئێـوارەی رۆژی سێشـەممە، ئـاگر دەکەنـەوە و بەسـەریدا بـاز دەدەن. ئـەم نەریتـەی بازدانی بەسەر ئاگر، لە باکووری کوردستانیش بەرچاو دەکەوێت.

3- میری نەورۆزی:

میری نەورۆزی، میرێـک بـووە کـە لـە مـاوەی ڕۆژانـی جـەژنی نـەورۆز، لـە لایـەن خەڵکـەوە لـە نێـو خۆیـان و لـە هـەژارترینیان هەڵـدەبژێردرا و هـەموو کەسـیش تەنانەت ئاغا و بەگ و ریش سپی و گەورەکانی ناوچەکە، دەبوایە پێڕەوی لـێ بکـەن. میـری نـەورۆز بڕیـاری قورسـی بەسـەر دەوڵەمەنـدان دەسـەپاند و دوای تەواوبوونی ماوەی میرایەتیش، کەس مافی ئەوەی نـەبوو، تۆڵـەی لـێ بکاتـەوە. ئـەم نەریتە ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ماوە.

ئەبوو رەیحانی بیروونی دەڵێت ئەم دابونەریتە، لەسەردەمی ساسانیەکان بـاو بـووە و مێژوونووسانی تری فارسیش لە نووسینەکانیان باسیان کردووە.

سەبارەت بە ماوەی میرایەتی میـری نـەورۆز، وتـەی جۆراوجـۆر هەیـە و هەنـدێک پێنج رۆژو هەندێکیش بە سێزدە ڕۆژی دەزانن. حافزی شیرازی دەڵێت:

سۆخەن دەر پەردێ میگوویەم چۆ گول ئەز غۆنچێ بیروون ئای

کێ بیش ئەز پەنج رووزی نیست، حۆکمێ میرێ نۆورووزی

4- سفرەی حەوت سین:



لە کۆنەوە باوبووە کە لە جەژنی نەورۆز، خەڵـک سفرەیەکیان راخسـتووە و خواردەمـەنی جۆراوجۆریـان لەسـەر دانـاوە. کـە ئێستا سفرەی (حەوت سین)ی پێ دەڵێن.

مێژوونووسانی ئێرانی لەم باوەڕەدان کە ئـەم سـفرەی حـەوت سینە، پێشان بە سفرەی حەوت شین بـەناوبانگ بـووە، بـەڵام


Copyright © Kurdi.fi

لەم دواییانە، بۆ حەوت سین گۆڕانی تێکەوتووە. منیش پێموایە حەوت شین، بە مانای حەوت جۆرە شینایی، واتە گیا یا دانەوێڵەی لە خاکا دەرهاتوو بووە، کە هەردەگەڕێتەوە بۆ نەریتی چاندنی سەوزەو دانەوێڵە، کە پێشتر باسمان کرد. (گۆیا یەک لەو شتانەی کە لە سەر سفرەی حەوت شینیان داناوە شەڕاب بووە، بەڵام دوای زاڵبوونی ئیسلام بە سەر ئێراندا شەڕاب حەرام کراوە و لە ژێر تەوژمی عەرەبان وشەی حەوت شینیان گۆڕاوە بە حەوت سین).

ئێستا لە ئێران ئەم سفرەیە دادەندرێت و حەوت جۆرە شت کە ناویان بە پیتی (س) دەستپێدەکات، لەسەر سفرەکە ڕێز دەکرێت و ئاوێنە و ماسیشی لێ زیاد کراوە.

### 5- سێزدەبەدەر:

ژمارەی 13 لەناو کورد و تەنانەت فارسەکانیش (لە زۆر وڵات و کولتووری دیکەشدا)، بە ژمارەیەکی شووم و خراپ دەناسرێت. بۆ وێنە لەناو کوردا کە ژماردن دەگاتە 12، لە جیاتی 13 دەڵێن زیادە. لە ئێرانیش تا چەن ساڵ لەمەوبەر خەڵک ڕێگەیان نەدەدا ژمارەی 13 لەسەر دەرکی ماڵەکانیان بنووسرێت و لە جیاتی دەیاننووسی (1+12). ژمارەی 13 لەناو عەرەب و تەنانەت مەسیحییەکانیش، بە ژمارەیەکی شووم دادەنرێت.

هەندێ لە شارەزایان و دیرۆکناسان، ئەم بیروباوەڕە بۆ ئوستوورەکانی کۆنی کوردی - ئێرانی دەگێڕنەوە. چونکە لە کۆنەوە ژمارەکانی 3 و 7 و 13 پێشاندەری چەمکێکی تایبەتی و دیار بوون و کاریگەری زۆریان بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبووە. بەڵام لە ناو کوردان ژمارەی 13 لە سەرەتاوە، مانا شوومەکەی نەبووە و تەنانەت بە ژمارەیەکی باش و خێردار تۆمار کراوە.

 Copyright © Kurdi.fi

زەردەشتیەکان لەو بڕوایەدا بوون، کە تەمەنی جیهان 12000 ساڵ دەبێت و دوای ئەم ماوەیە، سۆشیانت دێت و بە هاوکاری خەڵک بەسەر ئەهریمەن سەردەکەوێت و لە هەزارەی سێزدەهەم، خەڵک لە بەهەشت درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

بەمشێوەیە، لە ساڵژمێری کۆن، 12 ڕۆژی سەرەتای ساڵ، وەکوو هێمایەک بۆ 12000 ساڵەکەی شەڕی مرۆڤ لەگەڵ ئەهریمەن، حیساب دەکرا و ڕۆژی سێزدەهەم، ڕۆژی ڕزگاری لە ژیانی ماددی و بەرزبوونەوە بۆ بەهەشت بووە. بۆیەش ئەمڕۆژە بە ڕۆژی باران بارین و سەوز بوونەوەی زەوی دەزانرا، کە دیمەنی بەهەشتی بە ژینگە دەبەخشی.

بەهەرحاڵ وا باوبووە کە خەڵک ڕۆژی سێزدەی نەورۆز، لە ماڵەکانیان دەچوونە دەرەوە و تا ئێوارە لە دەشت و سەحرا دەمانەوە و بەم شێوەیە، ڕێورەسمی جەژنی نەورۆز کۆتایی پێدەهات.

## نەورۆز لە سەردەمی ئیسلامەتیدا:

لە سەرەتای ئیسلامەتیدا، نەورۆز بە تەواوی سەرنجی عەرەبەکانی ڕانەکێشا. بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی ئومەوی، لە پێناو زیادکردنی داهاتی خۆیان، خەڵیفەکانی ئومەوی دابونەریتی نەورۆز، بەتایبەت پێشکەشی و هەدیەیان گەشە پێدا و بە پێی نووسراوەکانی جۆرجی زەیدان لە پەرتووکی شارستانیەتی ئیسلامی، لە سەردەمی موعاوییە، دیاریی ئێرانیەکان بۆ خەلیفە، دەگەییشتە بڕی پێنج تا دەملیۆن دەرهەمی ئەوکات. خەلیفەکانی تریش هەر لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بوون، جگە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، کە گوایە لەسەردەمی ئەو ئەم دابونەریتەی دیاری هێنانە، پێشی لێ گیرا.


Copyright © Kurdi.fi

لە ناو موسوڵمانەکان، مەزهەبی شیعە، بایەخێکی زۆری بە نەورۆز داوە و لە کتێبە پیرۆزەکانی مەزهەبی شیعە، ڕۆژی نەورۆز بە ڕۆژێکی پیرۆز یاد کراوەتەوە.

لە پەرتووکی (بحارالانوار)ی عەللامەی مەجلسی، ڕیوایەتی جۆراوجۆر لەسەر نەورۆز باسکراوە، کە نیشانەی بایەخدانی ئیمامانی مەزهەبی شیعە بەم ڕۆژەیە. بۆ وێنە لە بەرگی 59 ی ئەم پەرتووکە، زیاتر لە 45 لاپەرە، بۆ باسی نەورۆز، تەرخان کراوە.

عەللامەی مەجلسی دەڵێت: موعەللا بن خنیس گێڕایتەوە کە ڕۆژی نەورۆز، چوومە خزمەتی ئیمام جەعفەری سادق (س.خ). ئیمام بەمنی فەرموو: ئەی موعەللا، نەورۆز ڕۆژێکە کە پەروەردگاری جیهان، پەیمانی لە بەندەکانی خۆی وەرگرت کە بیپەرستن و هاوتای بۆ دانەنێن و ئیمان بە پێغەمبەران و ئیمامان بێنن. نەورۆز یەکەم ڕۆژە کە خۆر تێیدا هەڵاتووە و هەوا جووڵانی خۆی دەستپێکردووە و هەسارەی زەوی لە رۆژێکی وادا دروستبووە.....گوڵەکانی زەوی لەو ڕۆژەدا خەلق کراون و لە ڕۆژێکی وا بوو کە کەشتی (گەمێی) نووح لەسەر کێوی جوودی نیشتەوە..... هەر ئەو ڕۆژەیە کە ابراهیم (د.خ) بتەکانی شکاند.....هەر لەو رۆژەیە کە مەهدی (س.خ) دێتە خوارەوە و ئێمە لەم ڕۆژەدا چاوەڕوانی هاتنی ئەو دەکەین. (هەروەتر دەڵێن کە حەزرەتی عەلی (س.خ) لەو ڕۆژەدا لەدایکبووە).

ڕیوایەتی زۆری تریش هەیە، کە باس لە بایەخ پێدانی جەژنی نەورۆز، لە لایەن ڕێبەرە ئایینییەکانی ئیسلامی، لەسەردەمی کۆن دەدات. کەچی ئێستا هەندێ کەس و لایەن، کە بەناوی ئایین سیاسەت دەکەن، وا بڵاو دەکەنەوە کە گوایە نەورۆز لە گەڵ ئیسلام ناکۆکە و پێویستە خەڵک وازی لێ بێنن.


Copyright © Kurdi.fi

## کۆتایی:

جەژنی نەورۆز، جەژنێکی کۆنی کوردستانە و هۆی بەردەوامیی لە درێژەی مێژوو، سروشتی و خەڵکانە بوونی جەژنەکەیە. کورد هەمیشە وەکوو سەری ساڵی نوێ سەیری نەورۆزی کردووە و بۆیەش ئەگەر تەنیا بە چاوی جەژنێکی ڕووت سەیری بکرێت، بایەخی خۆی لە دەست دەدات.

جەژنی نەورۆز، ئێستا بۆتە سیمبولێکی نەتەوەیی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و هەموو پارچەکانی کوردستان پێکەوە دەبەستێتەوە. بۆیەش پێویستە دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان ، زۆر لەوە زیاتر بایەخی پێ بدات و بیکاتە سەری ساڵی کوردی و بە فەرمی کاری پێ بکات.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەتوانن لە ڕێگەی بەرنامەکانیانەوە، زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بۆنە نەتەوەییە، پێشکەشی خەڵک بکەن و هانیان بدەن، داب‌ونەریتەکانی زیندوو بکەنەوە.

ساڵە هەرکی


Copyright © Kurdi.fi

ژێرنووسەکان:

- ناوی نەورۆز لە راستیدا نەورۆژ یا نوورۆژ بووە. لە زمانی فارسی لە زۆر شوێن بە هۆی کاریگەریی زمانی عەرەبی، پیتی (ژ) کراوەتە (ز). بۆ وێنە (ژەن) بووەتە (زەن). یا (رۆژ) بووەتە (روز). لە حاڵێک لە زمانی زەردەشتیەکانی ئێستاش هەر دەڵێن (ژەن). دیارە کورد ناوەکوردیەکەی بەلا ناوە و ناوە فارسیەکەی بەکار هێناوە. یا خود کوردیش وەکوو فارس کەوتووەتە بەر کاریگەریی زمانی عەرەبی.

- سەیری شانامەی فیردەوسی و هەروەها (برهان قاطع) بکەن.

- من ئەمەیان بەدوور لە راستی دەزانم و پێموایە بەستنەوەی ئەم دووە بە یەکتری هەڵەیەکی گەورەیە.

- سەیری گاه شماری – تقی زادە لاپەرە 44 بکەن.

- ئەوکات ساڵ بەسەر دوازدە مانگی 30 رۆژە دابەش دەکرا کە کۆی گشتی دەکردە 360 رۆژ. 5 رۆژەکەیتریان لە کۆتایی مانگی رەشەمە لە ساڵەکە زیاد دەکرد. کە پێکەوە دەیکردە 365 رۆژ. بەڵام دیسان 5 ساعەت و 48 خولەک و 45 چرکە دەمایەوە کە هەر چوار ساڵ جارێک دەیکردە رۆژێک و لەبەر ئەوەی حیسابی بۆ نەدەکرا، گۆڕانی لە رۆژی سەری ساڵ درووست دەکرد.

- سەیری (نێر، سیدحسین، علم و تمدن در اسلام، ترجمە احمد آرام، نشر اندیشە، تهران، 1350) بکە.

- مەم و زین ــ ئەحمەدێ خانی ـ ڤەژاندنا پەرویز جیهانی ـ چاپا یەکێ 1367، لاپەرە 66.

- هەمان سەرچاوە لاپەرە 62

- هەمان سەرچاوە، لاپەرە 64.


Copyright © Kurdi.fi

- بۆ وێنە گۆرانیبێژی جوانەمەرگی کورد، ئەیاس زاخۆلی، لە گۆرانییەک دەڵێت: (نەورۆز هاتۆب گول و ریحان/ جەژنا مەیا ل بیستوئێکێ).

- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەیری مەم و زینی ئەحمەدی خانی بکەن.

- ابوریحان بیرونی - التفهیم

- واتە ناراستەوخۆ پێت دەڵێم کە وەکوو گوڵ لە خونچە بەدەر کەوە و بگەشێوە، چونکە دەسەڵاتی میری نەورۆزی لە پێنج رۆژ زیاتر نیە.

- سەیری پەرتووکی آثارالباقیە بکەن.

- فرهنگ فارسی دکتر معین، جلد چهارم، تهران 1381.

- علامە مجلسی، بحارالانوار، بەرگی 59، لاپەرە 91، باب 22.

❊ ئەم بابەتە لە لایەن ماڵپەڕی وانەی کوردیەوە هەندێک دەسکاری کراوە.

*http://www.salehharki.com*



 Copyright © Kurdi.fi

2004-11-01

**لەو کاتەوە جلکی سپیم لەبەر کرد ...**

سنە: شەیدا کازمی



تەمەنی لە 15 یان 16 ساڵ تێپەڕناکا، بەڵام واتای هێمنێتی و ئارامیی بە باشی دەزانێ، تەواوی ئارەزووەکانی یەکجێ لەپێناوی گەیشتن بە ئارامیی خولاسە کردووەتەوە.

«شەریفە» کیژێکی خەڵکی گوندی کۆخانی سەر بە ناوچەی دێگولانی سنەیە. دە مانگ پێش، کاتێک کە جلکی سپیی بووکێنەی دەبەرکرد و لە ناو بەزم و شایی خزم و دەوروبەردا پێی نایە ماڵە مێرد، لەو فکرەدابوو کە لە فەرق و جیاوازیی و ئاڵۆزیەکانی ماڵی باوانی قوتاری هاتووە، بەڵام مانگێک دواتر تەواوی ئارەزووەکانی پووچەڵ بوونەوە.

«شەریفە»، سەبارەت بە ژیانی خۆی ئێژێ: منداڵی دووهەمی خێزان بووم. باوکم کارگەرێکی سادە بوو. خوشکێک و سێ برام هەبوو. بەڵام، هەر لە سەرەتای منداڵیەوە فەرق و جیاوازییەکانم بە چاوی خۆم دەدی کە لە نێوان کچ و کوڕدا دایاندەنا.


Copyright © Kurdi.fi

بیرەوەریی ژیانی هاوبەش بۆ «شەریفە» ئەوەندە تاڵ و دەردناکە کە لە خودای دەوێ وێـــڕای هـــەموو ئـــەم فـــەرق و جیاوازیانـــە بگەڕێتـــەوە مـــاڵی بـــاوانی. ـ شووکردن ناخۆشترین خاترەی ژیانی منە. باوەڕم نەدەکرد بە بۆنەی پارچە زەویەک، مێردەکەم و بنەماڵەکەی ناچارم بکەن لە دژی باوکم سوێندی بە درۆ بخۆم و پێموانەبوو دوای خۆبواردن لەوکارە، ماوەی نۆ مانگ ئەشکەنجەم بدەن؛ نۆ مانگ لە دەستشۆریی ماڵەکەیان بمبەستنەوە و زنجیرم بکەن و، بە ڕۆژیش لە بەر سوورەتاوێ ڕام بگرن. باوەڕم نەدەکرد دەستەکانم بە تەناف ببەستن و هەڵم ئاوەسن و، مێردەکەم لە ئاست شکانی هەر دوو باسکەکانم نە بای پێدا بێ و نە باران.

فرمێسک دە چاوەکانیدا قەتیس ماوە و دەڵێ: خواردنی من لەو نۆ مانگەدا ڕۆژنارۆژێک وردکەنان و چێشتی کۆن و بەیاتی وان بوو. وە برای مێردەکەم بە شیشەی داغ بەدەنی دەسووتاندم و ئەندامە «١٠» سەر خێزانیەکەی ماڵە شووەکەم هەرکام بە شێوەیەک ئەشکەنجەیان دەکردم. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە مێردە «١٧» ساڵانەکەشم دەگەڵ وان هاودەست ببوو.

لە نێوان قاقڕی ژیانیدا چاوی دەچاوی من بڕیوە و فکر لە گوڵێک دەکاتەوە کە لەوانی دیکەی زیاترخۆش دەوێ. تاوێک دواتر زەردەخەنەیەک دەنیشێتە سەر ـ

 Copyright © Kurdi.fi

لێوەکانی و دەڵێ: ئەمن عاشقی گوڵی گوڵاوم. دەڵێ: چەندم پێخۆشبوو بڕۆمە مەدرەسە. چەندم خۆش گەرەک بوو لە پشت مێز و نیمکەت دابنیشم. بەڵام ئەو ئارەزوویەی من لەبەرچاونەگیریا. دایکم ژنێکی نابینا بوو. هەرچی گوتبای هەرئەوەسە دەبوو، باوکم پیاگێک بوو بێ سەواد کە بۆ کارکردن هەفتەگەل لە ماڵەو نەبوو و بۆ ناوچەگەلی جۆراوجۆر دەچوو.

«شەریفە» چاوی دە نوختەیەکی دوورەدەست بڕیوە. دڵەخورپە، شەکەتیی و خەم و پەژارە لە نیگاکانی ڕا دادەبارێنە سەر پەڕی کاغەزەکانم.

ـ نازانم ئەگەر لە بێهزیستی (باشخانوو) مەرەخەسم بکەن و ناچار بە گەڕانەوەی ماڵی باوانم بم، چ ڕەفتارێکم لەگەڵدا دەکەن.

لەو ماوەیەدا تەنیا کەسێک کە بۆ چاوپێکەوتنی شەریفە هاتووە باوکی بووە و دایکی وی هیچ سۆراغێکی نەکردووە.

«شەریفە» ئاخرین قوربانی نیە. بێشک دەنگی ئەو کیژە گوندیە بێپەنایەش بۆ هەمیشە هەروا نامێنێتەوە. خۆزیا دابونەریتی هەڵە و سوننەتیش کە بەدیهێنەری کارەساتی لەم چەشنەن هەر نەمێننەوە.

• • •

وەرگێڕانەوە: هێرش


Copyright © Kurdi.fi

# شەرەفخانی بەدلیسی



شەرەفنامە بە گەورەترین شاکاری مێژووی گەلی کوردستانە، کە بە سەرەتا و دەسپێکی مێژووی نوێی گەلی کورد دادەنرێت.

شەرەفخانی بەدلیسی خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکی گرنگی مێژووی رامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتی و کلتووری گەلی کوردستانە، شەرەفخانی بەدلیسی کە گەورەترین رووناکبیر و نووسەری سەردەمی خۆیەتی بەنووسینی شەرەفنامە زانیاری زۆر و زەبەندی لەمەر جوگرافیا و ژیانی رامیاری و دەسەلاتی کورد و زمان و رووە هەمەجۆرەکانی کۆمەلگای کوردی بۆ تۆمار کردوین.

شەرەفخان کوری شەمسەدین بەدلیس لە رێکەوتی 1543.02.25 لە گوندی "گەرمەرووی" سەر بەشاری "قوم" لە ئێرانی عەجەم لە دایکبووە.

لەدیوەخانی "شاتەهمان سپی یەکەم" لەساڵی (1543 تا 1576) لەگەڵ کورەکانی ئەودا ژیاوە. لە ئێران شا ئیسماعیلی سەفەوی ساڵی 1576 پایە و نازناوی میری میران دەبەخشێتە شەرەفخان و دەیکاتە سەرۆکی هۆزی کوردەکانی ئێران.

Copyright © Kurdi.fi

لە کانوونی دووەمی ساڵی 1578 لە جەنگی نێوان ئێرانیەکان و عوسمانیەکاندا پشتی ئێرانیەکان بەردەدات و بەخۆی و 400 چەکدارەوە لایەنگری دژ بە ئێران دەوەستێ و سەرکردایەتی عوسمانیەکان دەکات. لە ساڵی 1589 سوڵتان مورادی سێهەم دژ بە ئێرانیەکان پایە و نازناوی خان دەبەخشێتە شەرەفخان و دەیکاتە میری ویلایەتی بەدلیس. لە ساڵی 1590 واتا لە تەمەنی 53 ساڵیدا جڵەوی فەرمانڕەوایی خۆی دەداتە دەست کورەکەی خۆی شەمسەدین بەگ.

لە ساڵی 1591 تا 1592 دەست دەکات بە نووسینی شەرەفنامە و لە 1597.08.04 لە نووسینی شەرەفنامە تەواو دەبێت و پوختەی نووسینەکانی لە ساڵی 1597دا کۆتایی پێهێنا و بەم جۆرە بۆ یەکەمجار پرۆژەی تۆمارکردنی مێژووی کوردی ئەنجامدا.

میر شەرەفخان لە ساڵی 1012ی کۆچی دا بەرامبەر بە ساڵانی 1603-1604ز کۆچیدوایی کردووە. بەساڵنامەی زایینی 60 ساڵ ژیاوە و بە ساڵنامەی کۆچیش 63 ساڵ ژیاوە.

شەرفنامە گەلێ بابەتی سەرەکی و گرنگی گرتۆتەخۆ وەکو ئەمانەی خوارەوە:

1- حکوومەتە کوردییەکانی مەڕوانی و حەسنەوی و فەزلەوی (فضلوی) و ئەیووبی.
2- حاکمە کوردیەکانی پشتاوپشت حوکمڕانیان کردووە.

Copyright © Kurdi.fi

3- ئـەو حاکمـە کوردانـەی پارەیـان لێـداوە و وتاریـان بـەناو خوێندراوەتـەوە.

4- جگە لەمانەش بەدوور و درێژی باسی حکوومەتی بتلیسی (بەدلیسی) کردووە.

پەرتووکی شەرفنامە لە کۆنەوە گرنگیەکی زۆری پێدراوە. لە ساڵی 1978ی کۆچی بەرامبـەری 1667ی زاییـنـی لـەزمانی فارسـیەوە لـە لایـەن شـامی ناوێکـەوە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی تـورکی و لـە دواییـدا "ولیـامینۆف"ی ڕووسـی کردوویەتیە ڕووسی و بە چاپی گەیاندووە و "کارمۆی" مێژوونووسی فەڕەنسیش کردویەتیـە فەرەنسـی و لـە میسـریش مێژوونووسـی کـورد لـە چلـەکانی سـەدەی ڕابـردوو بەفارسـی چـاپی کـردووە و مـەلا جـەمیل ڕۆژبـەیانی لەسـاڵی 1953دا بـە پەراوێزی بەنرخـەوە کردوویەتیە عـەرەبی و بەچاپی گەیانـدووە. دواجاریش هـەژار موکریانی بە پەراوێز و پێشەکیەکی درێژەوە کردوویەتە کـوردی و لەساڵی 1972دا لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا لە چاپ دراوە.

* تێبینی: بۆ نووسینی ئەو بەرهەمە لە نووسراوەکانی ماڵپەری خۆزگە کەڵک وەرگیراوە.

Copyright © Kurdi.fi

# مەلای جزیری



ناوی تەواوی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەد جزیری یە، یەکێکە لەو شاعیرانەی بناغەی شیعری کوردیان داناوە. شاعیر بە مەلای جزیری بەناوبانگە، ئەمەش بۆ جزیرەی بۆتان دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە کەناری ڕوباری دیجلە لەنزیک شاخی "جودی" کە بە ناوی "نیشانی" دێت کەلە هەندێ لە قەسیدەکانیدا ناوی هاتووە. چەند بۆچوونێک هەیە بۆ مێژووی ژیانی ئەم شاعیرە.

ساڵی 1407 لە جزیرەی بۆتان هاتۆتە دنیاوە کە سەردەمی "ئەمیر شەرەفخانی کوڕی میر ئەبدال" بووە. لە تەمەنی دە ساڵیەوە لە لای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە و پاشان چۆتە لای زانا بەناوبانگەکانی جزیرە و فێری زانست بووە.

بەفەقێیەتی هەموو ناوچەکانی جزیرە و هەکاری و ئامێدی و دیار بەکر و عەمادیە گەڕاوە و لە تەمەنی (32) ساڵیدا ئیجازەی مەلایەتی پێدراوە، پاشان بۆتە مەلا و زوربەی کاتی بۆ وانە وتنەوە تەرخان کردووە.

Copyright © Kurdi.fi

شێخ محەمەدی باوکی لە بنەماڵەیەکی شێخی بەرماڵی بووە و زۆر حەزی بە خوێندەواری کردووە ..

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی "فون هارسمان" لە ساڵی 1904 دیوانەکەی مەلای جزیری لە بەرلین چاپ کردووە و خۆی پێشەکی بۆ نوسیوە. لە پەرتووکی "مێژوی کورد و کوردستان"ی ئەمین زەکی بەگ دا هاتووە "مەلای جزیری ناوی شێخ ئەحمەدە و لە جزیرەی "ئیبن عمر" لە نیوەی دوایی سەدەی شەشەمی هیجری لە دەوری "عیمادەدین" حاکمی موسڵدا ژیاوە.

شێخ ئەحمەد بیجگە لە کوردی، هەروەها زمانەکانی فارسی، عەرەبی و تورکی بەباشی زانیوە. مەلای جزیری سۆفی بووە و لەسەر ڕێ و شوێنی "نەقشبەندی" بووە. زۆربەی زۆری شیعرەکانی تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ناوەڕۆکی شێعرەکانی زیاترلە بارەی دڵداری و تەسەوف و ڕاستی و خواپەرستی بووە و بەمەبەستی دڵداری و خواناسی و سرووشت هۆنراوەی داناوە، هەروەتر دەستێکی باڵای هەبووە لە لێکدانەوەی قورئان و فەلسەفە و لێکدانەوەی و ئەستێرەناسی و زانستی کیمیا و فیزیا و پزیشکی دا.

مەلای جزیری ساڵی 1481 لە جزیرەی بۆتان کۆچی دوایی کردووە.

مەلای جزیری خۆی بە شاعیری بۆتان و هەموو کوردستان زانیوە و وتویەتی:

Copyright © Kurdi.fi



گـوڵـی بـاغـی ئـیـرەمـی بـۆتـانـم شەب چراغی شەبی کوردستانم

نموونەیەك لەشیعری مەلا جزیری:

من دی سەحەر شاهی مەجەر لەبسی دبەر مەخموور بوو

ئەودیم زەری سورِ موشتەری یارەب پەری یا حورِ بوو

حورِی وەشە، شیرین مەشە کاکوڵ رِەشە، خاڵ حەبەشە

خاڵێن دقەر میسکا تەتەر نازک بەشەر کافوور بوو

نازک لەتیف، گەردن خەفیف، لبسی شریف، کیمخە و قەدیف

من دی بوەخت، ئەو نیکبەخت، ئیرۆ لە تەخت، فەغفوور بوو

فەغفوور سورە، سیما دورە، هەیبەت پورە، پورِ دل گورە

ئەو هاتە مەش، من چوومە هەش، دڵ من ژعشقی فوور بو

دڵ بوو کەری زایا بەری لازم هەری دی ئەو زەری

من دی گەلەک، ئەو سوور مەلەک وەک مەشعەلەک پرِ نوور بوو

مەی بەرکەفێ مەشها سەفی سۆزا دەفێ داقەرقەفێ

حوسنا لدێم وەسفان نەشێم هەرچی دبێم ژێ دوور بوو

دامن سروش وەر مەی بنوش زەوق و خوروش لەو چوم ژ هوش

ژ وێ عیشوەیا یار بوو خویا ئەو نە ژ مەیا ئەنگوور بوو

Copyright © Kurdi.fi

**پوختەی مانا:**

هەر وەکو چۆن خۆر لە حاندی پۆلە ئەستێرەی کاکێشان سەردارێکە؛ یاری منیش لەچاو جوانانی سەردنیا، وەك خۆر وایە، لەنێو جەرگەی ئەستێرانداا. سەوزە رەنگە، وەك ئەستێرەکەی موشتەری هەر لەدور دەدرەوشێتەوەو دڵ دەکێشێ. ئەمرۆ سپێدەی بەیان بو کە توشی بوم. خوایە چمدی؟ حۆریو پەری کەی وا دەبن؟ بە بەرگی ئاڵو واڵاوە، چاوی مەستی تەواو خەو بەرینەدابون. وەك چاو رەشانی بەهەشتە، لەنجەو لاری زۆر شیرینە. کاکۆڵ رەشە، خاڵی وەك خەڵکی حەبەشە، لە رەشیان بریقە دەدەن. خاڵی نەتەنیا رەشنو بەس؛ بۆنیشیان وەك بۆنی میسکی ئاسکی تەتەر، تۆمار بەتۆمار لێپرژە. پێستی ناسکی پێتوابو لەکافورە. نەرمو نیانو گەردن کێل، دەناو پۆشاکی ماقوڵدا، کە زوربەی کیمخواو مەخمەربو، من لە هەلێکدا بەدیم کرد. های لەبەر بەختی باشیخۆم. ئەو ئەمرۆ لەچاو جوانیتر وەك قەراڵی چینێ وایەو لەسەر تەخت پاڵکەوتوەو دینی هۆی بەختەوەریانە. لە دڵکێشانیش سەردارە. روخساری وەکی مرواری، دیداری بۆ دڵدارانی بە هەیبەتێکە مەپرسە. هەرکە دەستی بەگەڕان کرد، هۆشم نەما. دڵم گڕی تێ هەڵگڕاو، زوخاوی ناوی هاتەکوڵو سەررێژی کرد.

هەر لە یەکەم چاوپێ کەوتن، دڵ لەتبیو. دڵ پارە بون بە دیتنی هیچ شتێکی سەیر نیەو ئەرکی دڵە، کە بە دیتنی پلپل بێ. یارم کە لە دڵکێشیدا، دەتگوت فرشتەی خودایە؛ گەلێکجار هاتە بەرچاوم، ئیتر بۆیە دڵ بەلەتبون رانەوەستاو هەربوبە چوڵە چرایەك، پڕ لە رۆشنایی جوانی ئەو. ئەوگڕەشی لە روخساریيار هاتەگیان چونکە روخساری یارەکەم، وەك فەنەرەو دڵم لەوێوە داگیرسا. خاڵی نوختەی لە عەنبەرە. بۆنی وەك گوڵاو بڵاوە. لێوی وەکو شەکری خاوە. لە بادەی جوانی خۆی مەستو پیاڵە یبادەی - کە چینیبو - لەسەر دەستی بە مەستی دەهاتو دەچو، دڵدار ئارەزوی دەکردو بە عەزرەتی دیداریبو. پیاڵەی مەستی دەری بادە، لەسەر دەستی پاکی بێ خەوشی دڵبزوێن. یار بردیە ناو رێزی یاران. بوبە بەزم، سۆزەی تەپەی دڵی دەفە، کاری کردە سەر شەرابیش. ئەویش کەوتە لەرزەو سەما. بۆم ناکرێ پەسنی یار بدەم، هەر لە باسیجوانی روخساری داماوم. هەرچی دەیڵێم زۆر لێی دورەو یارم وەك هیچشتێك ناچێ. (خوا دەفەرموێ: هیچ شتێك وەك خودا ناچێ). فرشتەی وەحی پێیگوتم: وەرە بادەبخۆرەوە. هەر چێژەم کرد، هاوارم لەبەر بڵندبو. بورامەوە. بۆم دەرکەوت، ئەو بادە هین ترێ نەبو. بادەی نازی یارەکەم بو. گیرۆدەی بومو لەخۆ چومو لەدنیایە تەرە بومو رومکردە بەهەشتی خودا.

Copyright © Kurdi.fi

## ❊ لێکدانەوەی وشەکان:

مەجەر: کاکێشان

زەری: سەوزە ڕەنگ

قەر: ڕەش

تەتەر: تاتار (کە وڵاتەکەیان بە ئاسکی - میسک ناسراوە)

کیمخە (کیمخوا): پارچەیەکی نایابە

قەدیف: قەدیفە، مەخمەر

گوڕ: بڵێسە، گڕ

فوڕ: لە کوڵیندا، وەکوڵهاتوو

کەری: پارچە، لەت، تیکە

زایا: هەر لە وەی

لازم هەری: هەر پێویستە

گەلەک: زۆر، زیاد

فەنەر: چرای هەڵواسراو

مەشها: ڕۆیشت

مەشها: جیگەی ئارەزوو

قەرقەف: بادە

ئەنگوور: ترێ، هەموور، ڕەز

سروش: وەحی، فریشتەی وەلامبەری خوا

خوروش: هاوار، هەرا

---

❊ پەراوێزەکان: ........................................

........................................

........................................

........................................

........................................

........................................

........................................

........................................

........................................

Copyright © Kurdi.fi

# پیرەمێرد



پیرەمێرد ناوی تۆفیق کوڕی مەحمود ئاغا، کوڕی هەمزاغای مەسرەفە. لە ساڵی 1867ی زاینی دا لە شاری سلێمانی لە دایکبووە.

لە ساڵی 1898 دا لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفیددا چووە بۆ تورکیا، بۆ ساڵی دوایش پێکەوە دەچن بۆ حەج، ئیتر دەبێت بە حاجی تۆفیق. لە ئەستەمبوڵ شەهادەتنامەی حقوق ((مافناسی)) وەردەگرێت، تا ساڵی 1908 هەر لە ئەستەمبوڵ بە کاری پارێزەری و دەرهێنانی گۆڤار و ڕۆژنامەوە خەریک دەبێت. لە ساڵی 1920 دا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و نازناوی پیرەمێردی لە خۆی ناوە.

لە شاری سلێمانی ڕۆژنامەی ژیان دەردەکات، پاشان چاپخانەیەکی تایبەتی دەکرێت و تا ژمارە (553) لە ڕۆژنامەی ژیان دەردەکات. چاپخانەکەی پێ دادەخەن، بەڵام پیرەمێرد کۆڵی نەداوە و دەستی کردووە بە دەرکردنی (ڕۆژنامەی ژین ) ی هەفتەیی.


Copyright © Kurdi.fi

لە ڕۆژی 19ی مانگی شەشی ساڵی 1950دا لە تەمەنی 83 ی ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردوە، لە سەر خواستی خۆی لە گردی مامەیارە کە جاران مەڵبەندی ئاهەنگ گێڕانی جەژنی نەورۆزی بووە، نێژراوە وبووە بە هاودەمی مامەیارە.

پیرەمێرد نزیکەی 6448 پەندی پێشینانی کردووە بە شێعر. شێعرەکانی مەولەوی لە شێوەی هەورامیەوە وەرگێڕاوەتە سەر شێوەی سۆرانی و لە ساڵی 1935 دا چاپی کردووە. چیرۆکی ((مەم و زین)) ی ئەحمەدی خانی گۆڕیوە و بە شێوەی شانۆیی نووسیویەتی و چاپی کردووە. ((دوانزە سوارەی مەریوان)) و باسی ((مەحمود ئاغای شیوەکەڵ))، کە دوو چیرۆکی ڕاستی و داستانی میللەتی کوردن، نووسیویەتی و لە چاپی داون. کۆمەڵێ سەرگوزەشتە و پەندی کوردی کۆ کردۆتەوە و لەژێر ناوی ((گاڵتە و گەپ)) دا لە چاپیداوە. چیرۆکی ((کەمانچەژەن)) کە لە ئەڵمانیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی، ئەویش لە تورکیەوە وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی.


Copyright © Kurdi.fi

# نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار

هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد

مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە

لاوان بە عەشق ئەچوون بەرەوپیری مەرگەوە

ئەوا ڕۆژ هەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە

خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا

قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین

نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین


Copyright © Kurdi.fi

❊ پرسـیار:

1. به کورتی بنووسه پیره‌مێرد کێیه: ........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

2. پیره‌مێرد ساڵی چه‌ند له‌دایکبۆت و له چ شارێک له‌دایکبۆت؟ ئه‌ی ساڵی چه‌ند کۆچیدوایی کردۆت و له کوێ نێژراوه؟ ........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

3. ناوی ئه‌و ڕۆژنامه‌یه چی بوو که پیره‌مێرد 533 ژماره‌ی لێ ده‌رکرد و ناوه‌ندی ڕۆژنامه‌که له کام شاری کوردستان بوو؟ ........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

4. ناوی چه‌ن کتێب و نووسراوه‌یه‌کی مامۆستا پیره‌مێرد بنووسه: ........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................


Copyright © Kurdi.fi

# تاهیر تۆفیق

1922–1987



ئەم هونەرمەندە مەزنەی کورد لە ساڵی 1922 دا لە شاری کۆیە هاتۆتە دونیاوە، لە باوەشی خێزانێکی هەژار چاوی کردۆتەوە و خوێندنی تا پۆلی سێیەمی ناوەندی بووە و لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە، لە کاتێ کە قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە بەهرەی گۆرانیبێژی لە لا تەقیوەتەوە و بۆتە سروودبێژێکی دەنگخۆش و مامۆستاکانی هانیان داوە سروود و گۆرانی بڵێ.

ئەو هونەرمەندە لە سەرەتای ژیانی هونەریدا کەوتۆتە بەر کاریگەریی گۆرانیبێژە لێهاتووەکانی ئەوسای کۆیەی وەک (سێوە) و (مەلا ئەسعەد) و سوودێکی زۆریشی لە هونەرمەند (ئەحمەدی حەمە مەلا) وەرگرتووە. بەڵام کاتێک کە بازووی هونەری گۆرانی گوتنی بە هێز بوو، هەوڵی داوە دەنگ و


Copyright © Kurdi.fi

ڕێبازی تایبەتی خۆی هەبێ و لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە بۆتە گۆرانیبێژێکی خاوەن دەنگ و ڕێبازی تایبەتی خۆی.

تاهیر تۆفیق لە ساڵی 1945- ەوە بۆتە سەر دەستەی مەقامبێژانی سەر شانۆی ئاهەنگەکانی نەورۆزی کورد و گەلێک گۆرانی نیشتمانی و نەتەوەیی بە دەنگە خۆشەکەی چڕیوە و گوێگرانی سەرسام کردووە، چوونکە هەم خاوەن دەنگێکی زوڵاڵی دڵکێش بووە و هەم باشترین دەقی شاعیرە مەزنەکانی کوردی هەڵبژاردووە بۆ ئاوازەکانی. هەر کەسێک کەمێک ئاشنایی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی بێ و گوێی لە ناوی تاهیر تۆفیق بێت، یەکسەر ئاوازی گۆرانیە ڕەسەنەکانی (لە سەر شەو و ڕۆژی داناوە)ی حاجی قادری کۆیی و (لە باخان ئاه وناڵین دێ)ی وەفایی و غەزەلە تەڕ و پاراوەکانی مستەفا بەگی کوردی و ساقی هێرانی و عوسمان عەونی و (گوڵی سەربەستی)ی بەختیار زیوەر و (بیست و حەوت ساڵە)کەی فایق بێکەس و (شیرین بەهارە)ی ئیبراهیم ئەحمەد و چەند هۆنراوەیەکی ناسکی (هەژار) و (هێمن) و (گۆران) و (مەدهۆش) و ( دڵدار) و (دڵزار) و (مەجید ئاسنگەر) و (بێخەو) و (شارەزا) دێتەوە یاد.

لە ڕۆژی 1987.10.20 "تاهیر تۆفیق" گۆرانیبێژ و هونەرمەندی مەزنی کورد لە تەمەنی 65 ساڵیدا ماڵئاوایی لە کوردستان، هونەری گۆرانی ڕەسەنی کوردی و هونەر دۆستانی کرد و لە شارەکەی کۆیە لە نێو شەپۆلی خەم و پەژارەی هونەر پەروەران بە خاکی نیشتمان سپێردرا.


Copyright © Kurdi.fi

تاهیر تۆفیق گۆرانیبێژێکی هونەرمەندی خاوەن هەڵوێستی نیشتمانی بوو. لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا گۆرانی بۆ کاربەدەستانی حکومەت نەگوتووە و هەموو گۆرانیەکی بۆ کورد و بۆ شاد کردنی دڵی هونەر دۆستانی چڕیوە و لە ماوەی ژیانیدا شەش نامیلکە و کتێبی لەو دەقە شیعرانەی کە بە گۆرانی گوتونی بە چاپ گەیاندووە و لە هەموویان جوانتر کتێبەکەی (گوڵی سەربەستی)یە کە بە پێشەکی کەریم شارەزا لە ساڵی 1983 بە چاپی گەیاندووە.

هۆنراوەی سترانی (گوڵی سەربەستی) تاهیر تۆفیق هی مامۆستا فایەق زیوەرە، کە شاعیرێکی هەست ناسک و بە بیروباوەری کوردە. ئەو هۆنەرە کوڕی شاعیری بە ناوبانگی کورد زیوەرە. کە لە ساڵی 1908 لە سلێمانی لەدایکبووە.

زیوەر سەرەتا وەک هەموو مناڵانی ئەو سەردەمە لە حوجرە خوێندوویەتی و دواتر لە بەغدا درێژەی بە خوێندنەکەی داوە.

شاعیر لە کۆڕی تێکۆشانی نیشتمانی و کوردایەتیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. هۆنراوەکانی زیاتر نیشتمانپەروەری و دڵدارین. لە گەڵ ئەوەشدا خاوەنی کۆمەڵێک سروودی جوان و بە ناوبانگە. ئەم شاعیرە گەلێک چەرمەسەری و سەختی و ناخۆشی لە ژیاندا بینیوە، هەر بۆیەش ناوی خۆی دەنێتە: بەختیار زیوەر! لە ساڵی 1952 کۆچیدوایی دەکا و لە گوڕستانی گردی جۆگا لە سلێمانی، لە تەنیشت باوکیەوە نێژراوە.


Copyright © Kurdi.fi

دەقی هۆنراوەی گوڵی سەربەستی کە هۆنراوەی بەختیار زیوەرە و ماموستا تاهیر تۆفیق ئاوازی بۆ داناوە:

# گوڵی سەربەستی

گوڵێک شیرینتر لە خونچەی بەهار
ناسکتر، جوانتر، لە شەوبۆی نازدار
گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار
گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی
مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی

گوڵی سەربەستی ئەی هێزی گیانم
ڕوشن کەرەوەی ڕێگەی ژیانم
تۆم نەبی، من خۆم بە هیچ نازانم
تۆم نەبی من هەرگیز ناحەسێمەوە
بێ بۆنی خۆشت نابوژێمەوە

با تەنیا هەر تۆ شاگوڵی من بی
سەرچاوەی سۆزی بە کوڵی من بی
تۆ تاقە یاری پڕ دڵی من بی
شێعرت پیا هەڵدەم بە زوبانی خۆم
بڵێم دەمێکە بە دڵ شەیدای تۆم


Copyright © Kurdi.fi

❊ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. تاهیر تۆفیق کەی و لە کوێ لە دایک بۆت؟ ....................

....................

....................

2. ناوی چەن شاعیرێک بنووسە کە تاهیر تۆفیق هەڵبەستەکانی کردوونوتو گۆرانی: ..........

....................

....................

3. تاهیر تۆفیق کەی و لە چ تەمەنێکدا کۆچیدوایی کردووە؟ ....................

....................

4. بەختیار زیوەر کێیە؟ کورتەیەک لە ژیانی بنووسە: ....................

....................

....................

....................

....................

....................

....................

5. بنووسە مەبەستی شاعیر لە گوڵی سەربەستی چیە؟ ....................

....................

....................

....................

....................


Copyright © Kurdi.fi

**ناو :** ..............................................

*** لەو نووسراوەی خوارەوەدا هەندێک هەڵە هەیە، هەڵەکان ببینەوە و درووستەکەیان لە ژێری بنووسەوە:**

گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیە بدا. هیچ گەلێک بە بێ زەحمەت و تێکوشان، بە بێ جەخت
..............................................................................................................
کردنی ڕۆڵە بە نرخەکانی خۆی، بە ئازادی نەگەیشتووە. گەلی کوردیش لەمێژوە ئەوەی دەزانێ، کە -
..............................................................................................................
ئازدی فیداکاری دەوێ، خۆ بەختکردنی دەوێ.
..............................................................................................................
کاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام ڕەنگە لەوەش درێژتریش بێ. ئێمە لە ڕۆژی شەهید بوونی -
..............................................................................................................
شەهیدانمان، لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیا و تەنیا، کارێک کە دەتوانین بکەین و لەبەر چاو و لەبەر
..............................................................................................................
بیری شەهیدانمان شەرمەزاەر نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرندەین. لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک
..............................................................................................................
نەترسێین، لە هیچ سەختیەک نەکشێینەوە.
..............................................................................................................
خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە. خەبات بۆ ئازادی میللەوتێکە، خەبات بۆ دوارۆژی منداڵەکان و
..............................................................................................................
نەسلەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەک ئەو نەسلە، ئەرکی خۆمان بە چوانی بەجێ بگەیەنین، دەتوانین
..............................................................................................................
هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ.
..............................................................................................................

---

*** مانای ئەم وشانەی خوارەوە بنووسە:**

گەشە: ..............................
تاوان: ..............................
ئەمەگناس: ..............................
دەلال: ..............................
ڕەسەن: ..............................
مەکۆ: ..............................
شەیدا: ..............................
ناشتن: ..............................

کوێستان: ..............................
پێدزیلکە: ..............................
هەرەوەز: ..............................
مزر: ..............................
کۆشک: ..............................
مخابن: ..............................
دەغەڵ: ..............................
دەرەتان: ..............................

* لەم تێکستەدا شوێنە بەتاڵەکان بە وشە گونجاوەکان پڕ بکەوە :

*کوردان — نیشتمان — کوردیش — ئازادی — پێشکەوتوو — بە — وەتەن — مرۆڤایەتی — چەرمەسەریەکی — جیهاندا — دەپارێزن — ئاشتی — شاریە — نزیکە — مافی — یاسایەکی — زۆرەملی — عەقڵ*

گــەلی ............................... وەک هــەموو ژینــەوەرانی ســەر ئــەم جیهانــە پــان و بەرینــە عەشــقی ............................... و وڵاتی خۆی لە دڵدایە و دژ بە داگیر کەر و داگیر کردنە. خۆشەویستی و ڕێزی وەتەن لە دڵی ............................... دا، لەوە دەردەکەوێ کە کورد بە درێژایی دوو سێ هەزار ساڵی ڕابردوو، سەرەڕای هەموو گوشار و ............................... کە لە دراوسێی و دەوروبەر و دوور وڵاتانیشی بینیوە، هەرگیز یەکەم لە پارستنی ............................... و زمان و کولتووری نەتەوایەتی خۆی دانەبەزیوە و هەمیشە و هەردەم ئاواتی ............................... وسەربەخۆیی نیشتیمانەکەی لەدڵدا بووە و بۆی هاتۆتە مەیدانی خەبات. هەشە لە هەندێک شوێنی جیهاندا بەشەریەتی ............................... و عەداڵەت خواز، بەبێ دەستدرێژی بۆ سەر ............................... یەکتر لە دراوسێتی یەکتر، پێکەوە دەژین و سنوور و خاک و ڕێزی یەکتر ............................... مخابن دەبینین کە ............................... گشتی ویژدان و هۆشیاری ............................... بەو پلەی گەشەکردنە نەگەیشتووە کە لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا مرۆڤ برایانە و ئازادانە پێکەوە بە تەبایی و ............................... بژی. ئەو ڕۆژە کە ............................... تەواو مرۆڤانە باڵ بەسەر هەموو ............................... دەکاتەوە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی ............................... ڕۆژێکە کە ئەو نەزمی دابەشکردنی ............................... هەڵدەوەشێتەوە و و نەزمی پەیوەندی و یەکگرتنەوەی دڵخوازانە جێی دەگرێتەوە. هەر چەند ئەو ڕۆژە بە چاو دوورە بەڵام بە ............................... و ئاوەز ............................... .

---

* بۆ هەرکام لەو شێوە ڕستانەی خوارەوە چوار ڕستەی جیاواز بنووسەوە:

١. خەبەری:

................................................................................................................................

................................................................................................................................

٢. پرسیاری:

................................................................................................................................

................................................................................................................................

٣. ئەمری:

................................................................................................................................

................................................................................................................................

٤. سەرسوورمان:

................................................................................

................................................................................

---

* **مانای ئەو چەن بەیتە بنووسە:**

خاسەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە      خاڵی ڕەش و سووری بە جووت ڕشتووە
ڕاوچی هەموو لەو دەرکەوتووە      بۆچی دزە، جەردەیە، کێی کوشتووە
کێهە کەسی ئەو لەژیان خستووە      ماڵ و مەڕ و زیوەری کێی بردووە

* * * * * *

بۆچی کەویش مافی ژیانی نیە؟      حەقی کەژ و کێوی جوانی نیە؟

* * * * * *

کوڕی کوردم! خەریک بن بێنە فرمان      لە گۆڕ نێن تەنبەڵی و بێکاری جاران
بە سەربەرزی بژی، تا ماوە ژینت      نەکەی مل کەچ لەبەر کۆشک و تەلاران

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

نالی ..................................................

سەربەستی ..................................................

ژیــان ..................................................

ئاوات ..................................................

خۆشەویستی ..................................................

کەرکووک ..................................................

مامۆستا ..................................................

قوتابی ..................................................

هێلانە ..................................................

یار ..................................................

---

* ڕەخنە و پێسنیارەکانت بۆ باشتر بەڕێوەچونی پۆلی زمانی کوردی بنووسە:

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

**ناو :** ..............................................

*** لەو نووسراوەی خوارەوەدا هەندێک هەڵە هەیە، هەڵەکان ببینەوە و دروستەکەیان لە ژێری بنووسەوە:**

گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیە بدا. هیچ گەلێک بە بێ زەحمەت و تێکوشان، بە بێ جەخت

..............................................

کردنی ڕۆڵە بە نرخەکانی خۆی، بە ئازادی نەگەیشتووە. گەلی کوردیش لەمێژوە ئەوەی دەزانێ، کە -

..............................................

ئازدی فیداکاری دەوێ، خۆ بەختکردنی دەوێ.

..............................................

کاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام رەنگە لەوەش درێژتریش بێ. ئێمە لە ڕۆژی شەهید بوونی -

..............................................

شەهیدانمان، لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیا و تەنیا، کارێک کە دەتوانین بکەین و لەبەر چاو و لەبەر

..............................................

بیری شەهیدانمان شەرمەزارەر نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرندەین. لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک

..............................................

نەترسێین، لە هیچ سەختیەک نەکشێینەوە.

..............................................

خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە. خەبات بۆ ئازادی میللەوتێکە، خەبات بۆ دوارۆژی منداڵەکان و

..............................................

نەسلەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەک ئەو نەسلە، ئەرکی خۆمان بە چوانی بەجێ بگەیەنین، دەتوانین

..............................................

هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ.

..............................................

*** مانای ئەم وشانەی خوارەوە بنووسە:**

گەشە: ..............................

تاوان: ..............................

ئەمەگناس: ..............................

دەلال: ..............................

ڕەسەن: ..............................

مەکۆ: ..............................

شەیدا: ..............................

ناشتن: ..............................

کوێستان: ..............................

پێدزیلکە: ..............................

هەرەوەز: ..............................

مزر: ..............................

کۆشک: ..............................

مخابن: ..............................

دەغەڵ: ..............................

دەرەتان: ..............................

* لەم تێکستەدا شوێنە بەتاڵەکان بە وشە گونجاوەکان پڕ بکەوە :

*کوردان — نیشتمان — کوردیش — ئازادی — پێشکەوتوو — بە — وەتەن — مرۆڤایەتی — چەرمەسەریەکی — جیهاندا — دەپارێزن — ئاشتی — شاریە — نزیکە — مافی — یاسایەکی — زۆرەملی — عەقڵ*

گەلی .......... وەک هەموو ژینەوەرانی سەر ئەم جیهانە پان و بەرینە عەشقی .......... و وڵاتی خۆی لە دڵدایە و دژ بە داگیر کەر و داگیر کردنە. خۆشەویستی و ڕێزی وەتەن لە دڵی .......... دا، لەوە دەردەکەوێ کە کورد بە درێژایی دوو سێ هەزارساڵی ڕابردوو، سەرەڕای هەموو گوشار و .......... کە لە دراوسێی و دەوروبەر و دوور وڵاتانیشی بینیوە، هەرگیز یەکەم لە پارستنی .......... و زمان و کولتووری نەتەوایەتی خۆی دانەبەزیوە و هەمیشە و هەردەم ئاواتی .......... وسەربەخۆیی نیشتیمانەکەی لەدڵدا بووە و بۆی هاتۆتە مەیدانی خەبات. هەشە لە هەندێک شوێنی جیهاندا بەشەریەتی .......... و عەداڵەت خواز، بەبێ دەستدرێژی بۆ سەر .......... یەکتر لە دراوسێتی یەکتر، پێکەوە دەژین و سنوور و خاک و ڕێزی یەکتر .......... مخابن دەبینین کە .......... گشتی ویژدان و هۆشیاری .......... بەو پلەی گەشەکردنە نەگەیشتووە کە لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا مرۆڤ برایانە و ئازادانە پێکەوە بە تەبایی و .......... بژی. ئەو ڕۆژە کە .......... تەواو مرۆڤانە باڵ بەسەر هەموو .......... دەکاتەوە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی .......... ڕۆژێکە کە ئەو نەزمی دابەشکردنی .......... هەڵدەوەشێتەوە و و نەزمی پەیوەندی و یەکگرتنەوەی دڵخوازانە جێی دەگرێتەوە. هەر چەند ئەو ڕۆژە بە چاو دوورە بەڵام بە .......... و ئاوەز .......... .

---

لەو سێ شاعیرەی خوارەوە یەکیان هەڵبژێرە و هەر چی لەسەریان دەزانی بە کورتی بینووسە:

* شاعیری کورد مامۆستا قانع. * مامۆستا لەتیف هەڵمەت. * عەوڵا پەشێو.

..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

..........

* بۆ هەرکام لەو شێوە ڕستانەی خوارەوە چوار ڕستەی جیاواز بنووسەوە:

١. خەبەری:

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

٢. پرسیاری:

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

٣. ئەمری:

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

٤. سەرسووڕمان:

........................................................................

........................................................................

........................................................................

........................................................................

*** مانای ئەو چەن بەیتە بنووسە:**

خاسەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە     خاڵی ڕەش و سووری بە جووت ڕشتووە
ڕاوچی هەموو لەو دەرکەوتووە     بۆچی دزە، جەردەیە، کێی کوشتووە
کێهە کەسی ئەو لەژیان خستووە     ماڵ و مەڕ و زیوەری کێی بردووە

* * * * * *

بۆچی کەویش مافی ژیانی نییە؟     حەقی کەژ و کێوی جوانی نییە؟

* * * * * *

کوڕی کوردم! خەریک بن بێنە فرمان     لە گۆڕ نێن تەنبەڵی و بێکاری جاران
بە سەربەرزی بژی، تا ماوە ژینت     نەکەی مل کەچ لەبەر کۆشک و تەلاران

............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
............................................................


---

*** مانای ئەم شێعرە لێکدەوە:**

ئەی چیاییە دوورەکان!
ئیستا، بڕوام نەماوە
بە هێڵی سنوورەکان،
بە مەودای نێوان دوو شوێن،
بە ئەلفوبێی جۆغراڤیا و
نەخشە زەرد و سوورەکان

* * * * *

چۆن ئاگر کەسێک بگرێ،
منتان گرتووە وەک ئاگر..
هەرچەن بەتاوتر هەڵێم.
هەرچەن دوورتر کەومەوە،
دەبینم بڵندترن،
گەورەترن، نێزیکترن!



............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
............................................................
←: ............................................................

❊ چی لە سەر ئەنفال دەزانی، بە کورتی بینووسە :

**لەم دوو پرسیارە یەکیان وەڵام دەوە:**

❊ بەکورتی بنووسە کە: چی لە سەر نەورۆز و دابەکانی دەزانی؟

❊ بەکورتی بنووسە کە: چی لە سەر ئایین و باوەڕی میّدیاکان و زەردەشتیەکان دەزانی؟

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

نالی ..........

سەربەستی ..........

ژیــان ..........

ئاوات ..........

خۆشەویستی ..........

کەرکووک ..........

مامۆستا ..........

قوتابی ..........

هێلانە ..........

ئاو ..........

یار ..........

هێزا ..........

* ڕەخنە و پێسنیارەکانت بۆ باشتر بەڕێوەچونی پۆلی زمانی کوردی بنووسە:

# جۆرەکانی ڕستـــــــــە

١. ڕێزان و زانیار پێکەوە دەڕۆنە سەیرانی.

٢. زانیار لەتەک کێ دەچێتە سەیرانی؟

٣. برۆ بۆ سەیرانی! | کەرەم کە (بێزەحمەت) قەڵەمێکم بۆ بێنە!

٤. چ سەیرانگەیەکی خۆشە!

هەر بێژەیەکی سەرەوە ڕستەیەکە، چوونکە هەر یەکەیەک مانایەکی تەواوی هەیە و پەیامێکی تەواو دەردەبڕێ.

لە ڕستەی یەکەمدا هەواڵێکمان دەداتێ.

لە ڕستەی دووهەمدا پرسیارێک دەکرێت.

لە ڕستەی سێیەمدا ئەمر دەکرێت کە کەسێک کارێک بکات. یان داوای کارێک دەکرێت.

لە ڕستەی چوارەمدا بێژەر هەستی خۆی لە مەڕ شتێک دەردەبڕێ. هەستێک وەک: سەرسووڕمان، ئافەرین، خەم دەربڕین و خۆشی سەبارەت بە شتێک یان ڕوداوێک.

- ڕستەیەک کە هەوالێکمان دەداتێ پێی دەڵێن ڕستەی خەبەری.
- ڕستەیەک کە پرسیارێکی تێدا بێت پێی دەڵێن ڕستەی پرسیاری.
- ڕستەیەک کە تێیدا فەرمانێک بدرێ، یان داخواز و داواکاریەکی تێدا بێت ـ پێی دەڵێن ڕستەی ئەمری یان فەرمانی.
- ڕستەیەک کە سەرسووڕمان ڕابگەیەنێ، یان هەست و سۆزێکی تێدا بێت پێی دەڵێن ڕستەی سەرسووڕمان.
- هەندێک وشە بە تەنیاییش نیشانەی « ! » دەگرن، وەک: ئاخ، پەکو، مخابن، ـ وەی، ئۆخەی، ئافەرین و هتد.


Copyright © Kurdi.fi

- لە کۆتایی ڕستەی خەبەریدا خاڵ « . » دادەنێین.
- لە کۆتایی ڕستەی پرسیاریدا نیشانەی پرسیار « ؟ » دادەنێین.
- لە کۆتایی ڕستەی ئەمریدا ئەم نیشانەیە « ! » دادەنێین.
- لە دوای وشەی سەرسوورمان یان لە کۆتایی ڕستەی سەرسووڕماندا نیشانەی ـ سەرسووڕمان « ! » دادەنێین.
- نیشانەکانی ئەمری و سەرسووڕمان وەک یەکن: « ! ».

---

## ڕاهێنان

* جۆری ڕستەکان دیاری بکە:

1. وەی لەو کۆڵانە تەسک و تاریکە!
2. ئەی! هاوار لێرە کاریان بە من چیە؟
3. لە کۆمەڵگەدا نابێ کە چەوساوە هەبێ!
4. کەرکووک دڵی کوردستانە.
5. ئەرێ دووشەمە قوتابخانە هەیە؟
6. بۆ کوێ ئەچیت؟
7. بڕۆ بۆ کتێبخانە!
8. ئۆخەی! کارەکەم تەواو بوو.
9. ئافەرین! دەرسەکانت زۆر جوان خوێندووە.
10. ئەز خەڵکی دیاربەکرم.
11. ئاخ! لەو ڕووداوە دڵتەزێنە!
12. پەکوا! لەو درۆ زەلامە.
13. ئەرێ تۆ دەزانی کاروان تەمەنی چەندە؟
14. مامۆستا هێمن شاعیرێکی نەتەوەیی و ناوداری کوردستانە.




Copyright © Kurdi.fi

* بۆ هەرکام لەو شێوە ڕستانەی خوارەوە چوار ڕستەی جیاواز بنووسەوە:

١. خەبەری:

٢. پرسیاری:

٣. ئەمری:

٤. سەرسووڕمان:





Copyright © Kurdi.fi

# نیهاد و گوزاره

(Subject & Predicate)

مامۆستا هەژار فەرهەنگی هەنبابەبۆرینەی نووسیوە.

دیوانی تاریکوڕوون بەرهەمی مامۆستا هێمنە.

لەیلا قوتابیەکی ژیرە.

گەرمیەن بیر لە خوێندنی باڵا دەکاتەوە.

| | |
|---|---|
| مامۆستا هەژار | فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەی نووسیوە. |
| دیوانی تاریکوڕوون | بەرهەمی مامۆستا هێمنە. |
| لەیلا | قوتابیەکی ژیرە. |
| گەرمیەن | بیر لە خوێندنی باڵا دەکاتەوە. |

بەشی یەکەم بکەرێکە کە هەواڵێک سەبارەت بە ئەو دەدرێ.

بەشی دووهەم هەواڵێکە لەمەڕ بەشی یەکەم.

یانی ئەگەر بپرسن: فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە کێ نووسیوێتی؟ دەڵێین: مامۆستا هەژار.

یان ئەگەر بپرسن: دیوانی تاریکوڕوون بەرهەمی کێیە؟ دەڵێین: مامۆستا هێمن.

کەوایە لەو ڕستانەی سەرەوەدا مامۆستا هەژار ، دیوانی تاریکوڕوون، لەیلا و گەرمیەن بەشی یەکەمی ڕستەن و فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەی نووسیوە و بەرهەمی مامۆستا هێمنە و قوتابیەکی ژیرە و بیر لە خوێندنی باڵا دەکاتەوە بەشی دووهەمی ڕستەکانن.

بەشی یەکەمی ڕستەکان ناو دەنێینە نیهاد و بەشی دووهەمیش گوزارە.


Copyright © Kurdi.fi

❊ نیهاد ( SUBJECT ) بریتیە لە (ناو، ئاوەڵناو، جێناو و چاوگ). نیهاد هەمیشە پێش گوزارە دێت و ئە بەشەیە لە ڕستە کە لێی دەدوێین یان هەواڵێک لە بارەیدا دەدەین. وشەی بنچینەیی لە بەشی نیهاددا بکەر (فاعیل)ە، یانی نیهاد وشەیەکی ناو ڕستەیە، کە دەڵێ کێیە و چ دەکات، کێیە و چیە.

❊ گوزارە ( PREDICATE ) هەمیشە دەکەوێتە دوای نیهادەوە و هەواڵێکە کە لە بارەی نیهادەوە دەدرێت. وشەی بنچینەیی لە بەشی گوزارەدا فرمان (فێعل)ە.

❊ ئەو وشانەی لە ناو ڕستەدا دەکەونە پاڵ نیهاد و گوزارە پێیان دەوترێ تەواوکەری نیهاد و گوزارە.

❊ **نموونە:**

نیما کتێب دەخوێنێتەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| کێ دەخوێنێتەوە؟ | نیما | ← | نیهاد |
| نیما چی دەخوێنێتەوە؟ | کتێب | ← | بەرکار ( مەفعوول ـ OBJECT ) |

یەخچاڵەکە خواردەمەنی تێدایە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| یەخچاڵەکە چی تێدایە؟ | خواردەمەنی | ← | نیهاد |
| خواردەمەنیەکان لە کوێن؟ | لە ناو یەخچاڵ | ← | ئاوەڵکار ( قەید ـ ADVERB ) |

نرخی کتێب گرانە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| چ شتێک نرخی گرانە؟ | کتێب | ← | نیهاد |
| کتێبەکان لە چ دۆخێکدان؟ | گرانە | ← | گوزارە |



کوردستان وڵاتی کوردانە. (وڵاتی کوردان کوردستانە).

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوردستان وڵاتی کێیە؟ | کوردان | ← | نیهاد |
| وڵاتی کوردەکان کوێیە؟ | کوردستان | ← | ئاوەڵکار |


Copyright © Kurdi.fi

٭ لەو ڕستانەی خوارەوەدا وەک نموونەکە نیهادەکان دیاری بکە:

کاوە ئاگای لە هیچ نەبوو. کاوە ← نیهاد

کوردستان وڵاتێکی خۆشە. ← نیهاد

مەلای جزیری بلیمەت بوو. ← نیهاد

دیاربەکر لە مەهاباد گەورەترە. ← نیهاد

گوڵەکە وشک بوو. ← نیهاد

سرووشت هاوینی پێشوو لە هەولێر بوو. ← نیهاد

ئەوەماڵەکەمانە. ← نیهاد

کێ دەخوێنێتەوە. ← نیهاد

یەکێک لە پشت درگایە. ← نیهاد

تێر ئاگای لە برسی نیە. ← نیهاد

جگەرەکێشان قەدەغەیە. ← نیهاد

کارکردن سەرمایەی ژیانە. ← نیهاد

٭ لەو ڕستانەی خوارەوەدا وەک نموونەکە گوزارەکان دیاری بکە:

کاروان وەرزش دەکات. وەرزش دەکات ← گوزارە

ئیمان نامەی نووسی. ← گوزارە

قوتابیەکان شیریان خواردەوە. ← گوزارە

ئێوە پێکەوە هاوڕێن. ← گوزارە

دایکت مامۆستا بوو. ← گوزارە

ئەو خۆشکی ئێمەیە. ← گوزارە

ئەوە قەڵەمی تۆیە. ← گوزارە

سەیران لە بەهاردا خۆشە. ← گوزارە

ئاواتمان پێشکەوتن بوو. ← گوزارە

یەکگرتن هۆی سەرکەوتنە. ← گوزارە



Copyright © Kurdi.fi

ولآمەکان:

* لەو ڕستانەی خوارەوەدا وەک نموونەکە نیهادەکان دیاری بکە:

| | | |
|---|---|---|
| کاوە ئاگای لە هیچ نەبوو. | کاوە | ← نیهاد |
| کوردستان ولآتێکی خۆشە. | کوردستان | ← نیهاد |
| مەلای جزیری بلیمەت بوو. | مەلای جزیری | ← نیهاد |
| دیاربەکر لە مەهاباد گەورەترە. | دیاربەکر | ← نیهاد |
| گوڵەکە وشک بوو. | گوڵەکە | ← نیهاد |
| سرووشت هاوینی پێشوو لە هەولێر بوو. | سرووشت | ← نیهاد |
| ئەوە ماڵەکەمانە. | ئەوە | ← نیهاد |
| کێ دەخوێنێتەوە. | کێ | ← نیهاد |
| یەکێک لە پشت دەرگایە. | یەکێک | ← نیهاد |
| تێر ئاگای لە برسی نیە. | تێر | ← نیهاد |
| جگەرەکێشان قەدەغەیە. | جگەرەکێشان | ← نیهاد |
| کارکردن سەرمایەی ژیانە. | کارکردن | ← نیهاد |

* لەو ڕستانەی خوارەوەدا وەک نموونەکە گوزارەکان دیاری بکە:

| | | |
|---|---|---|
| کاروان وەرزش دەکات. | وەرزش دەکات | ← گوزارە |
| ئیمان نامەی نووسی. | نووسی | ← گوزارە |
| قوتابیەکان شیریان خواردەوە. | خواردەوە | ← گوزارە |
| ئێوە پێکەوە هاوڕێن. | هاوڕێن | ← گوزارە |
| دایکت مامۆستا بوو. | مامۆستا | ← گوزارە |
| ئەو خۆشکی ئێمەیە. | ئێمەیە | ← گوزارە |
| ئەوە قەڵەمی تۆیە. | تۆیە | ← گوزارە |
| سەیران لە بەهاردا خۆشە. | خۆشە | ← گوزارە |
| ئاواتمان پێشکەوتن بوو. | پێشکەوتن | ← گوزارە |
| یەکگرتن هۆی سەرکەوتنە. | سەرکەوتنە | ← گوزارە |




Copyright © Kurdi.fi

# نیشانەکانی نووسین

نیشانەدانان لە نووسیندا لە پێویستیەکانی هەر زمانێکە کە لە ڕاستیدا سنوور و پێوانەی ڕستەکان و شێوە و ئاهەنگی هەر ڕستەیەک لە گەڵ مانای ڕستەکان ڕێک دەکات .
کاتێک لە نووسیندا بنەمای نیشانەدانان لە چاو نەگیرێن، نە تەنیا جوانی و ڕێکوپێکی ڕستەکان تێکدەچن، بەڵکوو ڕستەکان مانای خۆشیان لەدەس دەدەن. بۆیە لێرەدا حەول دەدەین هەندێک لە نیشانە گرینگەکانی نووسین شرۆڤە بکەین.

**خــاڵ .**

دانانی خاڵ لە کۆتایی ڕستەدا بە مانای ئەوەیە کە ڕستەکە تەواو بۆت و لە کۆتایی ڕستەی خەبەریدا خاڵ دادەنرێت، هەروەتر خاڵ ڕستەی خەبەری لە ڕستەکەی دوای خۆی جیا دەکاتەوە.
نموونە: کوردستان جوانترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

**کۆما (ویرگول) ،**

کۆما نیشانەی ڕاوەستانێکی ساتی و کورتە لە ناو ڕستەدا؛ ئەو ڕاوەستانە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕستەدا خۆیدەنوێنێ و پێش تەواو بوونی ڕستەکە بەتەواوی بۆ جیا کردنەوەی ڕستەی سادە لە ناو ڕستەی ئاوێتە (ناسادە) دا، یان بۆ جیا کردنەوەی وشەگەلی یەک بەدوای یەکدا دادەنرێ.
نموونە: لەناو کوردان نەبوو پەیمان شکاندن، لە کێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی؟

**کۆمای خاڵدار ؛**

کۆمای خاڵدار نیشانەی ڕاوەستانە لە نێوان دو ڕستەی ناو خشتەیەک لە نووسیندا کە ماناکەیان پێوەندی بە یەکترەوە هەیە. لە کۆمایخاڵدار دا پێوانەیَ ڕاوەستان کەمێک درێژترە لە ڕاوەستانی دوای کۆما.
نموونە: وەک ئاشکرایە نووسراوە کوردیەکانی ئێستا تەنیا بەم ئەلفوبێیە بڵاو نابنەوە، بەڵام ئەوەی کە لەم نووسراوەیەدا باسی لێدەکەین؛ ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی واتە ڕێنووسی ئارامیە.

Copyright © Kurdi.fi

**نیشانەی سەرسووڕمان !**

ئەو نیشانەیە لە کۆتایی ڕستەی سەرسووڕمان و ڕستە یان وشەی ئەمریدا بەکار دەهێنرێ، جاری وایە کە وتەکە زۆر سەیر دەبێ دوو یا چەن دانەیەک لەم نیشانەیە ( !!! ) دادەنرێت.

نموونە: ئەم دیمەنە چەند دڵ بزوێنە!

چ ژنێکی ئازایە!

بڕۆ!

بنووسە!

**نیشانەی پرسیار ؟**

هەر وەکی دەزانرێ ئەو نیشانەیە لە کۆتایی ڕستەی پرسیاریدا دادەنرێ.

نموونە: بۆچی کارەکەت تەواو نەکرد؟

هەوا چۆنە؟

**دووخاڵ :**

ئەو نیشانەیە بۆ ڕوونکردنەوەی گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناو ڕستەدا بەکار دەهێنرێت. هەروەتر لە دوای ڕستەیەک دادەنرێت کە ڕستەکەی دوای خۆی یان نووسراوەکەی پێش خۆی شرۆڤە دەکات.

نموونە: دەخورێ گۆشتی نیە، هەڵدێ لاقی نییە : ( ئـاو ).

ژوان وتی: حەوتەی داهاتوو تاقیکردنەوەی زانکۆم هەیە و ناتوانم بێمەوە بۆ پۆلی کوردی.

**کەوان ( )**

هەر کات بمانهەوێ هاومانای وشەیە یان ڕستەیەک لە پەنا خۆی بنووسین، دەتوانین بە بێ هیچ شرۆڤەیەک ماناکەی لە پەنا خۆی لە ناو کەواندا بنووسین، یان کاتێک کە دەمانهەوێ مانای ڕستەیەک یان بەشێک لەو ڕستەیە بە وشەیەک دەرببڕین لە کەوان کەڵک وەردەگرین. جاری واشە کە دەمانهەوێ لێکدانەوەیەکمان لە سەر وشەیەک، ژمارەیەک یان ڕستەیەک هەبێ لە کەوان کەڵکک وەردەگرین.

نموونە: نەپێی هەیە نە پانی، بە هەموو ماڵان دەزانێ: ( پووڵ و پارە ).

Copyright © Kurdi.fi

جووتکەوان (( )) یان گیومە " "

هەر کات بمانهەوێ ناوێکی تایبەتی یان وشەیەکی گرنگ لە ڕستەدا دیاری و دەسنیشان بکەین، یان هەرکات بمانەوێ قسەی ڕاستەوخۆی یەکێک لە ناو ڕستەیەکدا بنووسینەوە؛ یان ئەگەر نووسراوەی کەسێکی ترمان وەک دۆکومێنت لە ناو نووسراوەکانمان دا هێناوە دەتوانین لە جووتکەوان یان گیومە کە ئاماژەکەری گێڕانەوەی مەبەستێکە کەڵک وەربگرین.

نموونە: (( نەورۆز )) جەژنی دێرینی کوردانە و (( کریسمەس )) جەژنی دێرینی ئەوروپیانە.

چفتە (کرووشە)، نیشانەی شرۆڤەکردنو لێکدانەوە [ ]

بۆ لێکدانەوەی چەمک و مەبەستێک لە ناو ڕستەدا یان لێکدانەوە و قسەکردنی زیاتر بۆ گەیاندنی مانای نووسراوەیەک لەو نیشانەیە کەڵک وەردەگیرێ. هەروەتر کاتێک لە پەراوێزی نووسراوەیەکدا وتەیەک دەگێڕدرێتەوە یان دۆکومێنت و بەڵگەی نووسەرێک زیاد دەکرێ؛ لە چفتە کەڵک وەردەگرترێ.

نموونە: [ هەژار شاعیری پایەبەرزی کورد ] ژیانێکی هەژارانە، بەڵام پر لە ئەوینی تێپەڕ کرد.

تەقەڵ یان خەتی نێوان –

ئەو نیشانەیە بۆ جیا کردنەوەی دوو ڕستەی جیاواز لە یەکتر دەکار دەکرێ کە لە بنەڕەتەوە لە گەڵ یەکدی جیاواز و سەربەخۆ بن. بەلام جاری وایە پێویستە هەردوو لە پەنا یەک و بەیەکەوە لە نووسراوەکەدا بەکار بهێنرێن. جاری واشە هێنانەوەی ڕستەیەک لە ناو ئەم نیشانەیەدا بە مانای ئەوەیە کە نووسینەوەی ئەو ڕستەیە لە ناو نووسراوەکەدا گرینگێکی تاتیبەتی نیە و دەرهاویشتنی ڕستەکە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە گەیاندنی مانای چەمکەکەدا بەدی ناهێنێت.

جاری واش هەیە تەقەڵ دەبێتە خەتی پێوەندی نێوان دوو ژمارە.

نموونە: بۆ ئەوەی ئێوەی خوێنەر _ کە تازە فێری خوێندن و نووسینی کوردی بوون _ لە گەڵ مێژووی وێژەی کوردیش ئاشنا بن، دەقە کوردیەکانمان بەم جۆرە هەڵبژاردووە.

15–19 بەمانای ئەوەیەکە ژمارەکە لە پانزەوە دەس‌پێدەکات و لە نۆزدە کۆتایی پێدێت.

Copyright © Kurdi.fi

# ڕستـــــــــــە

## نالی

«نالی لە گەورەترین شاعیرانی کوردستانە. نالی ناوی خدرە. کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی میکایلیە. ساڵی ١٨٠٠ی زایینی، لە گوندی خاکوخۆڵ لە دەشتی شارەزوور هاتۆتە دنیاوە.

هەر لە تەمەنی منالیەوە نراوەتە بەر خوێندنی حوجرە. نالی زانایەکی مەزن و ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە. بێجگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی بە باشی زانیوە و تەنانەت شیعریشی پێ هۆنیونەوە. بۆ دەکارهێنانی واژە بە مانای جۆراوجۆر کەس ناگاتە نالی. زۆر شیعری وای هەیە کە دوو یا سێ مانای جیاواز دەدات.

ئەو زانایە خزمەتی زۆری بە نەتەوەکەی کردووە. لە ساڵی ١٨٤٨ی زایینی کوردستان جێدەهێڵێت و دەچێتە حەج. دوای تەواوکردنی حەج ڕووی کردۆتە شام. تا ساڵی ١٨٥٤ی زایینی لە شام ژیاوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٣ی زایینی لە شاری ئەستەمبوول کۆچیدوایی کردووە و لە گۆڕستانی قەرەج ئەحمەدی ئەو شارە تەرمەکەیان بەخاک سپاردووە.»

سەرگوریشتەی سەرەوە لە چەن بەشێک پێکهاتووە. وەک: «نالی لە گەورەترین شاعیرانی کوردستانە.» و «نالی ناوی خدرە.» و «ئەو زانایە خزمەتی زۆری نەتەوەکەی کردووە.» و هتد. هەریەک لەو بەشانە واتایەکی تەواویان هەیە. یانی دوای خوێندنەوەی هەر بەشێک کەمێ ڕادەمێنین و مانایەکی تەواو و


Copyright © Kurdi.fi

سەربەخۆ لە زەینماندا خۆ دەنوێنێ، کە تێگەیشتنییان پێویستی بە لێکدانەوەیەکی تر نیە.
ئەگەر بێژین: «نالی لە گەورەترین» و «نالی ناوی» و «ئەو زانایە خزمەتی زۆری»، مانای ڕستەکان تەواو نیە، یانی خوێنەر یان بیسەر چاوەڕێیە کە درێژەی وتەکان ببیسێ، بەڵام هەر ئەوەی کە لە درێژەدا وتمان کە «شاعیرانی کوردستانە.» و «خدرە.» و «نەتەوەکەی کردووە.» مانای ڕستەکان بە تەواوی خۆ دەنوێنن.
هەرکام لەو کۆ وشانە کە خاوەنی مانایەکی تەواو و سەربەخۆن، ناو دەنێینە ڕستە.

- مرۆڤ هەمیشە مەبەستی خۆی بە شێوەی ڕستە دەردەبڕێ.
- ڕستە یەک یان کۆی چەن وشەیە کە پێکەوە پەیامێکی تەواو لە بێژەرەوە دەدەنە بیسەر.
- لە هەر کوێیەک کە ڕستە تەواو دەبێت خالێک دادەنێین.

---

**ڕاهێنان**

* ڕستەی تەواو لە ئاخاوتنەکانی خوارەوەدا دیاری بکە:

1. تێکۆشین بە هیوای هاوسێ وشکە.
2. پرشنگ گوڵ دەڕوێنێ.
3. ئارام دوای بیستنی وتووێژەکە.
4. کرماشان گەورەترین شاری کوردستانە.
5. هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێت.
6. هیوا لە هەولێر.
7. گوێزی هەورامان.
8. باران نمنم دەبارێت.



 Copyright © Kurdi.fi

❋ هەر کام لەم ڕستانەی خوارەوە بە وشەیەکی گونجاو تەواو بکە:

1. نازە یارمەتی .................................................. .
2. دۆشاو لە .................................................. چێدەکەن.
3. نێرگز گوڵێکی .................................................. .
4. ئاشتی .................................................. گەلانە.
5. .................................................. بنووسە.
6. کوردستان مەڵبەندی .................................................. .
7. ئێمە دەبێ بۆ خوێندن .................................................. .
8. ئازادی .................................................. .

---

❋ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

نالی ..................................................

سەربەستی ..................................................

ژیان ..................................................

ئاوات ..................................................

خۆشەویستی ..................................................

کەرکووک ..................................................

مامۆستا ..................................................

قوتابی ..................................................

هێلانە ..................................................

ئاو ..................................................

یار ..................................................


هێزا ..................................................


Copyright © Kurdi.fi

# کورد و زمانی کوردی

ئامادەکار: ڕێواس ئەحمەد
بە هەندێک دەسکاریەوە!

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانەکانی خێزانی ئێرانی کە ئەمیش سەر بە بنەماڵەی هیندو ئەوروپیە. زۆر لە سەرچاوەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کەزمانی کوردی یەکێکە لەزمانەکانی سەردەمی مادەکان.
گرنگترین سەرچاوەی زانیاری لەبارەی زمانی مادەکان کتێبی ئاڤێستایە.




ئەمیرشەرەفخانی بدلیسی نووسەری کتێبی ( شەرەفنامە) نووسیویەتی: هۆزی کورد چوار بەشە و زمان و ئادابیان لەیەکتر جیایە .
یەکەم کرمانج، دوهەم لۆڕ، سێهەم کەڵهوڕ و چوارەم گۆران.

ئەدمۆندس نووسیویەتی کە زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی ئێرانی دێرین و پاشماوەی زمانی مادەکانە کە خاوەنی تایبەتمەندی نایابە و وشە و زاراوەی زمانی ئاریایی دێرینی پاراستووە.

زمانی کوردی خاوەنی چەندین شێوە زاراوە و گەلێك شێوەی جۆر بەجۆرە. گرنگترینیان ئەم شێوانەی خوارەوەن:

1. **کرمانجی ژوورو:** ئەمیش گەلێ شێوەی هەیە لەوانە: بۆتانی بادینانی، بایەزیدی، شەمدینانی، شکاکی، هەرکی، زازایی و قۆچانی. کوردەکانی دانیشتوانی باکورو ڕۆژئاوای کوردستان و بەشێك لەباشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەتر کوردەکانی دانیشتووی لوبنان و ئەو کوردانەی لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاراندا بڵاو و نیشتەجێ بوون بەم شێوەیە قسە دەکەن. کۆنترین بەرهەمێک بەم شێوازە نووسرابێتەوە کتێبی (جلەوو مەسحەفی ڕەش) ی یەزیدییەکانە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا نووسراوەتەوە.

2. **کرمانجی باشوور:** ئەم شێوانە دەگرێتەوە: سۆرانی، موکریانی، بابانی، ئاردەڵان. دانیشتووانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، بانە، سەقز، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، ڕەواندزو پێنجوین بەم شێوازە قسەدەکەن.


3. **گۆرانی:** ئەم شێوانە دەگرێتەوە: هەورامی، ژاوەرۆیی، لهۆنیە و خەڵکی ناوچەی نەوسودو پاوە و تەوێڵە و بیارە بەم شێوازە دەپەیڤن. زۆر لە مێژوونووسان ئەم شێوازە بە شێوازێکی دێرینی زمانی کوردی دەژمێرن، کە ئەم زاراوەیە هەندێ وشەو عیباراتی سەرنجڕاکێشی لەخۆیدا پاراستووە.

4. **لەکی:** خاوەنی چەند شێوەیەکە وەکو: کەڵوڕی، ئیلامی، کووهدەشتی، شیروانی و گەڕووسی. کوردەکانی کرماشان، مایدەشت، شیروانی، قەسری شیرین، هەمەدان، مەندەلی، خانەقین و بەدرە بەم شێوەیە قسەدەکەن.

5. **لۆڕی:** بریتیە لەشێوەکانی فەیلی، بەختیاری، هەفتگلی و سۆسەنگەردی. دانیشتوانی دیزفول، شاری کورد، چوارمحاڵ، پشتکۆ، خورەم ئاوا و ئەلشتە بەم شێوازە قسەدەکەن.

* تێبینی:

ئەم تێکستە لە لایان ماڵپەڕی وانەی کوردیەوە هەندێک دەسکاری کراوە!




- - - - - - - Nizíkí ú Peywendí binzaraweyí
(Influential and inter-Relations bonds)

© Kurdish Virtual Academy of Language